# کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | یەکشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٤ _ ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٥٨ | www.kurdistanukurd.com


## پیرۆزبایی

بەبۆنەی سیو پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم بەڕێوەبەرانی رادیۆی دەنگی کوردستان دەکەین و ماندوو نەبوونی و دەسخۆشی و پێزانینی خۆمان بە هەموو ئەو کەسانەی لە ماوەی ئەم ٣٥ ساڵەدا لەم سەنگەرەدا خزمەتیان بە حیزب و نەنەتەوەکەیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کردوە.

بەهیوای بەردەوامیی ئەم دەنگە، دەنگی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

**پێرسونێل و بەڕێوەبەرانی**
**رۆژنامەی «کوردستان»**



## حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# هێزی پێشمەرگەی دێموکرات، پێویستی بە پشتیوانیو هاوکاریی هەمە لایەنەی ئێوە هەیە

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەندیی سیاسیی کوردو ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەنسوور ئاروەند ئێعدام کرا.**

بە داخێکی گرانەوە ڕادەگەیەنین کە بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەممە ٢٤ی جۆزەردان، مەنسوور ئاروەند، زیندانیی سیاسیی ناسراوو ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەندیخانەی میاندواو ئێعدام کرا. ئەو بەندییە سیاسییە کوردە ٨ی سەرماوەزی ساڵی ڕابردوو، لە ورمێوە بۆ زیندانی مەهاباد ڕاگوێزرا و هەر ئەو کات پێی راگەیەندرا کە حوکمی ئێعدامەکەی پلەیەک تەخفیف دراوەو سزاکەی بووە بە زیندانیی هەتاهەتایی. ناوبراو ڕۆژی ١٧ی بانەمەڕێ ئەمساڵ لە لایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە لە بەندیخانەی مەهابادەوە بۆ بەندیخانەی میاندواو راگوێزرا.

مەنسووری ئاروەند ئەو کوردە نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕە بوو کە بە بۆنەی هەڵوێستو بیروباوەڕی خەباتگێڕانەی، دە ساڵ لەمەوبەر ڕێزەکانی حیزبی دیموکراتی بۆ تێکۆشان هەڵبژاردو لە تەشکیلاتیی نهێنیی حیزب دا دەستی بە کار کرد. دیارە بەر لە پەیوەستبوونی بە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبیش، وەک لاوێکی وەرزشکار و جێگای ڕێزی خەڵک بە تایبەتی لاوەکان، کۆمەڵێک چالاکیی نیشتمانپەروەرانەو ئازادیخوازنەی ئەنجام دابوو.

مەنسوور لەو ئەندامە چالاکانەی حیزب بوو کە بە هۆی هەڵسوورانی بوێرانەی گوڕو تینێکی تایبەتی بە تێکۆشانی تەشکیلاتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بەخشیبوو. لە گەڵ ئەوەی خاوەن ماڵو منداڵ بووو دەشیزانی بە بۆنەی بەرچاوبوونو چالاکبوونییەوە لە ژێر چاوەدێری دایە، لە جێبەجێکردنی ئەرکە تەشکیلاتیو حیزبییەکانی غافڵ نەدەبوو. بە هۆی تێکۆشانی مەنسوور لە ڕێزی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، زۆر لە لاوەکان بوون بە هۆگری ئەم حیزبە و کاتێک لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی بەکرێگیراوانی ئیتلاعات، لە ماڵەکەی خۆی پەلاماریان بردە سەر و گرتیان، ڕێگاکەی بێ ڕێبوار نەماوەو لاوانی هۆگر و هاوڕێی ئاڵای دەستی مەنسووریان بە شەکاوەیی ڕاگرت. مەنسوور بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە بەندیخانەی مە هاباد لە ژێر توندترین ئازار و ئەشکەنجەکان دابوو. هەموو هەوڵی کاربەدەستان ، تێکشکاندنی خۆڕاگریی ئەو لاوەو ناچار کردنی بە داننان بە هێندێک تاوان بوو تا بەم جۆرە ڕێگا بۆ دەرچوونی سزای ئێعدام لە لایەن بێدادگای کۆماری ئیسلامی بە دژی ناوبراو خۆش بکەن و ڕق و قینی خۆیان بەو لاوە شۆڕشگێڕە بڕێژن. سەرئەنجام لە ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٩١ لە لایەن بە ناودادگای شاری مەهاباد بە ئێعدام مەحکووم کرا.

بۆ لاپەڕی ٣



**بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**خەڵکی ئازادیخوازو پێشمەرگەپەروەری کوردستان!**

گرنگیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بووژانەوەی تێکۆشان لە نێوخۆی وڵاتو، حوزووری هێزی پێشمەرگەو تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ناوچە سنوورییەکانو لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بۆ بەرگری لە مافە کانی ئێوەیە، هەر بۆیە بە حەق ، هیواو گەشبینییەکی زۆری لە دڵی ئیوەی پێشمەرگەپەروەرو ئازادیخوازدا پێک هێناوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر وەک بە کردەوەش نیشانی داوە، لێبڕاوە ئەم هیوایە بەهێز بکاو لە پێناوی چالاککردنەوەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەو پشتیوانی لە خۆراگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ستەمو زۆرداریی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر خۆیو کادرەکانو هێزی پێشمەرگەو سەرجەم تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، جێبەجێ بکا. بەڵام ئەم بڕیارە گرنگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بێ پشتیوانیی هەمە لایەنەی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانودلسۆزانی ئەم حیزبەو هیزی پێشمەرگەی دیموکرات ، سەرکەوتوو نابێ.هەر بۆیە داوامان ئەوەیە ئێوەش بەپشتیوانی لە ڕۆلەکانی خۆتانو بە وەڕێخستنی شەپۆلێک لە یارمەتیی ماڵی بە حیزبەکەتان، بە پێشوازی چالاکبوونەوە و بووژانەوەی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەوە وەرن.

**کوردانی ڕۆژهەلاتیی دانیشتووی هەرێمی کوردستان!**

لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، ئێوە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بەشێکی بەرچاوی کوردانی ڕۆژهەلاتیی دانیشتووی هەرێمی کوردستان، ئامادەییەکی شیاوی ڕێزو پێزانینتان بۆهاوکاریی هێزی پێشمەرگە لە خۆتان نیشان دا.

بۆ لاپەڕی ٣



دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆڕی پرسەو ڕێزگرتنی ئەحمەدی قازیدا

٤



قسەکانی قادر وریا لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهید مەنسوور ئاڕوەند

٥



بانێکو دوو هەوا

٦



لاپەڕەی نوێ، بە تیڕامانێکی نوێوە

٧



وەکوو سروەی بەیانانی بەهاری..

١١

## دەربڕینی هاوغەمی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بنەماڵەی مەنسوور ئاڕوەند

بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئێعدامی تێکۆشەری کورد مەنسوور ئاروەند، خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان و بنەماڵەی تێکۆشەران و زیندانیانی سیاسیی کورد، پۆل پۆل بە مەبەستی دەربڕینی پرسە و هاوغەمی سەردانی بنەماڵەی «ئاروەند»یان لە شاری مەهاباد کرد. دایکی شەهید مەنسوور قسە بۆ ئامادەبووان دەکا و باس لە قارەمانی و جوامێری کوڕەکەی بۆ ئامادە بووان دەکا. روو بە هەموو ئەوانە کە خەمبارن بۆ ئێعدامی مەنسوور، ئێعدامی شەهید مەنسووری وەک ئازادیی ئەو لە زیندان پێناسە دەکا و دەڵێ: مەگرین، نیگەران مەبن! کوڕەکەم ئازاد بوو لەو زیندانە! هیوادارم ئێوەش رۆلەکانتان وا باربێنن وەک مەنسوور بۆ کوردستان بژین. سەربەرزم کە دەڵێن مەنسوور لەسەر مافی کورد لە سێدارە دراوە!

لە لایەکی دیکەوە سیروان ئاروەند، برای شەهید مەنسوور ئاروەند لە لێدوانێکدا بۆ راگەیاندنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروا بە ورەی بەرزەوە باسی لە شەهیدبوونی مەنسوور کرد و گوتی؛ کورد بە ئێعدامی ڕۆڵەکانی بە چۆکدا نایەو لە داواو مافەکانی پاشگەز نابێتەوە.



سیروان باسی لە هاوخەمیی بەرینی خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئەم ڕووداوە تاڵەی بەسەر بنەماڵەکەی هاتووە کرد و گوتی؛ «سەرەڕای فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانو ئەو زەبرو زەنگەی خستوویانەتە سەر بنەماڵەکەم، بەڵام هاوسۆزیو هاوخەمیی خەڵکی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ بنەماڵەکەمان کەم وێنە و چاوەڕواننەکراو بووە و باری ئەو غەمە قورسەیان سووک کرد لەسەرمان».

## لە وەرزی گەرمادا ژینگەی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە



**ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی کوردستان خەسارێکی قەرەبوونەکراوی بە ژینگەی کوردستان گەیاند.**

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن لە مانگی جۆزەردان دا بەشێکی بەرچاو لە دار و لێڕەوارەکانی سەر بە شارەکانی روانسەر، جوانرۆ، کرماشان، مەریوان و بانە بەهۆکاری نادیار ئاگریان تێبەردراوە. هەرچەند بە هەوڵی دانیشتوانی دەروروبەر ژینگەپارێز ئاگرەکە کونترۆڵ کراوە، بەڵام خەسارێکی یەکجار زۆر بەر دارستانەکان و ژینگەی ئەو ناوچانە کەوتوە.

# کۆبوونەوەی سیاسی_تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



**فینلاند**

ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ی جۆزەردان کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی لە شاری تورکوی وڵاتی فینلاند بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانو کۆمەڵێک میوانو میدیاکار بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهات،

خالید عەزیزی لەسەرەتای باسەکەیدا بە ئاماژە بەو گۆرانکارییانەی لە ناوچەکەدا هەن، باسیان لەوە کرد کە ئەو ناوچەیەی ئێمەی تێداین لەگەل زۆر قەیرانو گۆرانکاریی ناڕوون بەروروویە، بۆیە ئێمە دەبێ بۆ هەموو ئەو پێشهاتانە خۆمان ئامادە بکەینو بە ئامادەییەوە بچینە نێو گەمەو هاوکێشە سیاسییەکانەوەو؛ لەو پێوەندییەدا پێداگریی لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیاندا بە ئاماژەدان بەو هەڵبژاردنانەی لە تورکیەو باکووری کوردستان هیوای خواست خەباتی مەدەنی کورد لەو بەشە لە کوردستان بەئامانجەکانی خۆی بگاو بتوانن لە گۆرەپانی سیاسیو پارلمانی ئەو وڵاتەدا بە دیالۆگو ئاشتییانە داوا سیاسیو مەدەنییەکانی کورد بێننە گۆڕێو دەستەبەریان بکەن.

خالید عەزیزی لە درێژەی باسەکەیدا بە بایەخەوە باسی لە هەوڵو خەباتی چالاکانی سیاسی ومەدەنی، ژینگەپارێزیو ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، ژنان، لاوان، خوێندکارانو هەموو چینو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستان کرد کە دەتوانن دەوری چارەنووسسازیان لە خزمەت بە نیشتمانو کۆمەڵگاو وەدیهاتنی داواکانی خەڵک هەبێ.

بەڕێزیان لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی چەند مانگی رابردووی سەر سنوور پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە حزوری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی رابردووشدا بە شێوەیکی ئاساییو بە پێی تواناو دەرفەت هەبوەو چوونو حزوور لە هەموو ئەو سنوورانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆمان دەزانین.

بەڕێزیان گوتی ئێمە بە بایەخەوە دەروانینە خەباتی هێزە سیاسییەکان لە باکووری کوردستان، بەڵام پێمان وایە دەستێوەردانو حیزب سازکردن بۆ بەشو پارچەکانی دیکە هیچ خزمەت بە ئەو پارچانە ناکاو ئاستەنگو بەربەستیشیان بۆ دروست دەکا.

پرسی ئەتۆمیی ئێرانو چۆنیەتیی تەعامولی کۆمەڵگای جیهانی لەگەڵ ئێران، سیاسەتو مودیرییەتی قەیرانخولقێنیی ئێران لە نێوخۆی وڵاتو وڵاتانی دراوسێ، پرسی کورد لە ئێرانو دۆخی خەباتی کورد لە ئێران لە بازنەی ڕووداوەکانی ئێستادا تەوەرێکی دیکەی باسەکەی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوون.

# کۆڕیادی شەهید مەنسوور ئاڕوەند لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی کۆڕیادێک یادو بیرەوەریی شەهید مەنسوور ئاڕوەند، تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەرز ڕاگرت.

چوارشەممە، ٢٧ ی جۆزەردان بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بۆ ڕێز گرتن لە تێکۆشانی شەهید مەنسوور ئاڕوەند و یادو بیرەوەرییەکانی ئەو شەهیدە سەربەرزە، کۆڕیادێک لە بنکەی دەرفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بەڕێوەچوو.

کۆڕیادەک بە سروودی ئەی شەهیدان دەستی پێکردو پاشان قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە وتارێکی پێشکێش کرد.

کە دەقی قسەکانی لە لاپەڕی ٤ دایە ......

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا پەیامی لویس ئایالا، سکرتێری ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست بۆ خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ئێعدامی مەنسوور ئاروەند، تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خوێندرایەوە.

لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو کۆڕیادەدا خالید وەنەوشە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەر چۆنیەتیی پێوەندیی تەشکیلاتیی شەهید مەنسوور ئاروەند بۆ بەشداران دوا.

خالید وەنەوشە بە پێداگری لە سەر ئازایەتیو بوێریی شەهید مەنسوور لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکانی گوتی ئەگەر پێشتر مەنسوور هەر ئی بنەماڵەکەی بوو، لە مێژساڵ بوو ڕۆڵەی حیزبی دێموکراتو لە ئەمڕۆوە رۆڵەی هەموو خەڵکی کوردستانە.

خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن شاعیر هەست ناسک ئەحمەد قادری، خوێندنەوەی شێعرێکی نادر قازی بەو بۆنەیە لەلایەن سۆیلا قادریو پەیامی بنەماڵەی شەهید مەنسوور ئاروەند لەلایەن خالید یوسفیو پێشکێشکردنی چەند سروود چەند برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

# کۆبوونەوەیەک لە پارکی شانەدەر بۆ مەحکوومکردنی ئێعدامی مەنسوور ئاڕوەند



ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ ی جۆزەردان لە پارکی شانەدەرو بە دەستپێشخەریی فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان کۆبوونەوەیەک بۆ مەحکوومکردنی ئێعدامی مەنسوور ئاڕوەند، تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهید مەنسوور ئاڕوەند دەستی پێکردو پەیامی بنەماڵەی ئاڕوەند لەلایەن سیروان ئاڕوەند، برای شەهید مەنسور بە تەلەفوون خوێندرایەوە. پاشان بەیاننامەی فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان لەلایەن فوئاد زیندانی، سەرۆکی فیدراسیۆنەوە پیشکەشکرا.

خوێندنەوەی پەیامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر، پەیامی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەلایەن سۆما عەلی، خوێندنەوەی پەیامی " لویس ئایالا " سکرتێری گشتیی ئینتەرناسیونال سۆسیالیست بۆ خالید عەزیزی بەبۆنەی شەهیدکرانی مەنسوور ئاڕوەند لەلایەن پێشەوا عەلیپوور، پەیامی تەڤگەری ئازادی لەلایەن " تارا حسێن" چەند برگەیەکی ئەو کۆڕیادە بوو.ن

لە بەیاننامەی فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستاندا داوا کرابوو حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا خۆیان ڕێک بخەن و چیتر لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ وەڵام نەهێڵنەوە.

## درێژەی: ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئێعدامی مەنسوور ئاڕوەند

ئازارو ئەزیەتدانی مەنسووری ئاروەندو بنەماڵەکەی تەنانەت دوای ئەوەی ئەو بەندییە سیاسییە، حوکمی ئێعدامیشی بە سەردا سەپێندرا، هەر درێژەی هەبوو. هەر جارەی بۆ زیندانێک ڕادەگوێزراو هەر ڕۆژەی بیانوویەکی پێ دەگیرا.بەڵام هیچکات پشتی لە ئامانجەکانی حیزبەکەی و نەتەوەکەی نەکرد.

بە ئێعدام کرانی مەنسووری ئاروەند حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەندامێکی چالاک، بە نرخ و بەوەفاو، خەڵکی کوردستان ڕۆڵەیەکی فیداکار،شۆڕشگێڕو بوێریان لە دەست دا. هەر بۆیە لە قووڵایی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە هاوسەرو یەک بە یەکی ئەندامانی بنەماڵەی ئەو شەهیدە، هەموو خەڵکی مەهاباد و تێکڕای هۆگرانی خەبات و بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دەکەین. بە دڵنیاییەوە تێکۆشەرانی ڕیزە نهێنی وئاشکراکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناوو یادی شەهید مەنسووری ئاروەند دەکەن بە ئیلهام بۆ خەباتێکی شێلگیرانەتر دژی ڕێژیمی دژەکوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سلاو لە گیانی پاکی مەنسوور ئاروەند نوێترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد،

ڕسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی.

**کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٥ی جۆزەرادانی ١٣٩٤**
**٢٠١٥/٦/١٥**

# دیدار و سەردانەکانی شاندی نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر

**سەردانی شاندێکی یەکیەتیی نەتەوەیی کوردستان لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر**



ڕۆژی دووشەممە ١٨ی جۆزەردانی ٩٤ (٨ ی ژوئەنی ٢٠١٥ ) شاندێکی یەکیەتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی غەفور مەخموری، سکرتیری گشتیی ئەو حیزبە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لەلایەن برایم زێوەیی بەپرسی پێوەندییەکان و حەسەن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێکرا .

لە سەرەتای ئەو دانیشتەدا دوو لایەن باسیان لە پێوەندییەکانی نێوانیان کردو لە سەر پەرەپێدانو بەهێزترکردنی ئەم رابیتەیە پێداگرییان کردەوە .

دواتر کۆمەڵێک بابەتو تەوەری پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ئاستی ڕۆژهەڵاتو هەرێمی کوردستان و چەندوچۆنی پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان و بە تایبەت رابردووی هاوخەباتی و هاوسەنگەری باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بڕگە هەستیارو چارەنووس سازەکانی ئەم دوو بەشە هاتنە بەر باس.

**سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بارەگای پارتی گەشەپێدانی تورکمان**

ڕۆژی پێنج شەممە ١٤ی جۆردانی ٩٤ ( ٤ی ژوئەنی ٢٠١٥ ) ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی بارەگای پارتی گەشەپێدانی تورکمان لەو شارەی کردو لە لایەن محمد ئیلخانی، سەرۆکی ئەو حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

سەرەتا نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پیرۆزبایی یادی دامەزرانی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی لە سەرۆکی پارتەکەو ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە کردو هیوای خواست کە پارتەکەیان و گەلی تورکمان لە هەرێمی کوردستان دەگەڵ حیزبو لایەنەسیاسییەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە لە راستای خزمەت بە کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بۆ ئاوەدانیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو مافەکانی مرۆڤ، هەنگاو هەڵێننەوە .

# پەیام بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی رادیو دەنگی کوردستان

٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٤، رادیۆ دەنگی کوردستان پێدەنێتە سی و شەشەمین ساڵی تەمەنی خۆی. بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکێشی خەڵکی بە ئەمەگی کوردستانو، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانو، هۆگرانی ئەم رادیۆیەو، بە تایبەتی هاورێیانمان لە رادیۆ دەنگی کوردستان دەکەین و سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان لە بەڕێوەبردنی ئەرکە پیرۆزەکانیان‌دا، بۆ بە ئاوات دەخوازین.

رادیۆ دەنگی کوردستان لە کاتێکدا دامەزرا کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی خۆی‌دا، قۆناغێکی دیکەی لە خەبات بە دژی کۆنەپەرستی دەست پێ‌کردبوو؛ خەبات بە دژی ڕێژیمێک کە دوای شۆرشی گەلانی ئێرانو، رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، شێوەیەکی دیکەی لە سەرەرۆیی و دواکەوتوویی بە سەر وڵاتدا زاڵ‌کردبوو. ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو هەر زوو دەستی کرد بە سەرکوت و قەڵتوبڕی ئازادیخوازانی کورد و هێرشێکی بەربڵاوی نیزامی و تەبلیغاتی بۆ کوردستان وەڕێخستو، شەڕێکی نابەرامبەری بەسەر گەلی کورد داسەپاند. لەو هەلومەرجەدا حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان هاتە سەر ئەو باوەڕە کە وێڕای بەرگری چەکدارانە لە خەڵک و خاکی کوردستان دەبێ لە بواری تەبلیغاتیش‌دا لە دژی کۆنەپەرستی خەبات بکاو، وێڕای پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماریئیسلامیو، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری سەبارەت بە خۆڕاگری خەڵک و پێشمەرگەی کوردستان، لەباری فکریشەوە گەلی کورد بۆ بەرخۆدان و خەباتێکی بەربڵاو و شوێندانەر ئامادە بکا. هەربۆیە دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩دا، وڵامێک بوو بە پێویستیەکی هەنووکەیی ئەوکاتی جوڵانەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

رادیۆ دەنگی کوردستان هەر زوو لە دڵی خەڵکی کوردستان جێی‌گرتو، بووبە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ وەرگرتنی زانیاری راست و دروست سەبارەت بە خەبات و بەرخۆدانی رۆلەکانی گەلی کورد لە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕاتو، هەروەها خۆڕاگری خەڵکی خەباتگێڕی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم رادیۆیە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا سەرەڕای زۆر تەنگوچەڵەمە و کەندوکۆسپی سەر رێگای، توانیویەتی بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم و بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و کارگێڕانی، ئەرکەکانی خۆی بەجێ‌بگەیێنێو، وەک زمانحاڵی ئەو حیزبە و جوڵانەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمانەکەمان، خۆی پێناسە بکا.

زۆر پێویستەو، ئەرکە لە سەرمان کە لەم بۆنەیەدا یادێک بکەینەوە لە دامەزرێنەرانی رادیۆ دەنگی کوردستان، بە تایبەتی ڕێبەری هەمیشە زیندوو، د. قاسملو کە نەخشێکی بەرچاوی لەو هەنگاوە گەورەیەدا هەبوو، هەروەها کارگێڕانی ئەو دەم هەتا ئێستای رادیۆ دەنگی کوردستان؛ سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو هاورێ لەدەستچوانەی کە لەم رادیۆیەدا خزمەتیان کردووە، دەستخۆشی لەم کادر و پێشمەرگانە بکەین کە لە سەرەتای دەست بە کاربوونی رادیۆ دەنگی کوردستانو، لە قۆناغە جیاجیاکاندا، لە کارەکانی ئەم رادیۆیە و پاراستنی‌دا هەوڵو ماندوویەکی زۆریان بە گیان کڕیو، سەرکەوتنی هەرچی زیاتری ئەو هاورێیانی کە ئێستا لەو سەنگەرەدا خزمەت دەکەن، بە ئاوات بخوازین.

**پیرۆز بێ ٣٥ مین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان، دەنگی حەقبێژی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.**

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان**
**٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٤**
**٢٠١٥/٦/١٧**

# بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی هولەندی حدک لە کۆبوونەوەی حیزبی سوسیالیستی ئەو وڵاتەدا



ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی جۆزەردان، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی هولەند، بە سەرپەرستیی ڕەزا محەمەد ئەمینی، بەرپرسی کومیتە بەشدارییان لە سمینارێکی پارتی سوسیالیستی هولەند کرد کە لە ژێر ناوی کێشەی داعش و مەترسییەکانی ڕێکخرابوو.

لەو سمینارە دا کە چەندین کەس لە ئەندامانی ڕێبەری ئەو حیزبە و کۆمەڵێکی بەرچاو لە پارلەمانتار و کەسایەتی سیاسی هۆڵەندیو بیانیی تێیدا بەشدار بوون، ئاوڕێکی جیدی درایەوە لە چۆنیەتی سەرهەڵدانو گەشە کردنی ڕێکخراوی تێرۆریستی داعشو مەترسییەکانی بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی ئەو تاقمە مرۆڤکوژە بێ بەزەییە. هاوڕێیانی حیزبی بە شێوەیەکی چالاکانە لە باس و خواسەکاندا بەشداریان کرد و ڕاوبۆچی گەلی کوردیان سەبارەت بەو تاقمە و خەبات و خۆڕاگری ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی هێرشی بەربڵاویان بۆ سەر خۆرئاوا باشووری کوردستان خستە ڕوو.

هەر لە پەراوێزی کۆبوونەوەکە دا هاوڕێیانی کومیتەی هولەندی حیزب توانیان لە نزیکەوە لەگەڵ بەڕێز " فان بۆمل" ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە و ئەندامی پارلەمان و یونس گۆران، بەرپرسی کۆمێسیۆنی ڕاوێژکاریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەو حیزبە چاوپێکەوتن بکەن و سەبارەت بە چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە کێشەی کورد و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی ناوچەکە قسە و باسیان کرد.

# پەیامی هاوخەمیی لویس ئایالا، بۆ سکرتێری گشتیی حیزب بەبۆنەی ئێعدامی مەنسوور ئاڕوەند

**لویس ئایالا، سکرتێری ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست بەبۆنەی ئێعدامی مەنسوور ئاروەند، تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەیامێکی هاوخەمیی بۆ خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ناردوە.**



**دەقی ئەو پەیامە بەمجۆرەیە:**

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**هەڤاڵی هێژا، دۆستی خۆشەویست!**

ئێمە بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی لە سێدارە دانی مەنسور ئاروەند، زیندانیی سیاسیی و چالاکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لە ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی مانگی ژووئەن، دوای پشتراست کرانەوەی حوکمی لە سێدارەدانی لە لایەن دادگای باڵای ئێرانمان پێ گەیشت.

من ئێوە لە هاوپشتیی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست لە بەرامبەر نادادپەروەرییەکی وەهادا دڵنیا دەکەمەوە. ئێمە لە تەنیشت ئێوە و گشت ئەو کەسانەی وەک مەنسور ئاروەندین کە لە ئێران هەموو هەوڵ و توانایان بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و مافەکانیان خستۆتە گەڕ.

تکایە پرسە و سەرخۆشیی بێ خەوشی ئێمە بە بنەماڵە، دۆستان و هەڤاڵانی مەنسور لەم ساتەوەختە ڕەشە دا بگەیەنە. یاد و ناوی مەنسور نامرێ و دەبێتە هاندەری خەڵکی تر بۆ خەبات بۆ دێموکراسی و ڕێز بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان.

**لەگەڵ ڕێزی برایانە**
**لویس ئایالا**
**سکرتێری گشتی**
**١٦ی ژووئەنی ٢٠١٥**

## پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# به بۆنەی سەرکەوتنی HDP لە هەڵبژاردنەکانی تورکیەدا

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە دەڕوانێتە ئاکامی هەڵبژاردنە پارڵمانییەکانی تورکیە و بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زیاتری کورسییەکانی پارڵمان لە لایەن کوردەکانەوە لە چاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو. بەم بۆنەیەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە گەلی کورد لە باکووری کوردستان و تێکڕای نەتەوەی کورد بە گشتی و HDP بەتایبەتی دەکەین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زیاتر لە پێشووی دەنگەکان لەم هەڵبژاردنەدا لە لایەن کوردەوە لە چەند ڕووەوە بە گرنگ دەزانێ؛ ئەم هەڵبژاردنە یارمەتی بە قووڵبوونەوە و سەقامگیرتربوونی دیموکراسی لە ناوچەدا دەکا کە گەلی کورد بەشێکە لەم پرۆسەیە. لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێگاچارەی کورد بۆ کێشەکانی بریتییە لە ڕێگای ئاشتییخوازانە و بەکارهێنانی میکانیزمە دیموکراتیکەکان. ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە دەری دەخا کە بە خۆشییەوە گەلی کورد لە تورکیە دەتوانێ لە ڕێگای هەڵبژاردن و خەباتی پارڵمانییەوە لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیدا تێ بکۆشێ. ئێمە بەدەستهێنانی ئەم سەرکەوتنە لەم قۆناغەدا بە ئاکامی خەباتی دووروودرێژی نەتەوەی کورد لەم بەشە لە کوردستان دەزانین. هیواداریـن سـەرجـەم پرۆسـەو ئاکامی هەڵبژاردنەکە خزمەتی پرۆسەی ئاشتی و دیموکراسی و پێکەوەژیانی دادپەروەرانەی جۆراوجۆرییەکان لە وڵاتی تورکیە بکا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی دووبارە، سەرکەوتنی پارڵمانتارانی کورد لە پارڵمانی تورکیەدا لە پێناو خزمەت بە ئامانجی نەتەوەکەیان و بردنە پێشی خەباتی دیموکراتیکی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بە ئاوات دەخوازێ.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٥/٦/٨**

## پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی کۆچی دوایی نووسەر و لێکۆڵەری کورد ئەحمەد شەریفی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی جۆزەردان نووسەر و لێکۆڵەری ماندوونەناسی کورد ئەحمەد شەریفی لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە یەکێک لە ناوەندە دەرمانیەکانی شاری مهاباد کۆچی دوایی کرد.

ئەحمەد شەریفی یەکێک لەو قەڵەم بەدەستە ماندوو نەناسانە بوو کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە پێناو خزمەت بە زمان و مێژووی نەتەوەکەی بردەسەر.

کاک ئەحمەد جگە لە نووسینی چەندین کتێب و سەدان وتار لە بواری مێژووی کوردستاندا ساڵانێکیش لە رادیۆ کوردیی شارەکانی کرماشان، سنە و دەنگ و ڕەنگی مهاباد خزمەتی بە زمان و فەرهەنگی کوردی کردوە.

کۆچی دوایی کاک ئەحمەد شەریفی لە حاڵێکدا بوو کە دلسۆزانی فەرهەنگ و زمانی کوردی هێشتا ماتەمباری لە دەست دانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی نەتەوەکەمان کاک ئەحمەد قازی، بوون.

لە ڕۆژی کۆچی دوایی ئەم گەورە نووسەرانەی نەتەوەکەماندا ئەوەی کە زۆر جێگای داخە و پێویستە ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە ئەم کەسانە کە سامانێکی گەورە و نەتەوەیی وڵاتەکەمانن زۆر بە غەریبی ماڵاوایی لە نیشتمان و نەتەوەکەیان دەکەن و بە شێوەی پێویست ڕێزیان لێ ناگیرێ. هەروەها کۆچی دوایی ئەم کەسانە لە حاڵێکدا کە بۆ خۆشیان کە هەڵوەدا و سەوداسەری ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەیانن، بەداخەوە ئەو ڕۆژە بە چاو نابینن و ئەو ئاواتە گەورەیە لە گەڵ خۆیان دەبەنە ژێر گڵ.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای بەداخ بوونی خۆی لە کۆچی دوایی کاک ئەحمەد شەریفی سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی کاک ئەحمەد و کۆڕی نووسەران و دلسۆزانی فەرهەنگ و زمانی کوردی دەکا.



**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢١ی جۆزەردانی ١٣٩٤**

# ڕاگەیەنراوی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان بەبۆنەی ئێعدامی مەنسوور ئاڕوەند

**بریتانیا**

کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان لە بەریتانیا بەبۆنەی ئێعدامی مەنسوور ئاروەند لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاگەیاندوە.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە ڕاستە لەدەستدانی ڕۆڵەیەکی ئەم نەتەوەیە کەسەرێکی گەورەیە لە خەباتی نەتەوایەتییمان، بەڵام هەرگیز چۆک بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان نادا بەڵکو سورتریان دەکا لەسەر خەبات و بەرخۆدان لە پێناوی بەدیهێنانی حوکمی یاسا، ئازادی، مافی مرۆڤ، ئاشتی و دیموکراتی.

# درێژەی: بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان
# هێزی پێشمەرگەی دێموکرات، پێویستی بە پشتیوانیو هاوکاریی هەمە لایەنەی ئێوە هەیە

کۆمیسیۆنی تەشکیلات، وێڕای ڕاگەیاندنی سوپاسو پێزانینی خۆی بەرامبەر ئەو هاوکاریو پشتیوانییەتان، داواکارو چاوەڕوانە هەموو کۆمیتە حیزبییەکان لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لە گەڵ ئەم کۆمیسیۆنە، لە سەر پشتیوانیو هاوکاریی خۆیان لە گەڵ هیزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەردەوام بن. پێوەندیی بە کوردانی ڕۆژهەڵاتیی دانیشتووی هەرێمی کوردستانو خەڵکی نەتەوەیی، نیشتمانپەروەرو بە هەڵویستی باشووری کوردستانەوە بگرن بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی ئیستادا، بە هاوکاریو یارمەتیی ماڵیی خۆیان، پشتیوانی هیزی پێشمەرگەی دیموکراتو گەشانەوەو بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان لێبڕاوانە لە پێناوی چالاککردنەوەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەو پشتیوانی لە خۆراگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ستەمو زۆرداریی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر خۆیو کادرەکانو هێزی پێشمەرگەو سەرجەم تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، جێبەجێ بکا**

**ڕۆژهەڵاتییەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات!**

دڵنیاین ئێوەی پەڕیوەو دوورکەوتە لە زێدو نیشتمان، وەک خەڵکی بندەستو زۆرلێکراوی نیشتمانەکەتان، بە خۆڕێکخستنەوەو چالاکبوونەوەی خوشکوبرا پێشمەرگەکانتانو حوزووریان لە قوولایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دڵگەرمو هیوادارن. ئێوە زۆربەتان بە ژیانی پێشمەرگایەتی ئاشنانو دەزانن هێزی پێشمەرگە ئەگەر پۆشتەو پەرداخ بێ، چەندە ڕاپەڕو توانای خۆڕاگریو دەسکردنەوەی دەچێتە سەر. دەزانن کە هەڵسووڕانو چالاکیی پێشمەرگە لە سەردەمی ئیستادا، پێویستی بە کەرەستەو کەلوپەلی ئەمڕۆییو مودێڕن هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستییانە، لە ئێوە چاوەڕوانیی هاوکاریی ماڵیی هەیە. ئێوە بە پشتیوانیی ماڵیی خۆتان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەبنە بەشداری پرۆسەی ژیاندنەوەو چالاککردنەوەی خەباتو خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کۆمیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ڕاسپێردراون پیوەندی بە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبو ئێوە ڕۆژهەڵاتییەکانی دۆستو دڵسۆزی ئەم حیزبە لە وڵاتانی خۆیان، بگرنو داوای هاوکاریی ماڵییان لێ بکەن. چاوەڕوانیی ئێمە ئەوەیە هیممەت بکەنو بە دەنگ بانگەوازی هاوکاریمانەوە بێن.

**دۆستانو دلسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات!**

دڵنیاین دەتانەوێ ستەمو زۆرداریو دەستدرێژیو تاوانەکانی هیزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، لە گەڵ وڵامی شۆڕشگێڕانەی ڕۆڵەکانتان لە نێو هێزی پێشمەرگەو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرەو ڕوو بێ،

دڵنیاین پێتان خۆشە گیانی بەرگریو بەرخۆدانو ڕاوەستان بەرامبەر سەرکوتو زۆرداری لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بە هێز بکەنو بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئەوەندە نەتوانن دەستدرێژی بکەنە سەر گیانو کەرامەتی دانیشتوانی ئەو بەشەی کوردستان،

دڵنیاین لە گەڵ بەردەوامیی دەنگو ڕەنگی خۆتان تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ دان بۆ ئەوەی زمانحاڵی خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر وا ستەمو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی کوردستان لەقاو بدا، بۆ ئەوەی هەواڵ و پەیامی سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی ئازادیخوازانە بگەیەنێتە سەرانسەری کوردستان. مانەوەو بەردەوامیی ئەم چرایەی یەکە یەکەی ماڵەکانتان، لە گرەوی یارمەتیی ماڵیی ئێوە بەو تەلەڤیزیۆنە دایە.

دڵنیاین خوازیاری ئەوەن حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئێوە دابێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بگەشێنێتەوە. هەمووی ئەوانە دێنە دی، ئەگەر ئێوەش ئەرکی خۆتان کە لە باری ماڵیو دابینکردنی پێویستییەکانی خەباتو تیکۆشان، یارمەتیدەرو پشتیوانمان بن. ڕۆڵە پێشمەرگەکانتان چاوەڕوانی هیممەتی ئێوەن.

لە ڕێگای پێوەندیگرتن بە کۆمیتە حیزبییەکان لە باشووری کوردستانو وڵاتانی جیهان، لە ڕێگای پێوەندیگرتن بە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزب لە شارەکانی هەرێم، هەر وەها لە ڕێگای پیوەندیگرتن بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبو کوردکاناڵ، دەتوانن ڕێنوێنیی پێویست بۆ گەیاندنی یارمەتییەکانتان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەربگرن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٤**
**٢٠١٥/٦/١٢**

# کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە ئەدیبو نووسەری کورد مامۆستا ئەحمەد قازی

**دانمارک**

کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک، ڕۆژی شەممە، ١٣ ی جۆزەردان بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی نووسەر، وەرگێڕ و ئەدیبی خاوەن هەڵوێستی کورد مامۆستا ئەحمەد قازی، کۆڕیادێکی بەڕێوە برد.

ئەو کۆڕە یادە کە چەندین کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی قازی، نوێنەری حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو کۆمەڵێکی زۆر لە کوردستانیانی دانیشتووی دانمارک و سوید تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا خولەکێک وەستان بۆڕێزگرن لە یادی شەهیدانی سورخەڵاتی گەلەکەمانو مامۆستا ئەحمەدی قازی دەستی پێکرد. پاشان ئەحمەد ڕەحمانی، بەڕێوەبەری بەرنامەکە کورتەیەک لە ژیانی مامۆستا ئەحمەدی قازی خوێندەوەو بە دوای ئەودا پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لایەن ڕەحیم خالیدنژاد، ئەندامی کومیتەی حیزب لە دانمارک پێشکێشی ئامادەبووان کرد.

پاشان پەیامی پرسەو هاودەردی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان خوێندرانەوەو بە دوای ئەو دا ڕەشید قازی، بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی قازی پەیامێکی کورتی پێشکەش کرد.

ڕەشید قازی لە قسەکانی سپاسی گەرمی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد بۆ ڕێکخستنی ئەو کۆڕیادەو پاشان سپاسی حیزب و ڕێکخراوە بەشداربووەکان و هەموو ئامادە بووانی کرد بۆ بەشدارییان لەو کۆڕیادە دا. دواتر ئاوڕی دایەوە سەر ژیانی و بەسەرهاتی مامۆستا ئەحمەد قازی و باسێکی وردی سەبارەت بە چالاکی و هەڵویستی سیاسی، خەباتی مەدەنی و هاوکات هەوڵ و تێکۆشانی ناوبراوو بۆ پەرەپێدان و زیندوو ڕاگرتنی زمانی کورد پێشکەش کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە هەمان ڕێورەسمە دا، ڕێز لە کار و تێکۆشانی نووسەر و ڕۆژنامە نووسی بەناودەنگی کورد، کاک ئەحمەد شەریفیش گیرا کە چەند ڕۆژ پاش مامۆستا ئەحمەدی قازی، ئەویش لە شاری مەهاباد کوچی دوایی کرد.

ئەو حیزبو ڕێکخراونەی کە بەشدار کۆڕی پرسەکەیان کرد و پەیامیشیان ناردبوو بریتی بوون لە:

- پارتی دێموکراتی کوردستان
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆران
- حیزبی شیوعی کوردستان
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە دانمارک
- ئینسیاتیفی کورد لە دانمارک

## پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی کۆچی‌دوایی نووسەر، وەرگێڕو ڕۆژنامەنووسی بەخزمەت ئەحمەد قازی

ڕۆژی یەکشەمە ١٧ی جۆزەردان، کەسایەتیی نیشتمانپەروەرو پڕ خزمەت، ئەحمەدی قازی لە تەمەنی ٧٩ ساڵی دا، بە داخەوە کۆچی‌دوایی کرد.

ئەحمەدی قازی کە لە بنەماڵەی بەناوبانگی قازییەکان بووو باوکی، ئامۆزای پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان بوو، ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی لە ئاوایی قازیاوای مەهاباد هاتبووە دنیا. کاک ئەحمەد دوای تەواوکردنی سەرکەوتوانەی قۆناغی بەرزی خوێندن لە زانکۆی تاران‌و وەرگرتنی لیسانس لە زمانی ئینگلیزی‌دا، ڕووی کردە کاری مامۆستایەتی. هاوکات وەک کۆمەڵێک لە فەرهەنگیانی دۆست‌و هاوڕێی ئەو سەردەمەی کە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، تێکۆشانی خەباتکارانەو نیشتمانپەروەرانەی لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا بردە پێش. ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی بە تاوانی تێکۆشانی حیزبی‌و سیاسی، لە لایەن ساواکەوە گیراو، چوار ساڵ لە بەندا مایەوە.

دوای ئازادبوون لە بەندیخانە درێژەی بە خزمەتە فەرهەنگییەکانی دا. بە دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەحمەدی قازی جارێکی دیکە دەرفەتی بۆ هەڵکەوتەوە تا لە ڕاستای ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا، توانای فکری‌و لێهاتوویی ڕووناکبیرانەی خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەو نیشتمانەکەی بە کار بێنێ. لە دوای سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەو دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات، کاک ئەحمەد بوو بە هاوکارو هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ڕێبەریی حیزب تا ڕادەیەک کە بە ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات هەڵبژێردرا. ئەو بە قەڵەم‌و فکرو زمان‌و توانای دەوڵەمەندی خۆی، یارمەتیدەری نزیکی سکرتێری گشتی‌و دەفتەری سیاسیی حیزب لە قۆناغێکی هەستیاری سیاسی‌دا بوو. لە دانوستانەکانی نێوان هەیئەتەکانی حیزبی دیموکرات‌و تاران، لە نووسینی ئەدەبیاتی سیاسی‌و ئامادەکردنی گەڵاڵەی جۆراوجۆرداو لە هەر بوارێکدا کە حیزب پێویستی پێ باو ئەو لە توانای‌دا هەبا، یارمەتیی ڕێبەیی حیزبەکەی دەکرد. لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاوییش‌دا، کە نەیتوانی تێکۆشان‌و خەباتی سیاسی لە چیاو لە دەرەوەی شارەکان درێژە بدا، گەڕایەوە سەر خزمەتە فەرهەنگییەکانی‌و خەرمانی وەرگێڕان‌و نووسینەکانی دەوڵەمەند کرد.

دوای کۆچی‌دوایی مامۆستا هێمن، ئەرکی بەرپرسایەتیی گۆڤاری سروەی گرتە ئەستۆو بۆ ماوەی نزیک ٢٠ ساڵ، ئەو ئیمکان‌و دەرفەتە بەرتەسکەی بۆ خزمەتی زمان‌و ئەدەبی کوردی‌و پێگەیاندنی نەسڵێکی نوێ لە هۆگرانی زمان‌و فۆلکلۆرو مێژووو ئەدەبی کوردی تەرخان کرد.

مامۆستا ئەحمەدی قازی لە ژیانی فەرهەنگیی‌و ڕۆژنامەنووسیشی‌دا، سەرەڕای بارودۆخی نالەباری سیاسی‌و ئەو گوشارانەی کەسایەتییە فەرهەنگییەکان لە ئێران لە گەڵیان بەرەوروون، هیچ کات نەک هەر پشتی لە گەلەکەی نەکرد، بەڵکوو هەوڵی دا لە سەنگەری کاری فەرهەنگیشەوە خزمەت بە نەتەوەو نیشتمان‌و بیری پێشکەوتوانەو مرۆڤدۆستانە بکا. لەو دەرفەتانەش‌دا کە کاتی سەفەر و هاتوچۆ بۆ هەرێمی کوردستان بۆی دەرەخسا، لە دیداری کەسایەتییەکانی حیزبی دیموکرات‌و نیشاندانی دڵسۆزی‌و هاوپێوەندی لە گەڵ ئەم حیزبەو خەباتەکەی درێغی نەدەکرد.

بە کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەدی قازی، کوردستان کەسایەتییەکی پڕ خزمەت‌و، حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و تێکۆشەرە دیارو دێرینەکانی دیموکرات، دۆستێکی دڵسۆزو بەنرخی خۆیان لە دەست دا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ئەم خەسارە گەورەیە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا ئەحمەد قازی‌و هەموو قازییەکان، هەروەها سەرەخۆشی لە تێکڕای هۆگرانی خزمەتە فەرهەنگییە بەنرخەکانی ئەو مامۆستایە دەکا.



دەفتەری سیاسیی
حیزبی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٥/٦/٨
١٣٩٤/٣/١٨

# دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە کۆڕی پرسەو ڕێزگرتنی ئەحمەدی قازی‌دا



**سڵاوتان لێ بێ بەڕێزان!**

هەمووتان بەخێر بێن بۆ ئەو کۆڕیادە کە بەبۆنەی لەدەستدانی ئەدیبێکی گەورە و نیشتمانپەروەرێکی گەورەی کورد، کاک ئەحمەدی قازی پێک هاتوە.

بەخێرهاتنی هەمووان دەکەم بەتایبەتی بەخێرهاتنی برای بەڕێز کاک عەلی قازی (کوڕی ڕەش) یادگاری پێشەوا قازی محەمەد دەکەم . لە گەڵ ئەوەی موناسەبەتەکە تاڵ بوو بەڵام فرسەتێکی باش بوو کە لەو بۆنەیەدا جەنابی لێرە بوو بۆ ئەوەی ئێمە هاودەردی لە گەڵ ئەو بکەین‌و ئەویش هاودەردی لە گەڵ ئێمە بکا چونکی وەک دەزانین کاک عەلی‌و کاک ئەحمەد بن‌ئامۆزای یەکترن.

ئەوەی لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسی‌دا هاتبوو لە باسی کاک ئەحمەدی قازی‌دا لە کوللیات‌دا شتێکی بۆ من نەهێشتۆتەوە کە باسی بکەم، بەڵام ڕەنگە ئەمن لە دیدگایەکی دیکەوە هێندێک وردتر بچمە نێو باسەکە: وەک گوترا کاک ئەحمەد ئەدیبێکی گەورە و ئینسانێکی کۆمەڵایەتیی گەورە بوو. نە تەعریفەو نە تەعاروفەو نە موجامەلەیە ئەگەر بڵێین بنەماڵەی قازییان نەک‌هەر لە مەهاباد بەڵکوو لە موکریان‌و دواتر لە کوردستانیش بنەماڵەیەکی گەورەو بەڕێزو بۆ هەمووان ناسراون ، بەڵام ڕەنگە زیادم نەگوتبێ ئەگەر بڵێم بنەماڵەی «قازی کەریم»ی بابی کاک ئەحمەدی قازی لە هێندێک شت‌دا بۆخۆیان ئیستیسنا بوون. هونەر، ئەدەب، شێعر، هونەر بە هەموو مەعناکانیەوە لەو بنەماڵەیەدا زۆر ناسراوە. برا گەورەی کاک ئەحمەدی قازی کە وابزانم سێ ساڵ بەر لە ئێستا فەوتی کرد، کاکە ڕەحمانی قازی ڕەسامێک یان نەقاشێک بوو کە تابلۆکانی لە ڕیزی تابلۆ نازدارەکان‌و ناسراوەکان‌دا دەناسران، خەتخۆشێک بوو، بە خەتی خۆی قورئانێکی نووسیەوە کە وەختی خۆی ویستیان گوایە لێی بکڕن. ئەووەختە حەوت تمەن بە دۆلارێک بوو، پێنج ملیۆن تمەنیان دا نەیدا. ئێستا شتێکی بەنرخە و لەو شتە نەفیسانەیە کە دەبێ لە مووزەدا ئیشەڵڵا لە مووزەی کوردستان‌دا بپارێزرێن. براکانی دیکە هەموویان خاوەنی بەهرەی ئەدەبی‌و سیاسین شەخسیەتی گەورەی کۆمەڵایەتین‌و بە خۆشیەوە هەمووشیان لە نزیکان‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن. لە بارەی هاوکارییەکانی دەگەڵ حیزبی دێموکڕات باس‌کرا ئەمن پێم خۆشە تەوزیح بدەم کە کاک ئەحمەد لە ئەندامانی هەرە کۆنی حیزبە، ئەوساڵەی بۆ گیرانەکەی باس کرا ئەوەندەی من لە بیرم بێ ورد نیە ساڵی ١٣٤٣ کە دەکاتە ١٩٦٤ی زایینی گیرا، نەک ٤٦ کە دەکاتە ٦٧. لە زیندانیش‌دا ئەو پیاوە نموونەی موقاوەمەت بوو لە عەینی حاڵ‌دا کە بۆ خۆی موقاوەمەتی دەکرد، بۆ ڕەفیقە زیندانیەکانیشی ورە بوو، ڕۆحیە بوو، مامۆستا بوو.

کاتێک بزووتنەوەی گەلانی ئێران بە سەر ڕێژیمی پاشایەتیدا سەرکەوت‌و حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ئێعلان کرد خەباتی ئەحمەدی قازییش لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات‌دا ئاشکرا بوو. دەنا هیچ وەختێک پێوەندیی لەگەڵ حیزب نەپچڕا. ڕەنگە کەمێکی موجامەلە تێدا بێ، سێ عونسوری چالاکمان هەبوون جەلیلی گادانی‌و سادقی شەرەفکەندی‌و ئەحمەدی قازی کە پێوەندییان هەمیشە بەردەوام بوو، بەڵام ئەوجار کە خەباتەکە ئاشکرا بوو ئەو پیاوە زۆر بە بەهرە بوو. ئەمن شانازیی ئەوەم هەبوو کە ماوەیەکی بەداخەوە کورت، کەمتر لە ساڵێک لە ڕۆژنامەی کوردستان‌دا دەگەڵی بووم. بۆ نووسین، بۆ تەرجەمە بە فارسی، لە فارسییەوە بۆ کوردی،



بەتایبەتی بۆ ئەو بابەتانە کە دەمانویست بە زمانی خارجی بڵاو ببنەوە، بەیاناتێک کە دەردەچوون ئەحمەدی قازی تەنیا سەرچاوەمان بوو لە دەستەی نووسەران‌داو سەرچاوەیەکی زۆر بە خێرو بێریش. چونکی -ڕەنگە کاک فەتاح کە هاوکلاسی بووبێ بزانێ- ئینگلیسی‌زانێکی زۆر بەتواناش بوو. هەر فارسی‌و کوردیی نەدەزانی.

پێم خۆشە ئەوەی لێرە گوترا ئەمن دووپاتەی بکەمەوە کە ئەحمەدی قازی لە کارەکانی حیزبی‌دا لە هەموویان‌دا بە تەئسیر بوو. ئەگەر ئەوانەی ئەو وەختی لە مەهاباد بوون لە بیریان بێ دوکتورقاسملوو وەکوو ڕێبەری حیزب، ڕێبەرێکی ناسراوو خۆشەویستی حیزب لە هەرکوێ بوو ئەحمەدی قازی دەگەڵی بوو چونکی بە حەقیقەت دەیتوانی کۆمەگی فیکری‌و سیاسی بکا. کە بە مشاوری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا ( زۆرجار مشاوری پۆستێکی بڵێین تەشریفاتییە ،هەربۆ ئیحترام لە خەڵکەکەی دەبێ) بەڵام ئەو مشاوربوو بۆ ئەوەی بەڕاستی مەشوەرەت بدا بۆ ئەوەی ئیدە بدا.

ئەمن دووجار بۆ کاری گەورە لە خزمەت کاک ئەحمەدی قازی‌دا بووم، جارێکیان کە هەیئەتێکی شەش نەفەریمان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چووبووین بۆلای سەرکۆماری تازەهەڵبژێردراو بەنی سەدر، جارێکیشیان دواتر بە ماوەی نزیک بە ساڵێک لە هەیئەتێکی سێ نەفەری‌دا کە کاک ئەحمەدی قازی بوو برادەرێکی دیکەمان بوو -لە دەرێیە ناوی بەرم خەراب نییە- کاک موهندیس ئاریا کە هاوڕێیان زۆریان دەیناسن، چوین بۆلای آیت‌الله خومەینی. ئەوتەرحی مەشهووری شەش مادەیی کە بە دوای گەڵاڵەی بیست‌و شەش مادەیی‌دا هات، ڕاستە بە کۆمەگی هەمووان گەڵاڵە کرا، بەڵام فۆرموڵە کردنی، کردنی بە فارسی، بە فارسیەکی شیواو جوان کاری ئەحمەدی قازی بوو.

لە خزمەتە ئەدەبیەکانی پیاو نازانێ باسی چی بکا. ئەسەری زۆر بەناوبانگ و بەڕاستی سەختی سیروانتس، (دونکیشۆت) تاپێش ئەحمەدی قازی کەس نەیوێرابوو خۆی لێ‌بدا، ئەحمەدی قازی لە ماوەیەکی کەم‌داو بە شێوەیەکی عالی کردی بە کوردی. لە نووسین‌دا بەتایبەتی لە نووسینی تەنزدا ئەوەی پێی دەڵێن «هەزەڵ» دەکرێ بڵێم تا ئێستاش ئەحمەدی قازی نەبووەتە دوو هەر ئەحمەدی قازییە، ڕەنگە لێرە ئەوانەی ئەم بەرهەمانەیان خوێندوونەوە کەم بن. بە وتار یان جاروبار بە کتێب وەکوو( باقەبێن). باقەبێن وەختی خۆی بەجۆرێک، هێندێک کەس ئیرادیان لێ گرت کە ئەوە لە ڕوانگەیەکی تەبەقاتییەوە نووسراوە. بەڵام کاک ئەحمەدی قازی ڕاستە بۆ خۆی لە بنەماڵەیەکی گەورە بوو، لەوانە نەبوو کە لە سەرەوەڕا تەماشای چینەکانی خوارەوە بکا، بەڵکوو دەگەڵیان بوو، خەباتی بۆ دەکردن لە گەڵیان دەژیاو دەیویست دەگەڵیان بمرێ. کارەکانی لە سروەدا، ڕاستە پێشەنگەکە ڕەحمەتی مامۆستا هێمن بوو بەڵام بە ئاکامگەیاندنەکەی کاری کاک ئەحمەدی قازی بوو چونکی کاک ئەحمەدی قازی ماوەیەکی زۆرتر، زۆر زۆرتر، نزیک بە دە بەرابەری مامۆستا هێمنی کاری تێدا کرد.

حەز دەکەم باسی ئەوەی بکەم کە وەختێکی بونگای سەلاحەددینی ئەییووبی دانرا هێندێک لە خۆمان، لە سیاسییەکان، لە حیزبە سیاسییەکان هجومیان بۆ کرد تەنانەت ئەگەر بە پارێزیش بووبێ ئەوانە کە هاوکاریی بنکەی سەلاحەددینی ئەییووبی‌یان دەکرد -کە سروەش لەوێ دەردەچوو- ئەوانەیان بەوە تۆمەتبار کرد کە خزمەتی ڕێژیم دەکەن. بەڵام ئەمن سەربەرزم کە حیزبی دێموکرات بۆچوونێکی دیکەی هەبوو. هەر ئەو وەختی نووسی کە ئەوە خێری ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی نیە، ئەوە دەسکەوتی خوێنی شەهیدانە، هەرپاڕاگڕافێک کە دەنووسرێ لوێچێک خوێنی شەهیدانی بۆ ڕژاوە، تەشویقی کردن کە لەو ڕێگایەدا بەردەوام بن. بەڕاستییش هەم سروە، هەم نووسینەکانی دیکە کە وەک کتێب دەردەچوون و هەم دوای ئەوانیش کە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچوون یەکجار سەربەرز بوون. لە بیرمە کاتێک لێرە لە دەورانی دەوڵەتی بەعسی‌دا گۆڤارەکان دەردەچوون چوار پێنج لاپەڕەی ئەووەڵ دەبوو بە ئەحمەد حەسەن بەکرو بە سەدام حوسێن هەڵ بڵێن. ڕووناکبیرەکان دەیانگوت بابە ئەو چوارپێنج لاپەڕە پاسپۆرتی ئەوی دیکەیە، ڕاستیشیان دەکرد. دەبوو ئەوەندە هەبێ تا بتوانن مەتالیبی دیکە بڵێن. بەڵام سروەو سروەیی‌یەکان تەنانەت ئەوەشیان هەر نەکرد. تەنیا لە لاپەڕەی دووهەمی بەرگدا هەرجارەی شێعرێک یان بابەتێکی ئایینی‌یان دەنووسی، دەنا لە یەک کەلیمەش‌دا بە ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی‌یان هەڵ‌نەگوت.

ئەمن پێم وایە بە مردنی هەرکامێکمان، هەر شەخسیەتێکمان لە هەر بوارێک‌دا، نابێ‌و ناکرێ کاروانەکە ڕاوەستێ. کاروانی ئەدەبی کوردی ئەگەر بە مردنی خانی‌و جزیری‌و بێسارانی‌و مەولەوی‌و نالی‌و ناری‌و گۆران‌و تۆمارێکی الحمدولله دوورو درێژ ڕانەوەستا، بە مردنی کاک ئەحمەدی قازییش هەر نابێ ڕاوەستێ. بەتایبەتی کە هێمن‌و ئەحمەدی قازی سروەیان کردە قوتابخانەیەک کە زۆر قەڵەمی تازەی پێ‌گەیاندن، بەقەد هەموو ئەوانە و چەند بەرابەری ئەوانە کە لە پێش‌دا دەیان‌نووسی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکیان پێ گەیاند. تەبیعەتەن ئەوانە توانایان هەبووە، بەڵام ئەوە ئەوەڵین مەکتەب بوو کە بۆیان کرایەوە. بۆیە ئەمن ناڵێم جێی ئەحمەدی قازی خاڵی‌یە، بەڵام دەڵێم جێی ئەحمەدی قازی تا ئەدەبیاتی کوردی هەیە کە ئیشەڵڵا هەر بەردەوام دەبێ هەمیشە دیارە. چونکی ئەوانەی بەرهەمی ئەحمەدی قازیان دیوە یان لەمەودوا دەیبینن، دەبینن کە ئەحمەدی قازی لە زۆربارەوە مامۆستایە. لە زۆر بوواردا شتی پێیە، لە مەعنا،لە زمان ،لە داڕشتن، لە هەمووی ئەوانە کە دەبنە ستاتیکای نووسینێکی جوانی کوردی یان فارسی یان زمانێکی دیکە. لە باری سیاسییشەوە هەروەک لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسییش‌دا ئیشارەی پێکرابوو کاک ئەحمەدی قازی لە ئێمە نەبڕا. بێجگە لە پێوەندی مەعنەوی کە هەیبوو، ئەو جارانە کە هاتوچۆی ئێرەی دەکرد کە زۆرجاریش بوون، -ئێستا کە وەفاتی کردوە دەکرێ پیاو بیڵێ- ئەمن پێم شک نایە هاتبێتە باشووری کوردستان‌و بێ پێوەندی لەگەڵ ئێمە گەڕابێتەوە. هەمیشە دوور لە چاوی چاوو گوێکانی جمهوری ئیسلامی ئێمەی دەدی تەنانەت دەهاتە ئێرەش، دەهاتە نێویشمان. لەوەش گەڕێ کە ئەو، خەتە فکری‌یە کە ئەو بە تەبعیەتی ئەو ئەوانی دوای ئەویش گرتبویانە پێشێ لە خزمەت بە زمان‌و ئەدەب‌و قەزیەی میلەتی کورددا بوو. ئەمن بەش‌بەحاڵی خۆم ڕەنگە کەمم خوێندبێتەوە بەڵام ناتەبایی‌یەکم لەگەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدا نەدیون. بۆیە ئەمن ناڵێم حیزبی دێموکرات دۆستێکی لە دەست‌دا دەڵێم کورد شەخسیەتێکی گەورەی لە دەست‌دا و حیزبی دێموکرات ئەندامێکی بەوەفای لە دەست‌دا. ئەحمەدی قازی قەت لە ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات نەکشاوەتەوە، بەڵام شەرایەتی ژیانی ئەوەیە کە ناتوانێ ئەندامێکی چالاک‌و ئاشکرا بێ. لەوەش موهیم‌تر جامیعەی فەرهەنگی، جامیعەی ئەدەبیی کوردستان لە ڕۆژهەڵات‌و هەموو بەشەکانی کوردستان بەڕاستی گەورە قەڵەمێک‌و گەورە نووسەرێکیان لە دەست‌دا. ئەمن ئارەزوو دەکەم و هەرواش دەبێ، ئیشەڵڵا ڕێگای ئەحمەدی قازی لە هەموو بوارەکان‌دا لە سیاسەت، لە ئەدەب، لە مەسائیلی کۆمەڵایەتی‌دا بەردەوام دەبێ.

ئیزن بدەن بەناوی خۆم‌و بەناوی ئێوە بەڕێزانیشەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە چووکەکەی، لە بنەماڵەی گەورەی قازی‌یان، لە خەلکی مەهابادو لە جامیعەی ئەدەبیی کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوە بکەم‌و تەمەنی درێژو بەردەوامی بۆ ئەوانەی دوای ئەو لە ژیان‌و خەبات‌دا ولە کاروخزمەتەکاندا بە ئاوات دەخوازم. زۆر سپاستان دەکەم.

**پیادە کردنی دەنگ: ڕزگار مستەفایی**

# قسەکانی قادر وریا لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهید مەنسوور ئاڕوەند



**خوشک و برایانی بەڕێز! هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

بەخێر بێن بۆ کۆڕی ڕێزگرتن‌و یادکردنەوەی تازەترین شەهیدی ڕێگای ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید مەنسووری ئاروەند.

وەک ئاگادارن ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو ٢٤ی جۆزەردان، کۆماری ئیسلامی، یەکێکی دیکە لە بەندییە سیاسیەکانی کورد، یەکێکی دیکە لە شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەمانی - ئەمجارەیان لە بەندیخانەی میاندواو- ئیعدام کرد. وەک هەمیشەش بێ ئەوەی بیروڕای گشتی بزانێ، بێ ئەوەی ناوەندە خەبەرییەکان، بێ ئەوەی میدیاکان، بێ ئەوەی بنەماڵەکەی لێی ئاگادار بن‌و، دوای ئەوەی کە گیانی لە شەهید مەنسووری ئاروەند ئەستاند، ئەمجار پێوەندییان بە بنەماڵەکەیان گرت‌و گوتیان ڕۆڵەکەیان لێ ئیعدام کردوون.

لێرە کۆبوینەوە تا ڕێز لە تێکۆشەرێک، لە قارەمانێک، لە هەڵسووڕاوێکی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بگرین کە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا، هەموو توانای خۆی بۆ نیشاندانی وەفاداری بە حیزبی دێموکرات، بۆ کارکردن لە پێناوی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تەرخان کرد.

بۆ ئەوانەی ئاگادار نین مەنسوور کێ بوو- ئەگەر چی بە بۆنەی موقاوەمەتی لە زینداندا، بە بۆنەی مەحکوومکرانی بە ئیعدام تا ڕادەیەکی زۆر بۆ بیروڕای گشتی‌و بۆ خەڵکی کوردستان ناسراو بوو، مەنسووری ئاروەند لاوێک بوو کە ساڵی ١٣٥٤ لە مەهاباد لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا، لە دایک ببوو. خوێندنی تا دیپلۆم خوێندبوو، بە هۆی عەلاقەیەکی زۆری بە وەرزش‌و بە هۆی وەرزشکاربوونی، هەر وەها بەو هۆیەوە کە دەیهەویست لاوانی کوردستان لە جیاتی ڕووکردن لە ئیعتیاد، لە جیاتی ئەوەی کە لە داوی ئەو ئینحرافاتە کەون کە ڕێژیمی جمهوریی ئیسلامی بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەرەیان پێ دەدا، بۆ ئەوەی ئەوان جەزبی فەعالیەتی سالمیان بکات، باشگایەکی وەرزشیی پێک هێنابوو. بە هۆی خۆشەویستیی خۆی‌و بە هۆی پێکهێنانی ئەو باشگایەوە، بە هۆی بایەخدانی بە پەروەردەی جەستەیی‌و ڕۆحیی لاوان، خەڵکێکی زۆر لە لاوانی مەهاباد ڕوویان لە باشگاکەی کردبوو. ئەویش بە ئاگاهییەوە ئەو کارەی دەکرد، دەیویست لاوەکان لە باری جەستەییەوە، لە باری ڕۆحی‌و لە باری فکرییەوە ئینسانێکی سالم بار بێن‌و خۆیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەیان تەرخان کەن نەک بکەونە داوی کۆماری ئیسلامی‌و پشت لە نەتەوەکەیان بکەن. هەر ئەمە بۆ خۆی کاربەدەستانی ئیتلاعات‌و داموو دەزگاکانی ڕێژیمی ئێرانی لەوە نیگەران کردبوو کە کەسێک خاوەنی ئەو خۆشەویستییەو ئەو کەسایەتییە بێ، دەتوانێ خەڵکێکی ئاوا لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە.

زیاتر لە ١٠ ساڵ لەمەوبەر، لە سەرەتای هەشتاکانی هەتاوی، مەنسوور ئاروەند پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت‌و بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات. هەتا ئەوکاتەی گیرا ئەوەی بۆ حیزبی دێموکرات لە دەستی دەهات دریغی نەکرد. لەو ساڵانەی دواییدا بە ڕادەیەک هەڵسووڕ بوو کە کۆمسیۆنی تەشکیلات پێشنیاری ئەوەی کردبوو وەکو کادرێکی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ بێ کە بە داخەوە گیراو ئیدی نەکرا یا نەیتوانی ئەوخزمەتانەی لە دەستی دێ ئەنجامیان بدا.

**به بڕوای من شەریفترین ئینسانەکان، سەربەرزترین خەباتکاران ئەوانەن کە بە چەک دیفاع لە میللەتەکەی خۆیان دەکەن، چونکە ناچار کراون کە چەک هەڵبگرن**

ساڵی ٩٠ گیرا، بەهاری ساڵی ٩١ حوکمی ئیعدامی درا، لەگەڵ ئەوەی کە حوکمی ئیعدامی درابوو لە زیندانیش‌دا نموونەی خۆڕاگری بوو، مایەی دڵگەرمیی زیندانیانی دیکە بوو، ئەوانەی کە لە گەڵی لە بەندا بوون دەزانن چ ئینسانێکی خۆڕاگر بوو، چۆن زیندانیەکانی دیکەی بۆ خۆڕاگری، بۆ سەردانەنواندن هان دەدا. لە حاڵێکدا کە حوکمی ئیعدامیشی درابوو بەردەوام خۆی‌و بنەماڵەکەی لە ژێر ئەزیەت‌و ئازاردا بوون، چونکە حازر نەبوو تەسلیمی ویستەکانیان بێ. زۆرجار بیانوویان پێ دەگرت، هەرجارەی لە زیندانێک ڕایان دەگرت. ساڵی ڕابردووش بە هۆی نفووزو خۆشەویستییەک کە لە نێو بەندییەکاندا هەیبوو، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە مانگرتنی بەندییە سیاسیەکان لە ورمێ هەبوو، لەوانیان هەڵوارد، هێنایەنەوە بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی لەناو زیندانییەکانی دیکەدا نەبێ‌و نەتوانێ ئەو کاریگەریەی هەیەتی لە سەر ئەوان بینوێنێ. تەنانەت ئەوەشیان بڵاو کردەوە کە حوکمی ئیعدامەکەی دەرەجەیەک تەخفیف دراوە، بەڵام ئەو بۆخۆی زۆری باوەڕ بەوە نەبوو کە حوکمی ئیعدامی تەخفیف درابێت.

ئەوەندەی مەجالی پەیوەندیی بە خزم‌و کەس‌و بنەماڵەو دۆستانیەوە دەبوو، وەفاداریی خۆی بە حیزبەکەی‌و بە ئامەنجەکانی نیشان دەدایەوە. لە گەڵ ئەوەی دەزانین کەسێک کە لە زیندان دایە چاوەڕوانکراوە کە جمهوری ئیسلامی هەموو توانای خۆی بە کار بێنێ بۆ وەی شتی بە سەردا بسەپێنێ، بۆ ئەوەی بەشی ئەوەندەی ئیعترافی لێ وەرگرێ کە بە ناو دادگاکانی ئەو ڕێژیمە توندترین حوکمی لە سەر دەر بکەن. ئەوان کە ڕقێکی زۆریان لە مەنسوور هەبوو، هەموو هەوڵی خۆیان دا کە ئەوەندەی فشار بۆ بێنن، ئەوەندی ئیعتراف پێ بکەن یا بەڵگەی لێ بستێنن کە دوایە بیکەن بە سەنەدێک بۆئەوەی لە دادگادا حوکمی ئیعدامی پێ سادر بکەن‌و بەمجۆرە داخی خۆیانی پێ بڕێژن. بەڵام ئەو، چونکە ئامادە نەبوو دژی نەتەوەکەی خۆی ، دژی هاوڕێیانی خۆی بوەستێ، ئامادە نەبوو ئەو نهێنیانەی لە سینگی‌دا بوون بیاندرکێنێ، سەرەنجام داخی خۆیان پێی ڕشت‌و لە بنەماڵەکەیان، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و لە نەتەوەکەیان‌ئەستاندو شەهیدیان کرد.

ئەوەندی دەگرێتەوە سەر کۆماری ئیسلامی، ئیعدام شتێکی تازە نییە، ئێعدام لە گەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا لە دایک بووەو پێشم وایە تا ئەو ڕێژیمە لە سەر کار بێ، درێژە بە ئیعدام دەدا، چونکە ئەو ڕێژیمە بناغەی دەسەڵاتی خۆی لە سەر دابین کردنی ڕەزامەندیی خەڵک دانەڕشتوە، ئەو ڕێژیمە دەیهەوێ بە هەر قیمەتێک بمێنێتەوە، جا ئەگەر ئەو قیمەتە ئیعدامی هەموو ڕۆژەی لاوان لە کوردوستان‌و لە سەرانسەری ئێران بێ، دریغی نەکردوە. ئیعدام بەشێکە لە هوویەتی جمهووری ئیسلامی، هەر بۆیەشە لە ئاستی دنیادا پلەی یەکەمی هەیە لە ئیعدامی لاوان‌دا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەلیلی ماهییەتی دیکتاتۆرانەو دژی ئینسانی‌و کۆنەپەرستانەی لێی چاوەڕوان دەکرێ کە لە داهاتووش‌دا لاوان بە تایبەتی لە سەر خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی ئیعدام بکا. ئەوەش کە

**به درفەتیشی دەزانم کە بڵێم بەڕابردووترین تێکۆشەران، بەندییە سیاسیەکانی ئێران، ئەوانەن کە سەر بە حیزبی دێموکراتن**

دەگەڕێتەوە سەر گەلی کورد وحیزبی دێموکرات، گەلی کورد لە یەکەم نەتەوەو یەکەم پێکهاتەکانی ئێرانە کە سەری بۆ کۆماری ئیسلامی دانەنواند، چونکە کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوو دان بە مافەکانی نەتەوەی کورددا بنێ ،«نا»ی بە کۆماری ئیسلامیی گوت. هەربۆیەش لەوەتا کۆماری ئیسلامی هەیە ئەوەی کە بەشی خەڵکی کوردستانە، سەرکوتە، هێرشی نیزامیە، هێرشی هەواییە، لە بەین بردنی ڕۆڵەکانیەتی چ لە سەنگەری برگری لە چیاکان ج لە نێو بەندیخانەکان‌دا. بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانیش گیانبازی‌و شەهادەتی ڕێبەران و تێکۆشەران‌و ئەندامانی، شتێکی تازە نییە. ئێمە دەزانین دامەرێنەری حیزبی دێموکرات پێشەوا قازی محەمەد، دەگەڵ ئەبولقاسمی سەدری قازی‌و حەمە حسەین خانی سەیفی قازی و بەدوای ئەواندا فەیزوڵڵا بەگییەکانی سەقزو بۆکان کە لە تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان بوون، لە لایەن ڕژیمی شایەتییەوە ئیعدام کران. کە وابوو لە ڕۆژی ئەوەڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە ئێعدامی تێکۆشەران‌و ڕێبەرانی بوتە بەشێک لە نەریتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەوەتا کۆماری ئیسلامییش لە سەرکارە هەرئاوا بە چاو خشاندنێک دەتوانین بڵێین سەدان تێکۆشەری حیزبی دێموکرات، سەدان کادرو پێشمەرگە، سەدان ئەندام‌و دۆست‌و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات، هەر بە دەلیلی ئەوەی کە پشتیوانییان لەم حیزبە کردوە، بە دەلیلی ئەوەی کە لە پێناو ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا تێکۆشاون کەوتوونە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی‌و گیانیان لە دەست داوە. کسانی وەک کاک کەماڵی دەباغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیمان لە زیندانی کۆماری ئیسلامی‌دا ئیعدام کراوە، کەسی وەک کاک تەهای حەق تەلەب، کەسانێک کە مەسئولی کۆمیتە شارستان بوون وەک کاک مەنسوور حەق‌پوور، کەسانێک کە کادری تەشکیلاتیی ئەو حیزبە بوون وەک کاک خالید خورشیدی، وەک کاک ڕەشاد حوسەینی، کەسانێک کە ئەندامی سادەی ئەو حیزبە بوون، ئەندامی یەکیەتیی لاوان بوون، وەک ئەوانەی من لە بیرم بن کاک ڕەزای کەریمی، کاک خالیدی شاتری‌و هتد، یانی هەرئاوا هەرکامێکمان ناوی چەندین تێکۆشەرو ئەندام‌و لایەنگرو دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان لە بیرە کە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بە هۆی موقاوەمەتیان، بەهۆی وەفاداری بە نەتەوەکەیان، بە تاوانی ئەوەی کە دڵسۆزی میللەتی خۆیان بوون‌و بۆ ئامانجەکانی میللەتی خۆیان تێکۆشاون، ئێعدام کراون. ئێستاش چاوەڕوانکراو بوو کە کەسێکی وەک کاک مەنسوور ئاروەند کە گوتم هەڵسووڕاوێکی ڕێکو پێک، دڵسۆزو نەترسی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، ئامادە بوو سەرو گیان‌و ماڵی لە پێناو حیزبی دێموکرات‌دا ببەخشێ، بەهۆی ئەو خزمەتانەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردبوو لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئیعدام بکرێ.

ئێمە هیوادارین کە بەندیە سیاسیەکانی دیکە کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی‌دان چ کوردو چ غەیرە کورد، چ سەربە حیزبی دێموکرات بن یا سەر بە حیزب‌و ڕێکخراوەکانی دیکە، ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن، چی دیکە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لێ نەستێندرێ. بەڵام هەر ئێستا بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی پڕن لە تێکۆشەرانی سیاسی بەتایبەتی تێکۆشەرانی کورد، بە درفەتیشی دەزانم کە بڵێم بەڕابردووترین تێکۆشەران، بەندییە سیاسیەکانی

**ئەو، چونکە ئامادە نەبوو دژی نەتەوەکەی خۆی ، دژی هاوڕێیانی خۆی بوەستێ، ئامادە نەبوو ئەو نهێنیانەی لە سینگی‌دا بوون بیاندرکێنێ، سەرەنجام داخی خۆیان پێی ڕشت‌و لە بنەماڵەکەیان، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و لە نەتەوەکەیان‌ئەستاندو شەهیدیان کرد**

ئێران، ئەوانەن کە سەر بە حیزبی دێموکراتن. ئێمە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی‌دا تێکۆشەری وەک عوسمانی مستەفاپوورمان هەیە کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووو ساڵی ٧٠ بە دیل گیرا، تا ئێستا لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامیە، تا ئێستا بۆ سەردانێکی کورتی بنەماڵەکەشی لە زیندان نەهاتوەتە دەر. کۆمەڵێک تێکۆشەری دیکەمان هەن کە ساڵی ١٣٧٥ کاک والی دروودی، کاک عومەری ئیمامی، کاک محەمەدی مورادی، کاک عەلی ساڵحی، ئەمانە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون. ساڵی ١٣٧٥ پێکەوە لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووداوێکدا گیران، تا ئێستا لە زیندانی یەزد لە بەندیخانەدان، تازە ئەمساڵ دوانیان توانیان پاش ئەو هەموو نەخۆشییە، پاش ئەوەی کە ئەندامانی بنەماڵەکانیان لە دەست‌دا، بۆ چەند ڕۆژێک ئیجازەیان پێدرا کە سەردانی بنەماڵەکانیان بکەن. کەسی وەک کاک کەماڵی شەریفیمان ئیستا لە زیندان دایەو بە زیندانی ئەبەد مەحکووم بووەو هێشتا کەمترین حوقووقی زیندانییەکی سیاسیی نیە. دیارە زۆر کەسی دیکەشمان هەن کە لێرە دا مەجال نیە ناوی هەمووانیان بێنم. لەم ڕووەوە ناوی ئەوانەشم هێنا چونکە بە داخەوە زۆر لە میدیاکان‌و تەنانەت ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، زۆر لە تێکۆشەران‌و چالاکانی مەدەنی‌و زۆر لایەن خۆ لە ناوهێنانی ئەوانە دەبوێرن بۆ؟ چونکە پێشمەرگە بوون. لێرە من بە دەرفەتی دەزانم بڵێم ئەوانەی کە پێیان وایە کەسێک کە پێشمەرگە بوو، کەسێک کە بۆ بردنە پێشی خەباتی میللەتەکەی، بۆ ئازادیی میللەتەکەی دەستی داوەتە چەک، ئەگەر کەوتە بەند، ئەگەر ئیعدام کرا، نابێ دیفاعی لێ بکەی، لە هەڵە دان. سەیرە ڕێژیمێک بە هەموو ئیمکاناتی سەرکوتی خۆیەوە دێت خەڵکەکەی ئێمە قەلاچۆ دەکا، خەڵک ئێعدام دەکا، دێهاتەکەیان وێران دەکا، بە هەزاران کەسی لە خەڵکی کوردستان کوشتوە، ئەم دام‌و دەزگانە بۆیان هەیە بێن بە فڕۆکە، بە تانک‌و تۆپ، بە هەرچی وەسیلەی سەرکوتە، بێن خەڵک بکوژن، بەڵام کەسێک کە بۆ دیفاع لە میللەتەکەی نەک لە بەرئەوەی نەخۆشیی ئینسانکوشتنی هەیە، چەکی هەڵگرتوە، هاتوە دیفاع لە ئازادی بکا، دیفاع لە میللەتەکەی بکا، ئەگەر ڕۆژێک بە برینداری بە دیل گیرا، نابێ دیفاعی لێ بکرێ؟!

**ئەوانەی کە پێیان وایە کەسێک کە پێشمەرگە بوو، کەسێک کە بۆ بردنە پێشی خەباتی میللەتەکەی، بۆ ئازادیی میللەتەکەی دەستی داوەتە چەک، ئەگەر کەوتە بەند، ئەگەر ئیعدام کرا، نابێ دیفاعی لێ بکەی، لە هەڵە دان**

بە بڕوای من شەریفترین ئینسانەکان، سەربەرزترین خەباتکاران ئەوانەن کە بە چەک دیفاع لە میللەتەکەی خۆیان دەکەن، چونکە ناچار کراون کە چەک هەڵبگرن. کە وابوو زۆر بێ مانایە ئەگەر زۆر کەس خۆ دەبوێرێ لەوەی باسی ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی کورد بکا کە بە چەک ویستویانە دیفاع لە میللەتەکەیان بکەن. پاریزگاری لە نەتەوەیەک، لە خەباتی ئازادیخوازانە، بەرەو پێشبردنی ئامانخی بەرزو ئینسانی بە چەک، شتێکی زۆر ڕەوایە، بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە خەڵک حەقی نیە حیزبی خۆی پێک بێنێ، حەقی نیە نوێنەری خۆی بنێرێتە پارلەمان، حەقی نیە خەباتی خەیابانی بکا، حەقی نیە خۆپێشاندان بکا. بۆیە لێرە بە دەرفەتی دەزانم بڵێم ئێمە وەکوو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات‌و هەموو ئەو حیزب‌و ڕێکخراوانەی کە تێکۆشەرانێکیان بە دەلیلی پارێزگاریی چەکدارانە لە نەتەوەکەیان کەوتووتە بەندیخانە، ئەم قسانە دەگەڵ حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ئێرانی، دەگەڵ میدیاکان، دەگەڵ ناوەندە مرۆڤدۆستەکان بکەین کە ئەمە کەمتەرخەمییەکی گەورەیە لە لایەن ئەوانەوە کە ئەم بەشە لە بەندییە سیاسیەکانیان فەرامۆش کردوە. ئەوان تاوانێکیان نەکردوە بەڵکوو ڕێژیمێک کە مەجالی بۆ ئەوان‌و بۆ نەتەوەکەیان‌و بۆ حیزب‌و ڕێکخراوکانیان نەهێشتوەتەوە خەباتی سیاسی‌و دیموکراتیک‌و پارلمانی‌و هێمنانە بکەن، ئەو تاوانبارە. ڕەنگە بە نیسبەت مەنسووریشەوە ئەو ئیتیهامەی لێ بدرێ کە ویستوویەتی بە چەک، خەباتی نهێنی بەرەو پێش بەرێ. ئەوە بۆ هەر تێکۆشەرێک کە ڕێگای بەرەو پێشبردنی خەباتی پێ نادرێت، شتێکی ڕەوایە کە لە جێیەکی پێویستە، دەست بۆ چەک بەرێ، بەتایبەتی بەرامبەر کەسانێک کە دەستدرێژی دەکەنە سەر سەرماڵ‌و ناموسی خەڵک‌و گیانیان، ئازادیان، کەرامەتیان، سلامەتیان، حوقووقیان لە مەترسی دەخەن، بەرەنگاربوونەوە بە چەک بە نیسبەت ئەو جۆرە کەسانە کە هیچ شتێکی خەڵک ناپارێزن، کارێکی ڕەوایە.

**بەڕێزان!**

لێرە لە پێش‌دا سەرەخۆشی لە ئێوە دەکەم کە هاوسەنگەرێکتان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە گیانی لێ سێندرا. مەنسوور ئاروەند بە سەربەرزی چووە بن داری ئێعدام‌و شەهید بوو. چووە ڕیزی کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی گەلەکەمان. سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ماتەمباری بەڕێزی کاک مەنسوور دەکەم، هەم لەوبەشە لە بنەماڵەکەیان کە لە مەهابادن، لە دایک‌و باوکی، لە یەک یەکی ئەندامانی بنەماڵەکەی بە تایبەتی لە هاوسەرەکەی، لە جگەرگۆشەکانی، لە خوشک و براکانی و لەو بەشە لە بنەماڵەکەشیان کە لە دەرەوەی وڵات‌و لەوێش وەک چۆن ئێمە لێرە لە خەمیان‌دا دانیشتووین، هاوڕێیانی حیزبیمان لە گەڵیان هاوخەمن‌و لەم ماتەمەدا لە گەڵیان بەشدارن.

سپاسێکی بێ پایانیش بۆ خەڵکی مەهاباد کە لە ساتی بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئیعدامی مەنسووری ئاروەند لە بەردەرگای ماڵەکەیان کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی هاوخەمی بنوێنن. دیارە ئێوەش دەزانن کە ڕێژیم ئامادە نەبوو تەرمی شەهید مەنسووری ئاروەند بداتەوە بە بنەماڵەکەی، چونکە دەزانێ ئەو خەڵکەی کە مانگێک لەمەو پێش حەماسەیەکیان لە نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر کۆماری ئیسلامی خۆلقاند، ئەگەر تەرمی شەهیدێک کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە

**هیچ قسەیەک، هیچ دەربڕینێک ناتوانێ بۆ مناڵەکانی شەهید مەنسوور، جێگای باوکیان‌و بۆ هاوسەرەکەی، جێگای مێردەکەی‌و بۆ بنەماڵەکەی،جیگای ئەندامێکی بنەماڵەکەیان پڕکاتەوە. بەڵام شتێک کە دەتوانێ دڵی ئەوان خۆش‌کا ئەوەیە کە ئێمە بە بیرو باوەڕەوە بە لێبڕاوییەوە ڕێگای شەهیدەکانمان، ڕێگای شەهید مەنسووری ئاروەند، تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکرات‌و گەلی کورد درێژە بدەین**

ئێعدام کراوە بدرێتەوە دەستیان، دەیکەنە موناسەبەتێک بۆ هاودەردی، بۆنیشاندانی یەکدەنگیی خۆیان، بۆ نیشاندانی بێزارییان لە کۆماری ئیسلامی. دەدەزانن لە هەر جێیەک تەرمی شەهیدێک بە خاک بسپێردرێ لە لایەن خەڵکەوە دەبێتە جێگایەکی پیرۆزو خەڵک دەیکا بە ڕووگەی خۆی. بۆیە تەرمی ئەو شەهیدەش وەک شەهیدانی دیکە نەدرایەوە بنەماڵەکەی، مەعلوومیش نیە لە کوێ بە خاک دەسپێردرێ بەڵام وەک دایکی مەنسوور- لە ڕێگای کوڕەکەیەوە ئەوەم زانی- گوتوویەتی بۆ ئێمە گرنگ نیە تەرمی مەنسوورمان بدەنەوە یا نا، چونکە مەنسوور لە هەرجێگایەک بە خاک بسپێردرێ خاکی کوردستانە، ئەو خاکەیە کە مەنسوور گیانی لە پێناودا بەخشیوە.

لێرەوە سپاس بۆ ئەو خەڵکەش کە لەو بۆنەیەدا هاوخەم‌و پشتیوانی بنەماڵەی شەهید مەنسووری ئاروەند دەبن. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمە، هیچ قسەیەک، هیچ دەربڕینێک ناتوانێ بۆ مناڵەکانی شەهید مەنسوور، جێگای باوکیان‌و بۆ هاوسەرەکەی، جێگای مێردەکەی‌و بۆ بنەماڵەکەی،جیگای ئەندامێکی بنەماڵەکەیان پڕکاتەوە. بەڵام شتێک کە دەتوانێ دڵی ئەوان خۆش‌کا ئەوەیە کە ئێمە بە بیرو باوەڕەوە بە لێبڕاوییەوە ڕێگای شەهیدەکانمان، ڕێگای شەهید مەنسووری ئاروەند، تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکرات‌و گەلی کورد درێژە بدەین. ئەو ئامانجانەی کە ئەو و شەهیدانی دیکە گیانیان لە پێناوی‌دا بەخشیوە وەدی‌یان بێنین، ئەو ئاڵایەی کە مەنسوور لە گەڵ هاوڕێیانی لە نێو شاری مەهاباد لە هەلومەرجێکی سەختدا بەرزو شەکاوەی ڕاگرتبووو خەباتی بۆ دەکرد، ئەو ئاڵایە، ئاڵای خەبات‌و تێکۆشان تا وەدیهێنانی ئازادی بۆ نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز ڕابگرین.

سەربەرزی بۆ شەهید مەنسوور، سەربەرزی بۆ بنەماڵەکەی و بۆ هەموو ئەوانەی کە وەک شەهید مەنسوور گیانیان لە پێناوی نەتەوەکەیان‌و ئامانجە بەرزەکانیان دەبەخشن.

# بانێکو دوو هەوا



ئارەش لورستانی
وەرگێڕان: ئاڵەشین

مەنسوور ئاروەندەکان ئیعدام کران، محەمەدسەدیق کبوودوەندەکان لە زیندان دان، فەرینازخوسرەوانییەکان دەبنە قوربانیو سەدان هیکتار لێرەواری کوردستان لە سووتانن. ئەوانە تەنیا بەشێکن لەو هەواڵە تاڵانەی بەرگوێمان دەکەون.

کۆماری ئیسلامی ئەرێ یا نا؟ دەستبەسەرکردن، ئەشکەنجە، دوورخستنەوەو کوشتنی زیندانە سیاسییەکان، دەسپێکردنو کۆتایی هێنان بە شەڕی کاولکاری ٨ ساڵە، سەردەمی بنیاتنانەوە، قۆناغی چاکسازی، ڕادیکالیزمو بناژۆخوازی وزێدەڕۆی ئەحمەدی نژادو لە ئاکامدا دەسەڵاتداری دەوڵەتی ئێعتداڵ، تەدبیرو ئومید، ڕووکاری گشتیی کارکردی کۆماری ئیسلامییە لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا، بە شێوەی بەرچاودەبیندرێ. لە هەموو ئەو قۆناغانەدا، سەرکوتی سیاسیو پێشێلکردنی مافی هاووڵاتی، نادادپەروەری، دروشم دانو ... هتد هەمیشە هەبووە کە هەندێک جار خاو بوونەتەوە و هەندێک جاریش توندوتیژو گرژتر لە پێشو بووە.

ئەو خاڵەی لە لێکدانەوەی سیاسیی کارکردی هێزە دژبەرەکان و یان ڕخنەگرانی کۆماری ئیسلامیدا زۆر گرنگە؛ هەڵوێستی ناڕوونو ناوەرۆکی ناڕوونی بەشیکی زۆری ئەو هێزە گۆڕانخوازانەیە کە وەک ئۆپۆزسیونی سیستمی دەسەڵاتدار، یان ڕیفورمخواز لە نێوخۆی وڵات چالاکن. لە سەردەمی شەڕدا، زۆربەی ئەو ڕەوتو توێژانە شەڕخوازن، کاتی ڕیفۆرم دروشمی چاکسازی هەڵدەگرن، لە قۆناغی زێدەخوازی ئەحمەدنیژاددا لایەنگری برینی «یارانەکانن» و وزەی ناوکی بە مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆیان دەزانن و ئەمڕۆش داکۆکیکاری تۆخی دەوڵەتی ئێعتداڵن، بەڵام ئاکامی کارکردی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو سەردەمانەدا سەرکوت، نادادپەروەری و بەرتەسککردنەوەی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بووە. هۆکارەکەی چییە؟

ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بارودۆخە چییە و لە درێژخایەندا ڕووبەڕووی چ ئەگەرگەلێک دەبینەوە.

شۆڕشی ٥٧ بزاڤ و رسکانی خەڵکێک بوو، کە تەواوی چین و توێژەکانی تێدا بەشداربوون، بەڵام نەیانتوانی حکوومەت و پێکهاتەیەک پێکبێنن، کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ماف و داخوازییەکانی هەموو ئەو دەستە و لایەنانە بپارێزێ. نەبوون، یان لاوازی بەستێنەکان و هەلومەرجی سەرەتای پەرینەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک و سەرەڕای ئەویش نەبوونی گەڵاڵەیەکی ڕوون و دیاریکراوی سیاسی دوای تێپەڕبوون لە حکوومەتی پەهلەوی لە لایەن ئەو هێزانەی کە بەشداریی شۆڕشیان کردبوو، بووە هۆی ئەوەی ڕەوتی مەزهەبی زاڵ، کە خومەینی ڕێبەری و پێشەنگایەتی دەکرد، بتوانێ ئەو بەشە کەمەی کە توانیبوویان لە سیستمی نوێدا دەست بەکار بن و لە پێناو دامەزرانی دێموکراسیدا تێدەکۆشان، وەک جیابیر و ڕەوتگەلی دژی شۆڕش بناسێنێ و ئەو دەنگ و هزرە دژانە بخاتە پەراوێزەوە و هەوڵی سڕینەوەیان بدا. شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیش کە خومەینی بە « نعمت»ی دەزانی، ئامرازێکی گرنگی دیکە بوو کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و لایەنگرانی بۆ سەرکوتی ڕەخنەگران و دژبەران بە شێوەیەکی توندوتیژ و دژبەرانە کاریان هێنا، ئەم ناکامی و شکستە گەورەیە بۆ ئەو دژبەرانەی کە ببوونە ئۆپۆزسیونی دەسەڵاتی تازە، زیاتر لە دەیە و نیوێک خراپترین هەلومەرجی سیاسی بە سەردا سەپاندن. پاش پەروەندەی تێروری میکۆنوس و مەحکووم بوونی گەورەترین بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی « کارگزران» و «عاملان»ی تیرۆریزمی دەوڵەتی، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە قۆستنەوەی کەشی لەباری نێوخۆ و دەرەوە کە ڕوومای دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی بە جوانی سەلماندبوو، توانییان کەڵک لەو دەرفەتە وەرگرن و بە ڕێکخستن و ڕێکخستنەوەی سترەکتۆرەکەیان دیسان پشوودرێژتر و کاریگەرتر لە مەیدانی سیاسیدا دەربکەونەوە.

دوو دەیە دوای شۆڕشی ٥٧، کۆماری ئیسلامی تووشی نەوەیەک هاتبوو کە ئیدی دروشمەکانی شۆڕش بە لایەنەوە جێی بایەخ و گرنگی نەبوو، ئەو نەوەیە کە لە کەشێکی ئازاد و کراوەی سیاسی و فەرهەنگی دەگەڕا، کە لەو کەشەدا ژیانێکی ئاسوودە و کۆمەڵگەیەکی ساغ و سەلیمی هەبێ و، تا بۆی بکرێ خۆی لە کاولکارییەکانی شەڕ و پاوانخوای سیستمی دەسەڵاتدار لابدا. قۆناغی ڕیفۆرمخوازی؛ ئاکامی ئەو داخوازییە کۆمەڵایەتی و خواستانە بوو کە بە سەر کۆماری ئیسلامیدا سەپان. بە کردەوە هێزە کۆمەڵایەتییەکان توانییان، هەندێک ئیمتیازی پۆزەتیڤ بستێنن، بەڵام مافی هاووڵاتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەو فاکتۆرانە بوون کە دەگەڵ بوونی کۆماری ئیسلامی دژایەتییان هەبوو. لە کێشەی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کەوتنە سەر دوو ڕێیانێی شۆڕش یان ریفۆرمخوازییەوە. پرش و بڵاوی و کێشەی جیددی نێوان ئۆپۆزیسیۆن لەو قۆناخەدا بووە هۆی لێک دوورکەوتنەوەی هێزە دژبەرەکان. هەندێک بوونە ریفۆرمخواز، هەندێک ئینقلابی مانەوە. ئەو دوو گرووپە بەجێی راکێشانی بەشداری کۆمەڵایەتی و پیکهێنانی ئاڵوگۆڕ، بەجێی دەرفەت خوڵقاندن و پێکهێنانی رەوتی نوێ لە کۆمەڵگەدا، داهێنان و هەلەکانیان لە کیس خۆیان دا و، بوونە پاشکۆی کۆمەڵگاو و تەنانەت بوونە پشتیوان و هاندەری ریفۆرمخوازانی حکوومەتی. بزووتنەوەی سەوز و ناکام بوونی ئەوبزووتنەوەیە باشترین بەڵگەیە بۆسەلماندنی ئەو هەلومەرجە، کە باس کرا.

### خەبات لە کوردستان

بزووتنەوە و کەشی زاڵی کوردستان، لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی ڕەوتە سیاسییە ناکوردییەکان زۆر جیاوازە. خەبات لە کوردستان وەک خەباتێکی نەتەوەییو دێموکراتیک ناسراوە و پێناسە کراوە. مافی چارەی خۆنووسین و داکۆکی لە شوناس و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، دیارترینی ئەو فاکتۆڕانەن لای نزیک بە هەموو پارت و لایەنە کوردییەکان باسی لێ دەکرێ. بزاڤی میللی-دیموکراتیکی کورد لە ئێران هەمیشە دەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکە لە پیوەندیی دابووە هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بزاڤە دوو لایەنی کوردستانی و ئێرانی بە خۆوە گرتوە، چونکە لێکگرێدراوی نەتەوەیی کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان، گرینگترین هۆکاری زیندوویەتی ئەو بزاڤەیە و بەرەو رەوگە و بەستێنی خۆی رێنوێنی دەکا. دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، حکوومەتی ناوەندیی لەو وەعد و بەڵێنیانە پەشیمان بوویەوە کە لە پێوەندیی دەگەڵ خودموختاری کوردستان دابوونی و، خومەینی فەرمانی شەڕی دژی کوردستان دەرکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ساڵی ١٣٧٥ بەردەوام درێژەی بە خەباتی چەکداری دا و، پاشانیش دەگەڵ بەهێزکردنی خەباتی سیاسی هەمیشە تیم و گرووپی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بووەو لەسەر گەیشتن بە خواستە ڕوون و دیارەکانی گەلی کورد، واتە مافی چارەی خۆنووسین و داکۆکی لە شوناس و بەرژەوەندی گەلی کورد.

گەلی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵک لە دەرکەوت و پاشهاتەکانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان وەردەگرێ، بەڵام کەموکوڕی و سەرلێشێواوی رەوتە ناکوردییەکان تێچوویەکی قورس و گرانتر دەخەنە ئەستۆی بزاڤی میللی دێموکراتیکی کورد. کەشی ئەمنییەتی و سەرکوت لە کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر گرژترە و نارێکوپێکی و هاوکاری لاوازی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوەی سیستم توندوتیژتر و گرژتر ڕووبەڕووی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان بێتەوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوتی بکا.

بێدەنگی، ڕەنگدانەوەی کەم و پشتیوانی لاوازی چالاکانی مافی مرۆڤو ڕەوتە سیاسییە ناکوردییەکان لە بەرامبەر ئیعدامی لەنەکاوی مەنسووری ئاڕوەند، زیندانیی سیاسیی کورد کە مەحکووم بە زیندانی هەتاهەتایی بوو، یان دۆخێکی وەکوو ئەوە لە کاتی ناڕەزایەتییە بەربەرینەکانی خەڵکی کورد دوای مەرگی فەریناز خوسرەوانی، بەڵگەی ڕوونن کە نیشان دەدا ئەو سەرلێشێواوی و ناهەماهەنگییەی ئۆپۆزیسیۆنی غەیری کورد، دەبێتە هۆی ئەوەی گەلی کورد بۆ پێشڤەبردنی بزاڤی نەتەوەیی – دێموکراتیکی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچار بێ تێچوویەکی قورس و گرانتر لەچاو شوێنەکانی ئێران بدا و گوشارێکی زیاتر بکەوێتە سەری.



**کەموکوڕی و سەرلێشێواوی رەوتە ناکوردییەکان تێچوویەکی قورس و گرانتر دەخەنە ئەستۆی بزاڤی میللی دێموکراتیکی کورد. کەشی ئەمنییەتی و سەرکوت لە کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر گرژترە و نارێکوپێکی و هاوکاری لاوازی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوەی سیستم توندوتیژتر و گرژتر ڕووبەڕووی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان بێتەوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوتی بکا**

## ڕۆژهەڵاتی ئێران

# کەلێنی نێوان بەڵێنی و کردەوەکانی دەوڵەتی روحانی



حەسەن شێخانی

٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ٢ ساڵ بە سەر هەڵبژێرانی حەسەن روحانی بۆ سەرکۆماریی تێدەپەڕێ. بۆ هەڵسەنگاندنی کارنامەی دووساڵەی دەوڵەتی روحانی، پێویستە ئامانج و بەڵێنییەکانی روحانی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و کردەوەکانی دەوڵەت لەم دووساڵەدا پێک بگرین بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ کە بە پێی بەڵێنییەکانی هەنگاوی ناوە یان نا؟ دەتوانین لە چەند بواری سەرەکییەوە کردەوەکانی هەڵسەنگێنین؛ لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئابووری، سیاسەتی نێوخۆیی ئێران و مافی مرۆڤ.

هەموو یان زۆربەی نزیک بە تەواوی هەوڵەکانی روحانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا لە سەر پرسی دانوستانە ناوکییەکان چڕ بۆتەوە. بە چەشنێک کە سیاسەتی دەرەوە هاوتا کراوە لەگەڵ دانوستانە ناوکییەکان و هەموو پرسەکانی دیکەش کەوتوونە ژێر سێبەری دانوستانەکانەوە.

دەوڵەتی روحانی لە بواری دیپلۆماسیی ڕەسمی لە بیاڤی ناوچەیی دا، بە پێی چاوەڕوانییەکان نەیتوانیوە گۆڕانێکی نوێ بێنێتە کایەوە و نەیتوانیوە لەگەڵ درواسێکانی متمانە دروست بکا و هەنووکە بەرەیەکی عەرەبی لە دژی ئێران پێکهاتووە و عەرەبستانیش زیاتر لە ٨ مانگە کە لە ئێران باڵوێزی نییە. خاڵێکی جێی سەرنج ئەوەیە کە فاکتۆری دیاریکەر لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، سوپای قودسە کە بە میتۆدێکی ئەمنییەتی و تێکدەرانە دەجوڵێتەوە و وەزارەتی دەرەوە رۆڵێکی پەراوێزی دەگێڕێ.

لە بواری ئابووری دا سەرەڕای ئەوەکە ئارامی و سەقامگیرییەکی ڕێژەیی دروست بووە، بەڵام بەشی راستەقینەی ئابووری واتە بەرهەمهێنان هێشتا لە قەیران دایە، کەلێنی چینایەتی نە تەنیا کەم نەبووە بەڵکوو جاروبار زیادیشی کردووە. دەوڵەت نەیتوانیوە هەلی کار زیاد بکا.

بە هۆی سیستمی ئیداری ناکارا، ناهەماهەنگی لە نێوان ئۆرگانەکانی سیستم دا، دەورلێدانەوەی یاسا و ڕێساکان لە لایەن دەسەڵاتبەدەستان، دەستێوەردانی بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان لە کاروباری ئابووری دا و قۆرخکردنی بەشگەلێکی گرینگی ئابووری، کۆماری ئیسلامی تا قوڕگی لە گەندەڵی ڕۆچووە؛ بە چەشنێک کە ئەو قەبارە گەورەی گەندەڵییە، بەشێک لە دەرەنجامە ئەرێنییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی(ئەگەر بکرێ)، بەتاڵ کردۆتەوە. دەوڵەتی روحانی نەیتوانیوە(و ناتوانێ) هەنگاوێکی جیددی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێکهاتە گەندەڵی هێنەرە، هەڵێنێتەوە.

ڕاستە بەشێکی گەورەی حاکمییەت لە دەست ئوسوولگەراکان دایە و دەوڵەت ئامرازی پێویستی لە بواری سیاسەتی نێوخۆیی دا لە دەست دا نییە، بەڵام دەولەتیش بوێریی پێویستی لە ڕێکخستنی فەزای سیاسیی نێوخۆیی دا نەبووە و هەر ئەمەش وایکردووە کە ئوسوولگەرا توندئاژۆکان و گرووپگەلی فشار پێشڕەوی زیاتر بکەن و ببنە کۆسپ لە بەردەم جێبەجێ بوونی بەرنامەکانی دەوڵەتدا. ڕاستتر وایە بڵێین بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە، نەبوونی جیددییەتی پێویست و موحافیزەکاریی بەرپرسانی پێوەندیدار بە سیاسەتی نێوخۆییەوە، دەوڵەت لەم بوارەدا نمرەی قبووڵی وەرناگرێ. هەڵوەشاندنەوەی کۆنسێرتەکان و ڕێگری کردن لە چوونی ژنان بۆ ستادیۆمە وەرزشییەکان، تەنیا دوو نموونەی بچووکی سەلمێنەری ئەو ئیدیعایەی سەرەوەن. ئەگەر ئێمە ئاخێزگەی موحافیزەکاریی روحانی، پێشینەی ئەمنییەتیی و کاراکتێری کلاسیکی ناوبراو لەبەرچاو بگرین، باشتر لەوە تێدەگەین کە بۆچی روحانی گۆڕانێکی بەرچاوی لە سیاسەتی نێوخۆیی دا دروست نەکردووە و بە کردەوە ئەو بوارەی رادەستی ئوسوولگەراکان کردووە.

لە بواری مافی مرۆڤدا کارنامەی دەوڵەت ئەسڵەن جێی قبووڵ کردن نییە. هەژماری ئیعدامەکان بە نیسبەت دەورانی ئەحمەدی نژادیش زۆر زیاتر بووە؛ پرۆژەیاسای تاوانی سیاسی بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتووە؛ پرۆژەیاسای حیزبەکان هێشتا بە مەجلیس نەدراوە؛ جاڕنامەی مافی هاووڵاتیی هیچ کاریگەرییەکی نەبووە؛ سەبارەت بە «ئەقوام و کەمایەتییەکان» هیچ کام لە بەڵێنییەکان جێبەجێ نەکراون؛ دەوڵەت نەیتوانیوە فەسڵی ٣ی یاسای بنەڕەتی، کە پێوەندی بە مافەکانی خەڵکەوە هەیە، بە دروستی جێبەجێ بکا، زۆر کاری پێچەوانەی یاسای بنەڕەتیش کراون و دەوڵەت دژکردەوەیەکی کردەیی و کاریگەری نەبووە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە سەرکۆمار جێبەجێکاری یاسای بنەڕەتییە و دەتوانی هۆشداریی بدا. بەڵام روحانی لەو دەسەڵاتەی خۆیشی کەڵکی وەرنەگرتووە. ئەمانە و چەندین نموونەی دیکە دەیسەلمێنن کە بواری سیاسەتی نێوخۆیی بە گشتی و مافی مرۆڤ بە تایبەتی، خۆیان گوتەنی لە ئەولەوییەتیان دا نەبووە و گرینگییەکی ئەوتۆیان پێ نەداوە.

بە هۆی هەژاریی و نەداریی، کەرامەت و کەسایەتیی مرۆڤەکان لە ئێراندا وردوخاش بووە. لە بواری کۆمەڵایەتی دا دیاردەکانی ئیعتیاد، تەڵاق، تاوان و جینایەت لە پەرەسەندن دان. رۆحی هاوپێوەندیی گشتی لاواز بووە و نۆڕم و بەها کۆمەڵایەتییەکان بێبایەخ بوون. هەمووی ئەوانەش لە نیشانەکانی لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتین کە مومکینە بێتەئارا.

دەوڵەتی روحانی زۆربەی هەوڵەکانی بۆ دوو بەشی سیاسەتی دەرەوە و ئابووری تەرخان کردووە. تازە لە دوو بوارەش دا وەک چاوەڕێ دەکرا، دەسکەوتی نەبووە. بوارەکانی دیکەش بە کردەوە بوونە پاشکۆی ئەو دوو بەشە. روحانی هەمووپرسەکانی گرێداوە بە ڕێککەوتنی کۆتایی ناوکی. ئەمە لە حاڵێک دایە چارەسەریی پرسی ناوکی تەنیا مەرجی پێویستە بۆ زاڵ بوونی ئێران بە سەر قەیرانی ئابووری دا و بە قسەی کارناسان ئەوپەڕەکەی دەتوانێ ١٥ تا ٢٠ لە سەدی کێشە ئابوورییەکانی ئێران چارەسەر بکا. دەوڵەتی روحانی ٢ ساڵی دیکەشی لە بەردەم دا ماوە، قسەکە ئەوەیە کە ئەو ٢ ساڵەی تێپەڕی کرد، کەمتر لە بانگەشە و کەمتر لەوەی چاوڕێ دەکرا، کاری کرد و هەنگاوی نا.

ژمارە: ٦٥٨ • ڕۆژنامەی کوردستان

# لاپەڕەی نوێ، بە تێڕامانێکی نوێوە



تەهای ڕەحیمی

یاریی سیاسیی و ملبەملەی جیهانی سەرمایەداری و بەرەی کۆمۆنیستی لە یارییەکی تۆپێن دەچێ، کە دوو زلهێزی وەک ئەمریکا لە لایەک و رووسیەش لە لایەکی دیکەوە راهێنەرین. ئەم یارییە بێ کۆتاییە ئەگەرچی ریشەی لە مێژووی خووگەملە و چاوچنۆکی پاشایەتی و تێزار و قەیسەر و ..... ئورووپا دایە، بەڵام دەگەڵ چەقەرەی دەسەڵاتی یاخی و سەرکێشی وشکارۆ، تازەدۆزراوەکەی گۆی زەوی، ئەم بازووشکێنەیە زیاتر لە نێوان ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەت و میراتگرە سەرەکییەکەی، رووسیەدا گرۆتینی سەندوە. رێک وەک یاریی تۆپێن؛ ئەو دوو جەمسەرە جیهانییە جاری وایە تەنیا مەبەستیان لە یارییدا ماندووکردنی یەکە، جاری واشە یەکیان هێڵی بەرگری گوشاری زۆری لەسەرەو، ئەوی دیکە لە هێرش کردندایەو، جاری واشە، وەک ئێستا دوو تیپەکە یەکسانن، بە بێ گوڵ بێ یان بە گوڵ، هەرتکیان هێرشەکانیان خێراتر دەکەن و هەرچی یاریزانیان هەیە لە ١١ یاریزانە قانوونییەکەوە بگرە، هەتا چەند پرسێنێل و هاندەریشیان هەبێ دەیهێننە مەیدان و وەک شەڕە گۆپاڵی سەردەمی کۆن، یەکتر لە کەلێن و کولێنی مەیدانی بەربەرینی گۆی زەویدا خوریشۆر دەکەن. رەنگە ئەو کەسانەی یاریزان و یاریکەری سەرەکی نین لەو جەنگانەدا لە سۆنگەی دەسکەوتێکی کەم، ئەوەی هەشیانە لە قیسی بدەن، یان نا، رەنگە ئەگەر بۆیان بووز بخوا و خۆیان لە گەمەکە لێزان بن، ببن بە یاریزانێکی سەرەکی یان نزیک لە سەرەکی، یان ئەوەی دەست و پێ شکاو و بە جەمانکەوتوو بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان. یاریی بردنەوەو دۆڕانی ئەم گەمە کۆنە ئێستا چەقەکەی رۆژهەڵاتی ناڤین و دەوربەرێتی. وڵاتانی عەرەب و بەگشتی خوارەوەی دەریای سپی نێوەڕاست و دەورووبەری دەریای رەش لەمێژە شوێنی یەکتر گەوزاندن و زۆرەبانی ئەم هێزانەیە. بەداخێکی گران گەلی کوردیش کە لە پلەی یەکەمدا بەهۆی هۆکارە نێوخۆییەکان و پاشان دەسوەردانی زلهێزەکان و هۆکارە دەرەکییەکانی دیکەوە دابەشی ئەو وڵاتانە بووە، ئێستا رمبەی زەبرو پێکدادانی ئەم یارییە، دابەشی سەر دوو بەرەکە بووە، لەم یارییەدا نابێ بەبێ ئەوەی لێکیبدەیتەوە و پۆزیسیۆنی خۆت بزانی کە ئایا یاریزانی چەند خولەکیی ئەم یارییەی لەوسەر بۆ ئەوسەری مەیدان خۆت بپسێنێ. کورد وەک نەتەوە لەم یارییە دێرینانەی زۆر پێکراوە کە ئەگەر یادەوەری بەهێز بووایە نەدەبوو هەتا هەنووکە ئاوا

لە دوایین چرکەکانی یارییەکەشدا لە پشتی پشتەوە ئەو یاریزانانە بێ؛ کە چاوەڕوانن چەند چرکەیەکیان یاریی بدەنێ. کورد وەک یاریزانێکی هەمیشە بەکارهێنراو بەبێ ئەوەی وانەکانی مێژووی بیر بێتەوە (ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی)، دیسانیش چووە لە کایەیەک کە دەسکەوتەکەی زیاتر بۆ یاریزانەکانی دیکەیە، نەک لەبەر ئەوەی هێزی نییە و تاقەتی بە یارییەکە ناشکێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە گوێرەی پێویست لە پرەنسیپەکانی یارییەکە نازانێ. هەر بۆیە یارییەکەی پێش ئەوەی بە قازانجی خۆی بێ بەرژەوەندی خەڵکی دیکە دەپارێزێ ، ئەمەش لە پەرتەوازەیی و شپرزی نێوماڵە خۆی ڕا دیارە. هەر کاراکتێرێک بۆ ئەنجامی هەر کردەوەیەک، پێویستە هاوتەریب دەگەڵ بوارەکانی دیکەی کاریگەر لە دیاریکردنی سەرکەوتنیدا، باری دەروونی و یاریزانێکی بەهەڕەت و بەبڕست لە مەیدانەکە هەناسەبڕکێمانە، بەرهەمدار دەبێ، گەلی کورد دەبێ چاوەڕێی گۆڵێک بێ، هەمیشە چاوەڕێی بووەو، ئاراستەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ...بگۆڕێ. دەگەڵ ئەوەشدا قسە لەوەدا نییە، نابێ خۆمان لە یارییەکی وا پڕ کێشە و ئارێشە لابدەین و سەرکز، دۆشداماوی چارەنووس بین لەبەر ئەوەی یارییمان پێ نادەن، یان یارییمان پێ بکەن، بەڵکو دەگەڵ هەموو ئەو مەترسی و هەڕەشانەش ئەوە توانا و پتەوی ئیرادەی هەموو رەوت و لایەنەکانە دەتوانێ یارییەکی بەهێز لە کورد نیشان بدا، بەڵام ئایا دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین، لە کام لای یارییەکە، زیاتر تۆپمان دەست دەکەوێ، یان لە کام لا دەرفەتی گۆڵ لێدانمان زیاتر دەبێ، کام لا زیاترمان یاریی پێدەدا و کام لا یاریمان پێ دەکا؟ مۆریەکی کەمباییتر دەیدۆڕێنی، یان سەر بە سەر تێدا دەچێ، کە ئەمیش هەمیشە بەخێری لایەنی بەرانبەرە، چونکی سەرپشکی دەکەی لە خواردن یان نەخواردنی، لە باشترین حاڵەتیشدا دەبێ بکشێیەوە، کە ئەمەش حەرەکەتێکت لە رەقیب دوا دەخا. لە یارییشدا، وەک یاریی سیاسیی دواکەوتنی حەرەکەتێک رەنگە شۆڕشی گەرەک بێ بۆ گەیشتنەوە بە رەوتی ئاسایی. هەر لەم سۆنگەیەوە کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ پێویستی بە نووسینەوەی چەند کتێبێکی پڕ لە بەرنامە و پرۆگرام و گەڵاڵە و خشتەی کار هەیە، کە دەبێ بەر لە هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕەیە، بە وردی بخوێنرێتەوە، لێک بدرێتەوە، بەتایبەتیش کە بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە چاو پارچەکانی دیکە لەم یارییەدا بە هۆی ساتوسەودای فرتوفێڵاوی کۆماری ئیسلامی و هەندێک



**ئەگەر گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی دێموکرات بۆ چیاکانی سەرسنووری ڕۆژهەڵات یەکەم هەنگاوی نووسینەوەی لاپەڕەی نوێی خەباتی ڕۆژهەڵات بێ، دەبێ مانەوەو دەستپێکردنی ڕەوتێکی نوێی هاوتەریبی مانەوە لە چیاکان لە نێوخۆو ئاستی جیهانیش دەست پێبکرێ‌و نابێ بە هیچ شێوەیەک لەژێر هەر چەشنە گوشارێکدا لەو حەرەکەتە پاشگەز بینەوە**

ورەی بەهێز بێ، لەبەر ئەوەی باری دەروونی و پشت بە خۆبەستن فاکتەرێکی سەرەکین هەتا لە گۆڕەپانەکانی هەڤرکێدا بە هەنگاوی پتەوەوە مەوداکان ببڕێ، کە دیارە ئەو پشت بەستن بە خۆیەو، دڵنیاییە دەروونییە لە یەکیەتی نەتەوەیی و هێزێکەوە سەرچاوە دەگرێ؛ قووڵاییەکەی تەبایی یەکڕیزی نێوخۆی ماڵی نەتەوەیە بە هەموو چین و توێژەوەکانەوە. دیارە دەبێ ئەوەش بزانین کاتێک تۆپەکە هاتوە لە خاکی تۆوە ناکرێ بێبەشت بکەن، تەنانەت هەر نەبێ وەک یارییەکانی پێشوو، لە پشت دەروازەکانی یارییدا تۆپمان پێ‌دێنەوە. دەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە هاوئاهەنگی و هەماهەنگی هەموو یاریزانە کوردەکان و یەکگرتوویی بزووتنەوەکان لەم یارییەدا بە ئامانجێکی هاوبەش و یەکڕیزەوە دەرکەوین و تۆپەکە لە ئاستی ناوچەییدا لە نێوان یاریزانە کوردەکان پاس پاسێنی پێ بکەین؛ کە هەنووکە وەک

ئێستا بە خۆشییەوە لە چوارچێوەی ئەم یارییە بەرینەدا، دەرفەتێک بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانیش رەخساوەو، حیزبی دیموکرات تا رادەیەک توانی پێشمەرگەکانی لەو شوێنانە جێگیر بکا کە بیرهێنەرەوەی سەردەمی زێڕین و نۆستالۆژی ئەم هێزەیە. کەواتە لێرەی یارییەکەدا دەبینین هەموو یاریزانەکان لە هەموو پلە و پایەیەکدا، دەتوانن بەشداری ئەم یارییە بن، تەنانەت رەنگە دەرفەتی یاریی بۆ هەندێک یاریزانیش بڕەخسێ کە بەدەر لە چاوەڕوانی بێ، بەڵام ئەگەر بە روویەکی دیکەو، لە چوارچێوەی یارییەکی دیکەی بەراستی سیاسیدا بڕوانین؛ جوڵاندنی مۆرەیەک لە شەترەنجدا، دەبێ بە پێی بەرنامەیەکی تۆکمە بێ، بە چەشنێک تۆ کە مۆرەیەک دەجوڵێنی، پاشهاتی لانیکەم چەند حەرەکەتی خۆت و مۆرەکانی لایەنی بەرامبەریش بخوێنییەوە، ئەگینا لە خراپترین حاڵەتەدا یان مۆرەکەت تێدا دەچێ، یان بە بەرژەوەندیی فراژتری نەتەوەیی لە ئاستی کوردستان گەورەدا فرە فرە لە دوایە و هەر حەرەکەتێکی بێ پێشڤەچوون، داکەوتنی گرانی لە دوایە. هەر بۆیە ئەگەر یەکەم هەنگاوی نووسینەوەی ئەم لاپەڕە نوێیە گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی دیموکرات بێ بۆ هەڵگورد و کێلەشین، دەبێ مانەوە و دەسپێکردنی رەوتێکی نوێی هاوتەریبی مانەوەمان لە چیاکانی سەر سنوور لە نێوخۆ و ئاستی جیهانیش دەست پێ بکرێ و، نابێ بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هەر چەشنە گوشارێکدا ، ئەم حەرەکەتەی کردوومان بگەڕێینەوە، بەڵکوو پشت قایم کردن و بەرنامەمان بۆ حەرەکەتی نوێتر لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دارێژاو، بە پێی ئەزموونەکانی پێشووتر و لێکدانەوەی هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی، گرەنتی هەر جووڵانێکمان بێ.

# له ڕۆژهەڵاتەوە...

## ئێمە دیموکراتین یا بە نێو دیموکراتین!



خالید محەممەدزادە

نووسەری کتێبی« ئێمەی شایستەی دیموکراسین»؟ زۆر تەئکید لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە جیهانی سێهەمیش شایستەی دیموکراسین‌و ئەم چەمکە هەر تایبەت بە مرۆڤی ئۆروپایی نیە، بەڵام کتێبەکە لە دوای خویندنەوەشی پرسیارەکەت بە کراوەیی بۆ جێ دهێڵێ‌و دوای تەواوبوونی خوێنەر دەپرسێتەوە ئایا ئێمە شایستەی دیموکراسین؟

هەر زۆر دوور نەرۆین راپەرینەکانی سەدەی پێشووی ناوچەکەو تا راپەرینی ١٩٧٩ی ئێران، گۆرانکاریەکانی عیراق‌و ئەفغانستان‌و بەهاری عەرەبی‌و تا دامەزرانی دوو ئیدارەی کوردی لە باشوورو رۆژاوای کوردستان کە هەموویان بە ئومیدی ئازادی‌و دیموکراسی بوون لە کوێی ئەم گەیشتن بەم چەمکەن؟

لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ٦ دەیەیە دروشمی دیموکراسیخوازی بووە بە خواستی حیزبی سیاسی‌و چالاکانی سیاسیی ئەم کۆمەلگایە، خواستێک کە تەنانەت لە نێو هەڵگرانی ئەم چەمکە نەهاینەنەکراوە. گرنکیی دیموکراسی لای قاسملوو لە ئاستێک دایە کە دەڵێ نابێ ئەم چەمکە بە بیانووی خەباتی نەتەوەیی‌و رزگاریخوازانە وەلا بنیرێت‌و دەڵێت «ئەگەر هەنگاوێک بەرەو لەژیر پێنانی دیموکراسی برۆین، تازە بەرەو دیکتاتۆری رۆیشتووین‌و گەرانەوە دژوارە».

لە ئێستادا رەنگە هیچ هێزێک نەیەوێ بکەوێتە خانەی دژە دیموکراسی‌و تەنانەت سیستمە دیکتاتورەکانیش ئیدیعای دیموکراتی ترین سیستم بۆ خۆیان دەکەن‌و بۆ ئەمەش پشت دەبەستن بە هەلبژاردنەکان کە ئەمەش بۆ خوی گرفتێکە کە دیموکراسی لەم وڵاتانە کورت کراوەتەوە سەر هەلبژاردن‌و وەک نووسەریکیش دەلێت گرنگ نیە کێن ئەوانەی دەنگ دەدەن، بەڵکوو گرنگە کێن ئەوانەی دەنگەکان دەژمێرن.

لە ئێستاش کەم نین خەڵکێک کە بە بیانووی بوونی داگیرکاری‌و رزگاریخوازی هەموو بەها دیموکراتیەکانیان تا ئاستی وەلانانی بەها مرۆڤییەکانیش وەلا ناوەو موژدەی ئازادی دەبەخشنەوە بۆ دوای رزگاری‌و تەنانەت سەرکۆنەی ئەو هیزانەش دەکەن کە هەڵگری خواست‌و بەها دیموکراسییەکانن، ئەگەرچی بۆ خوشیان لە مێژساڵە تایبەتمەندیی رزگاریخوازانەیان لە دەست داوەو نە دەتوانن گوندێک رزگار بکەن‌و نە دەتوانن هەلگری کەلتوری دیموکراسی بن.

خەباتی رزگاریخوازی ئاوینەی کەلتوری دیموکراسیخوازانەو رووە ئینسایەکەی نەکرێت‌و هەڵگری گوتاری پێکەوە ژیان‌و ریزگرتن لە جیاوازیەکان کۆمەلگا نەبێ، فاشیزم بەرهەم دێنی، راست چارەنووسی ئەو هێزانەمان بۆ دووپات دەکەنەوە کە چەندەیان لە داگیرکاری کوشت بەو رێژەیەش خەڵکی وڵاتی خوشیان قەتل‌وعام کرد بە هوکاری جیاوازەوە هەر لە بەرپاکردنی شەری ناوخوو تا هێرشبردنە سەر جیابیران‌و قەبزە کردنی دەسەلات لە ریگە نادیموکراسیەکەی.

خەباتی بۆ رزگاریی وڵات هیچی کەمتر نیە لە خەبات بۆ بەرپاکردنی حیزبێکی دیموکرات‌و پابەند بە تولەرانس‌و بەها دیموکراتیەکان. کێشەی حیزبەکانی ئێمە لە ئێستا ئەوەیە کە نە لە فازی رزگاریخوازیی ماونەتەوە و نە لە فازی دیموکراسیخوازی. ئەمە لە گەڵ ئەوەی بەربەرییەتی ترسناک لە نێو هەندێ لەم هێزانە کە هیچ تاییەتمەندیەکی رزگاریخوانەشیان بۆ رۆژهەلات نیە دەبینرێ تا ئاستی بە گژداچونەوەی دیموکراسی.

لە راستیی دا کێشەکانی نێوخوی ئەم چەند ساڵەی حیزبەکان کە کۆمەلیک لێکترازان‌و پێکهەلپرژانی چەکداری بەرامبەر بە یەکیان لێکەوتەوە ئەو راستیە سادەی خستە روو کە هێزیک لە نێوخوی دا تەحەمولی رای جیاوازی نەبێ‌و زمانێکی هاوبەش‌و فۆرمیک لە پێکەوە ژیان بۆ لە دەوری یەک کۆکردنەوەی جیاوازییەکانی نەبێ، دەتوانێ هەمان لیکترازانی نێوخوی حیزب بگوازێتەوە بۆ پێکهینانی لێکترازانی گەورە لە کۆمەڵگاو تێککشانی هەموو جۆرە فۆرمێکی هاوبەش لە لێدان لە جیاوازییەکانی کۆمەلگاوە.

رەنگرێژکردنی کەلتوری کاری سیاسی بە کەلتوری دیموکراسی هیچ پەیوەندی بەوە نیە تۆ هێزێکی ئیسلامی یا چەپ‌و نەتەوەیی، چون لە دواجار ئەم چەمکانە دەبێ مرۆیی بکرێن‌و بە کەلتوری دیموکراسی بارگاوی بکرێن. لە راستیی دا هیزەکانی ئیمە چەند لیک جیاوازن لە روی ئایدیا سیاسیەکانیانەوە، هێندەش لیک نیزیک‌و لێک دەچن لە رووی کەلتورو پەرەنسیپە دیموکراسیەکانەوە.

کەواتە ناکرێ تەنیا بە لای ئەو دروشم‌و موژدانەوە دانیشین لە ژێر ناوی رزگاریخوازی، کوردایەتی‌و ئیسلامیەتی‌و چەپ بوونەوە تا ئاستی دروشمە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک مافی ژنان‌و.... شاگەشکە بین پێیانەوە ئەگەر کۆی ئەمانە لە هەناویان دا بارگاوی نەکرێن بە کەلتووری دیموکراسی‌و دەکرێ لە داهاتووی دوای رزگارییش کۆسپی بەردەم ئازادییە کۆمەڵایەتی‌و رێکخراوەیی‌و تاکەکەسیەکان تا ئاستی گوشینی کۆمەڵگا لە خۆیان پێک دینن وەک ئەو حاڵەتەی لە باشورو رۆژاوای کوردستان دەی بینین.



# با هەوڵ نەدەین مەقبوڵیەت بە جاشایەتی بدەین، هەوڵ بدەین بنبڕبکرێ

عومەر باڵەکی

لە سەد ساڵی ڕابردوودا کە بزاقی ڕزگاریخوازو ئازادیخوازی کورد لە هەرچوارپارچەی کوردستان بە پێی هەلو مەرج لە ئارادا بووە هەتا ئێستا بەردەوامەو لەو ماوە دوورودرێژەدا خوێنو قوربانی زۆری داوە بەخۆشیەوە ولە ژێر سێبەری ئەو گیانبازیو فیداکاریانەدا لەسەردەمی ئێستادا دەبینین کە کوردو کوردستانیان لە وەدیهاتنی ئامانجەکانیان نزیک دەبنەوە کە هەمان ڕزگاریو گەیشتن بە مافەکانی گەلی کوردە. لە باشوری کوردستان دەبینین کە کورد زیاتر لە ٢٠ ساڵە خاوەن پارلمانو دەسەڵاتی سیاسی خۆیەتیو هەڵبژاردنی ئەو دوایانەی تورکیە پێگەیەکی دیکەی لەململانە سیاسیەکانی نێوخۆیی تورکیەبە باکووری کوردستان داوە و کورد لە خۆرئاوای کوردستان هەوڵی داوە لەو هەلو مەرجەی کە لە سوریە هاتوەتە پێشێ هەتا ڕادەیەک بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێو ڕووداوەکانی ئەودوایانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حەرەکەتو جمو جۆڵی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چاوەڕوانی هەلو فورسەتێکە کە خۆی دەسەڵاتی خۆی بەدەستەوە بگرێو ئەوانەو دەیان بەڵگەی دیکە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا قۆناغی زۆر سەختو دژواری بڕیوە بەڵام کۆڵی نەداوە و هەروەکی پێشتر گوترا لە سایەی ڕەنج و تێکۆشان و فیداکاری ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی گەلی کوردلەسەردەمی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە بەشێکی بەرین لە خاکی کوردستانی دابەش کراو بەرهەمی ڕەنجی خۆی بخوا.

بەڵام بێجگە لەو هەموو نەهامەتیەو کوشتارو کاولکاری کە بە سەر کوردستاندا هاتووە، بێجگە لە دەرندەخویی دوژمنە داگیرکەرەکان لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا نەخۆشیو دەردێکی دیکە بەرۆکی خەباتو خەباتکارانی کوردی گرتووە کە زۆر کوشندەیە بۆ بزاقی ڕزگاریخوازی کورد ؛ئەویش دیاردەی جاشایەتیە کە دەردێکە بۆتە سەرباری هەموو دەردان جاش یا جاشایەتی واتە خۆفرۆشتن بە بێگانە بە پارەو پلەو پایە. ئەوخۆ فرۆشتنە دەتوانێت بە شێوەی فرۆشتنی گەلو ولات بێ یا هاوکاری کردنی دوژمن لە بواری جۆراوجۆردا بێ کە زیان بەو کۆمەڵگایە بگەیێنێ کە خودی خۆفرۆشەکەی تێدا لە دایک بووەو گەورەو پەروەردە بووە.

جاشایەتی کۆیلایەتی خۆویستانەیەو دزێوترین ڕەهەندی مرۆڤە لە بەرئەوە کە خسڵەتو تایبەتمەندی مرۆڤی تێدا نامێنێ و دەبنە دوژمنی ئاوو خاکو نیشتمانی خۆیانو لە بەرامبەر جوولانەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازیدا دەبنە بەربەستو هەموو بایەخو ئەرزشە مرۆڤایەتیەکان دەکەنە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان.

دەتوانین جاشو جاشایەتی بە دوو دەستە دابەش بکەین، یەکەم کەسانێک کە بە شێوەی تاکو نهێنی پێوەندی بە دەزگاکانی ئەمنیو هەواڵگریەکانی دوژمنەوە دەگرنو لە بەرامبەر مووچەیەکدا زانیاری بە دژی نەتەوەکەی خۆیانو بە قازانجی دوژمن دەدەنەوە بەو دەزگا هەواڵگریانە کە دەگوترێ سیخوڕ کە زۆر مەترسیدارترن لەوانە بە ئاشکرا چەکیان پێیە. دووهەم ئەو دەستە کەس یا کەسانەن کە بۆ قازانجی تاکەکەسی یا عەشیرەیی یا لە ڕووی تووش بوون بە کۆمەڵێک کێشەو گرفت ڕوو لە دوژمنی گەل دەکەنو چەکی دەسەڵات لە شان دەکەنو شان بە شانی هێزەچەکدارەکانی دەوڵەت لە سەرکوتو ئەزیەتو ئازاری هاووڵاتیو هاوڕەگەزی خۆیاندا بەشدار دەبنو زۆرجاران لە ئەنجامدانی کردەوەی قیزەوندا وە پێش هێزەکانی دوژمنیش دەکەون.

جاش لە بنەڕەتدا بە پێی فەرهەنگی زمانەوانی کوردی بەوئاژەلەشوبهیندەراوەکە گوێ ڕایەڵی بێ ئەم لاو ئەو لایە ولە مانای سیاسیەکەدا ئەوانەی کە ڕیزی خەڵکی خۆیان بە جێ دەهێڵنو تێکەڵاو بە داگیرکەرو دوژمن دەبن جا بە هەر پێوەرێک کە خۆیانی پێی قائیل دەکەن فەرق ناکا چونکە لە بەرامبەر فەرمانو دەستووری ئاغاکانیاندا دەبێ ملکەچ بنو تەنانەت ئەو فەرمانو دەستورە قەتڵو عامی خەڵکی هاووڵاتی، هاوشاریو هاوگوندی خۆشیان بێ، دەبێ بێ ئەملاولا جێ بە جێ بکەن.

بەداخەوە ماوەیەکو جاروبار لە هێندێک لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکاندا دەبیستری بە جێگای بە کارهێنانی وشەی جاش بۆ ئەو کەسانەی ڕیزی خەڵکی خۆیان جێهێشتوەو تێکەڵ بە دەسەڵاتدارو داگیرکەری کوردستان بوون و لە سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری خەڵک شەرێک و برابەش دوژمنن، وشەی چەکداری خۆجێی یان بۆ کار دەبردرێ ئەگەر ئەوە ئیدامەی هەبێ ناڕاستەوخۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان کردەوەو کرداری جاشەکان مەقبوڵیەتی پێ دەدرێو هەرئەوە خۆی خزمەت ناکا بە کەم کردنەوەی دیاردەی جاشایەتی بەڵکوو بە جۆرێک یارمەتی‌دەر دەبێ بۆ پەرەگرتنی دیاردەی جاشایەتی.

> **ماوەیەکو جاروبار لە هێندێک لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکاندا دەبیستری بە جێگای بە کارهێنانی وشەی جاش بۆ ئەو کەسانەی ڕیزی خەڵکی خۆیان جێهێشتوەو تێکەڵ بە دەسەڵاتدارو داگیرکەری کوردستان بوون و لە سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری خەڵک شەرێک و برابەش دوژمنن، وشەی چەکداری خۆجێی یان بۆ کار دەبردرێ ئەگەر ئەوە ئیدامەی هەبێ ناڕاستەوخۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان کردەوەو کرداری جاشەکان مەقبووڵیەتی پێ دەدرێو هەرئەوە خۆی خزمەت ناکا**

کورد ئەگەر هەتا ئێستا لە وشەی جاش کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوە بووە کە خەباتو دزێوی کردارەکەی ئەو دەستە کە پشت یان لە نەتەوەکەی خۆیان کردووە دەربخاو دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە بە هیچ جۆر نەچینە خانەی ئەوە کە قەباحەتو دزێوی کرداری جاشایەتی وا لێ بکەین کە مەقبووڵییەتی پێ بدەین بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەین لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێوەندی بکەین بەو کەسانە کە هەتا ئێستاش هاوکاری دەوڵەتو دەزگا ئەمنیەکانو چەکی جاشایەتیان لە شاندایەو تێیان بگەیێنین کە کردارەکەی ئەوان نەک هەر زیان بە جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دەگەیێنێ بەڵکوو زیان بە خۆشی چ وەک تاکو چ وەک بنەماڵەو تایفەو عەشیرە دەگەیێنێ چونکە ڕەوتی ڕووداوەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە خەباتو خەباتگێڕانو گەل سەردەکەونو ئەوکاتە ئەو جۆرەکەسانە دەکەونە بەر ڕقو قینی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک کە ڕەنگەبۆ پەژیوان بوونەوە دەرنگ بووبێ.

ئەگەر ئەوانە بیر لە داهاتووی خۆیان ناکەنەوە دەبێ بیر لە داهاتووی منداڵەکانیان بکەنەوە کە سبەی دواڕۆژ ناخۆشترین کاتی ژیانیان ئەوکات دەبێ کە بە منداڵی جاش پێناسە بکرێن. ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکی جاشایەتیان هەڵگرتوە دەبێ لە نزیک خۆیان باشوری کوردستان و باکووری کوردستان ببینن کە سەردەمانێک لە ودووپارچەییە کوردستانیش بەداخەوە جاشایەتی بەرەوی هەبووە بەڵام دەبینین لە عێراق دەوڵەتی سەدام ڕوخا وجاشەکان هەر مەجبوور بوون پەنا بۆ خەڵکی کوردستان بەرنەوە و لە تورکیا دەبینین ئەوانەی خەباتیان کردوە خەڵک دەنگیان پێ دەدا و دەبنە ئەندام پارلەمان و ئەوانەی خزمەتی دەوڵەتی تورکیایان کردوە بە دژی خەڵکی خۆیان جووڵاونەوە لە پەراوێزدان و کۆمەڵگا هیچ حیسابیکیان بۆ ناکا.

لە کۆتاییدا با هەوڵ نەدەین بە هێنان و بە کاربردنی وشەی چەکداری خۆجێی لە دزیویو ناشیرینی دیاردەی جاشایەتی کەم بکەینەوە بەڵکوو با هەوڵ بدەین بە تێگەیاندنی ئەو کەسانەو گیرانەوەیان بۆ باوەشی گەلو نیشتمان دیاردەی جاشایەتی بەرادەیەک کەم بکەینەوە کە بگاتەبنبڕبوونی یەکجاری و ئەو ئارەزوە بێنینە دێ کە هیچی دیکە کورد نەبێتە داردەستی دوژمنو ڕیزی خەڵکو خەبات بە بەرگی جاشایەتی نەگۆڕێتەوە.

— — — — — — — — — — — — — — — — — — — —



# ستراتیژی خۆڕاگری یان «نەرمە زەبری» ستراتیژیک؟

ئازاد کەریمی

ماوەیەک پێش نووسینی ئەم دێڕانە «عەلی شەمخانی» سکرتێری «ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران» لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی‌دا ولە کاتی شرۆڤەکردنی بارودۆخی ناوچەکەو وەرچەرخانە سیاسیەکانی جیهان‌دا گوتی: ئەمریکایی‌یەکان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی ئێمە هان دەدەنو یاری دەدەری هەموو دوژمنانی یەکگرتووی ئێمەن بەڵام ئێران ناترسێت!....

ئەم دوو دێڕەی شەمخانی دیارترین هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە زاری بەرپرسێکی باڵای ئەمنیەتی نەتەوەیی ئێرانەوە کە لە ناو کۆمەڵێ قسەوباسو هەڕەشەوخۆهەڵکێشانو هەروەها هەندێ قسەی خەڵکی ناسیاسی خۆی دەردەخا.

بەڵام سەرنجڕاکێشە بگوترێ دوای ئەم هەمووە پلاروپلانوپەلهاوێژییەی ژەنەڕاڵ شەمخانی لە دیمانەکەی‌دا باسی بابەتێکی هێنایە ئاراوە کە دەبێ هەڵوەستەی لە سەربکرێولەچەند ڕەهەندەوە شیمانەو شرۆڤەبکرێ.

شەمخانی باسی «ستراتیژی خۆڕاگرتن»ی کرد لە بەرانبەر ڕووداوەکانی دەوروبەری ئێران‌دا. وەک ئەوەی لە عێراق، سووریاویەمەن وچەند ولاتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕادەبرێ، سیاسەتی جیهانی تووشی وەرچەرخان کردوە، بۆوێنە پرسی ڕێکخراوی»داعش»و پەرەسەندنەکانی لە عێراقوسوریا ومەترسی ئەم ڕێکخراوە بۆسەرئێران وەک ولاتێ کە پشتیوانی لە دەوڵەتانی دژە داعشی وەک عێراق و سووریادەکا. لە بەر ئەوەی لەم دوو وڵاتەدا شیعەکان خاوەن دەسەڵاتنو ئێران وەک خۆیٍ ئەڵێ میراتگەری شیعەی ڕاستەقینەیە بە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانێ پشتیوانی لە هەموو شیعەکانی جیهان بکاتو یارمەتی کردنی دەوڵەتانی ناوبراو وەک ئەرکێکی ئایینیو بنەڕەتی‌یە بۆ کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەوەی دژبە ڕێکخراوی داعش شەڕدەکەنو داعش گرووپێکی سوننە مەزهەبی بناژۆیەو ڕکابەریو شەڕی نێوان شیعەو سوننی لە چەند سەدە پێش ئێستاوە دەستی پێ کردوەو ئەم شەڕە عەقیدەتیە ئێستا لە لووتکەی تێکهەڵچوونو بارگرژی‌دایە. ئێران بە خۆیو بەرەی شیعە دەڵێ « هێڵی بەرگری» واتە شیعە لە حاڵەتی بەرگریکردن لە خۆیدایەو ئەمریکا کە ولاتێکی گەورەی کریستیانەوولاتە عەرەبیەکان کە سوننی مەزهەبنو ئیسرائیل کە ولاتێکی جوولەکەیەو بە گشتی هەموو جیهان هێرشیان کردوەتە سەر بەرەی شیعەو ئێران ،هەربۆیە ئێرانو هێڵی بەرگری شایەنی ئەوەیە پارێزگاری لە خۆی بکات. بەهەرحاڵ هێڵی بەرگری بە سەرۆکایەتی ئێران وەک لە قسەکانی شەمخانی دەردەکەوێت بۆی هەیە بۆ بەرگری کردن لە خۆی دەست بداتە هەموو کارێکی مەشروع ونامشروع (ڕەوا- ناڕەوا) و بەزاندنی هەموو سنوورە ئەخلاقییەکان تەنانەت ئەگەرکوژرانی ٣٠٠ هەزار کەسی مەدەنی لە سووریا لێ بکەوێتەوە ولە عێراقدا کوشتاروناسەقامگیری وشەڕی




تایفەیی بەرپا بکرێ لە یەمەن ژیانی خەڵک تێک بچێت ویان لوبنان کاول بکرێو پرۆژەی دەوڵەتی فەلەستین لە تەنیشت دەوڵەتی ئیسراییل لە بار ببردرێو تەنانەت بیهەوێ بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات بۆ هەڕەشە لە جیهان.هەموو ئەوانە لە ڕوانگەی شەمخانییەوە بۆ پاراستنی هیلالی شیعە ڕەوایە. شەمخانی کاتێ باسی ستراتیژی سەبرو خۆڕاگرتن دەکات کە دەوڵەتەکەی خۆی هەموو هێڵە دیاری کراوەکانی یاسا مرۆڤیەکانی تێپەڕاندوەو لە هەموو کەتنو پیلانگێڕیو بێ پەیمانی یەک خۆی نابوێرێ.

تیمسار شەمخانی دەڵێ «هێڵی بەرگری» لە هەموو لایێکەوە بەرەوڕووی دوژمنان بۆتەوەو وڵاتانی عەرەبی گرووپە سەلەفیە سوننی‌یەکان دژبە کۆماری ئیسلامی هان ئەدەن. دیارە توندوتیژی پاساوی نیە، بەڵام دروست بوونی سەلەفیو ڕێکخراوی داعشو ئەوڕادیکاڵیزمەی لە جیهانی سوننی‌دا هاتوەتە ئاراوە دەتوانین بڵێین لە ئاکامی سیاسەتی مەترسی‌داری « صدور انقلاب»ی خومەینیو کۆمارە شیعە مەزهەبەکەی ئەودا هاتنە گۆڕێ... کاتێ زانکۆی «المستنصریه» لە بەغدا تەقێندرایەوەو شەڕی ئێرانو عێراق دەستی پێکردو کاتێ «ساف» ویستی لە گەڵ ئیسرائیل پێک بێت و دەوڵەت ڕابگەیەنێت، ڕێکخراوی جیهاد ئیسلامی دروست کرانو «اسماعیل هنیەو خالد مشعل دژبە ئامانجی فەلەستین هان دران. کاتێ ئیسرائیل لە لوبنان کشایەوە «حزب‌اللە»ی لوبنان کەوتە هەڵگیرساندنی شەڕومالکاول بوونی لوبنانی لێکەوتەوەو کاتێ بەهاری عەرەبی هاتە ئاراوەو سووریا لە لێواری میوانداری کردنی شۆڕشی بەهاری عەرەبیدا بوو، بەشار ئەسەد هان درا وەک سەردارێکی خوێنخوری کلاسیک سواری ئەسپی سەرکەشی ملهوڕی ببێو دەست لە پاکو پیس نەپارێزێو نیشتمانەکەی خۆی بکا بە گۆلاوی خوێن... هەروەها دنەدانی گرووپی حوسی لە یەمەنو ئاژاوەگێڕی لە ناوچەی دەریای سووردا.

ئەوەی دیارە کۆماری ئیسلامی خۆی خستوەتە بازنەیەکی ئاگرینی سیاسەتە ئاڵۆزەکەی خۆیەوەو بە هۆی ئەوەی وەک تۆپێکی ئاگرین وایەو ڕوو لە هەرکوێ دەکات دەیسووتێنێ، هەمووکەس خۆی لێ دەپارێزی... بەڵام ئەم تۆپە ئاگرینە هەتا

←

# سەرکەوتنی HDP داکشانی AKP



عەزیز مەعروفی

یەکشەممە ٧ی ژووئەن، هەڵبژاردنە گرینگ و چارەنووسسازەکەی بیست و پێنجەمین خولی پارلمانی تورکیە کۆتایی هات. چوار پارتی سەرەکیی، پارتی عەداڵەت و گەشەپێدان ( ئاکەپە)، پارتی گەلی کۆماری( جەهەپە)، پارتی نەتەوە پەرەستی تورک ( مەهەپە) و پارتی دیموکراسی گەلان ( هەدەپە) کە لە کێبەرکێی توند دابوون، بە ١٦ پارتە بەشداربووەکەی دیکەشەوە قورسایی و سەنگی خۆیان بۆ دەرکەوت. ڕێژەی دەنگ و ژومارەی کورسییەکانی چوار پارتە سەرەکییەکە بەم جۆرەیە؛ ئاکەپە؛٤٠،٦٦٪ی دەنگەکان و ٢٥٨ کورسی، جەهەپە: ١٣،٢٥٪ی دەنگەکان و ١٣٢ کورسی، مەهەپە:٤٥ ،١٦.٪ی دەنگەکان و ٨٠ کورسی و هەدەپە٩٦،١٢٪ی دەنگەکان و ٨٠ کورسییان وەدەست هێنا. ئەو ڕێژانە بە بەراورد لە گەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنی ١٢ی ژووئەنی ٢٠١١، گۆڕانێکی بەرچاوە؛ جەهەپە، سێ کورسی کەمی کردوە، مەهەپە‘ش چەند کورسییەک زیادی کردوە.

لەو هەڵبژرادنەدا کە ٨٣٪ خەڵک تێیدا بەشدار بوون و، کە بە گەرم و گوڕترین هەڵبژاردنی تورکیە دادەنـدرێ، پەیام و ڕاسپاردەی نوێی ئاڕاستەی پارتە سیاسیەکان و نەخش و ڕۆڵیان لە دارشتنی سیاسەتی تورکیە دا کردوە. هەدەپە توانی بەربەستی ١٠٪ تێپەڕێنێ، هەروەها ئاکەپە ڕێژەی دەنگەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی. لە خوارەوە هەلسگاندنێکی کورت لە سەر پرۆسەکە، بە تایبەت لە سەر ئاکەپە و هەدەپە دەکەین؛

پارتی دەسەڵاتداری تورکیە، ئاکەپە، لە سێزدە ساڵی ڕابردوودا ٩ هەڵبژاردنی بردبۆوە، هەڵبژرادن لە دوای هەڵبژاردن ڕێژەی دەنگەکانی هەڵدەکشا. ئەردۆغان لە ١٠ی ئاگوست ٢٠١٤ لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دا ٥٢٪ دەنگەکانی وەدەست هێنان. لە ڕوانگەی شارەزایانی کاروباری نێو تورکیە، هەڵبژاردنی ئەو جار سەنگی محەک بوو بۆ خەونەکانی ئەردۆغان. داکشانی ٩٪ی ئەردۆغان و پارتەکەی لە چاو هەڵبژاردنی ١٢ی ژووئەنی ٢٠١١ و ١١٪ لە چاو هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دا، کۆتایی بە خەونەکانی ناوبراو هێنا کە بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد پارتەکەی ٤٠٠ کورسی پارڵمانی وەدەست بخات، کەچی نەک ٤٠٠ کورسی بەڵکو کەمتر لە ٢٧٦ کورسی وەدەست هێنا کە بەو ژومارەیە ناتوانێ بە تاقی تەنیا حکومەت پێک بێنێ. بەم جۆرە، ویست و ئامانجەکانی ناوبراو بۆ سیستمی سەرۆکایەتی، گۆڕینی دەستوور بە پێی مەیل و خۆلیاکانی بە مێژوو سپێردران. داکشانی ئاکەپە، ئەگەرچی بۆ ئاڵۆزی و کێشە نێوخۆییەکانی نێو تورکیە، خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی پارکی گەزی و ئاشکرا بوونی گەندەڵی وبەرتیلەکانی کابینەی دەوڵەتی ئەردۆغان دەگەڕێتەوە و ئەمانە بە نۆرەی خۆیان گورزی کاریگەرییان لە هەیبەت و قورساییەکەی وەشاند، بەڵام کەمبوونەوەی دەنگ و کورسییەکانیی ئەو ڕاستییەی دەرخست کە کێشەی کورد لە تەواوەێتی خۆیدا و، بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی ڕوو لە گەشەی کورد، ٦،٨٪ دەنگەکان و ٣٢ پارلمانتێری بردەوە. هەدەپە، وەک درێژ کراوەی بەدەپە، توانی بە سەر کۆت و بەندی ڕێژەی ١٠٪ دا سەربکەوێ و بۆ یەکەم جار پاش ٣٢ساڵ ئەو بەربەستە سەپێنراو و ناعدڵانەی شکاند. ئێستا کە خەباتی سیاسی و مەدەنی باکوری کوردستان لە ژێر چەتری پارتێکی مەیلە و چەپی سەراسەری دا ڕەوەڕەوەی شۆڕش بەرەو پیش دەئاژوێ و توانوێتی لە مەترسی و هەڕەشەی کۆت و بەندی هەڵبراژدن ڕزگاری بێ و ئەو هەڕەشەیەی ڕەواندەوە دەرگای بۆ کردووینەتەوە لەمەودا بە ڕەخنەی بەجێ و پێشنیاری بە کەڵک بۆ شۆڕشگێڕانی باکوری کوردستان، بەربینگ بەو پارتە و ڕێبەرانیی بگرین. کەواتە بۆچی هەدەپە؟ بۆچی پارتی چەپی سەراسەری تورکیە؟

وەک پێشتریش کووتومانە، هەدەپە، لە درێژەی پرۆسەی چارەسەری و ئاشتی پێکهاتووە پرۆسەیەک کە زۆرترین لێکدانەوە و زۆرترین دەنگۆی لە سەر ساز کراوە و کەمترین بەرەو پێشەوە چوونی هەبووە. لە کاتێکدا دەسپێکی ئەو پرۆسە لە ڕاستیدا بۆ دەور لێدانەوەی تورکیە لە گەشەی خەبات و شۆڕشی کورد لە ناوچە دایە، ئەگینا ئەگەر هەل و مەرجی



کورد گورزی هەرە کاریگەر بۆ سەر ئەو پارتە بوون. ئەگەرچی ئەو پارتە، هێشتا یەکەم پارتی براوەی هەڵبژاردنەکەیە، بەڵام بە جۆریک لە نزمی دا کە تەنانەت مەترسی وەرین و ئاڵتەرناتیف هەڕەشە لەو پارتە بکات. دەنگدەری کورد و تورک ڕێی لەوە گرت سیستمی؛ پوتین–مەدۆدۆف لە تورکیە وەدی بێ.

بەدەپە‘ی پێشوو لە هەڵبژاردنی ٢٠١١دا بە شێوەی پاڵیوراوی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکان

شۆڕشی کورد وەک ٢٠–١٠ ساڵی ڕابردوو بایە، پرۆسەیەکی وەها بۆ هیچ مەبەستێک وەرێ نەدەخرا. بەو پێیە، خەباتی ڕوو لە گەشەی کورد بە تایبەت ویستی سەربەخۆیی باشوری کوردستان، بوژانەوە و هەستانەوەی خەباتی ڕۆژئاوای کوردستان و دووره دیمەنی ئەو ڕووداوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ویـڕای خەباتی هەمە لایەنەی باکوری کوردستان، ئەو پرۆسەی وەڕێخستووە. کوردستانی باکور لە دوو ڕێگاوە ویستوویەتی کاریگەری بخاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، یەکەم بە ڕێگای چەک و دەست تێوەردان، دووهەم بە ڕێگای پشتیوانی شەقام و دەنگی کۆمەڵانی بەرینی نێو شارەکان. ڕێگەی یەکەم خەراپترین جۆری کاریگەری و بە پیچەوانەوە ڕێگای



دووهەم باشترین جۆری کاریگەری. کەچی، هەلوەشاندنەوەی بەدەپە و چوونە ژێر چەتری پارتی چەپی سەراسەری، بەو جۆرەی شیاو بوو نەیهێشت، کورد، ویستی ڕوو لە گەشەی سەربەخۆیی باشوری کوردستان و پەرە گرتن و پیشەوەچوونی ڕۆژئاوای کوردستان بکات بە کارتێکی کاریگەر و کێشەی کورد و کوردستان بکات بە ڕیژەوی بەرنامە و سیاسەتەکانی لە شارەکانی کوردستان. کەواتە وەلانانی ڕێگای یەکەم و سوور بوون لە سەر ڕیگای دووهەم، دەیتوانی زۆر لەوە زیاتر بە قازانجی کوردستانی باکور و کورد بە گشتی بێ.

ئەگەر بزانین ئاکەپە، بە شیوەیەکی بەرچاو دەنگەکانی لە شارەکانی کوردستان کەمی کردوە وێـڕای ڕاستییەیانەی سەرەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەگەر کوردەکان لە ژێر فاکتەری ڕاستەخۆی کورد بە گشتی چووبانە نێو هەڵبژاردنەکان و بە وردی لە قاوی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان و دەوڵەتەکانی پیش ئەویان دابا و کەڵکیان لە قورسایی کێشەی کورد بە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە وەرگرتبا، دەتوانین دڵنیا بین کە دەنگی پارتە سەرەکییەکانی تورکیە لە کوردستان زۆر زۆر لەوە کەمتر دەبوو و کورد ئەو کاتیش بەربەستی ١٠٪ دەشکاند و دەیتوانی دەنگ و ڕادەی کورسییەکانی وەک ڕیفراندۆمی کورد لە سەر مافەکانی چاو لێبکات. ئەگەر چاو لێبکەین کە ئاکەپە لە شارەکانی، باتمان، چەولیک، بتلیس، دیاربەکر، ئەرزڕۆم، قارس، ماردین، موش، سیرت، عورفا، وان و ئەرزنجان ٢٧ کورسی وەدەست هێناون و بەرامبەر بە هەدەپە دەنگەکانی زۆر لە کەمی داوە و، مەهەپە چارەنووسی لە کوردستان سڕایەوە و کورسییەکانی جەهەپە لە چەند کورسی زیاتر تێناپەڕێ، ئەو کات تێدەگەین کورد دەرفەتێکی باش کە دەیتوانی بیقۆزیتەوە، بە فیڕۆی دا.

ئێستاش بە خۆشییەوە، هەدەپە ئەو بەربەستە نادیموکراتییەی تێکشکاندوە و بە قورساییەکی گەورە پێی خستۆتە پارڵمان و لەو ریسکە گەورەی کردی سەرکەوتوو لە ئاو هاتەدەر، بۆیە دیسانیش ئەرک و بەرپرسیارێتی گرینگ و مێژوویی لە سەرن. دەزانین کۆماری تورکیە لەو سەد ساڵەی ڕابردوودا زەربری گورچ و بڕی لە یەکێتی کورد، لە ماف و ئامانجەکانی کورد، لە زمان و کەلتوری کورد، لە ناسنامە و موزیکی کورد، لە هەست و نەستی کورد وەشاندوە. سیستمی ئاسیمیلاسۆنی تورکیە، بە درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو کارێکی کردوە کە کەسایەتی کورد تێک بشکێنێ و کورد بوون بە تاوانی نەبەخشراو چاو لێبکا و هەوڵ بدات بە هەموو ڕێگایەک کورد لە کورد بوونەکەی بشواتەوە. کورد لە باکوری کوردستان لە هەموو بارێکەوە هەستانەوەی بنەڕەتی پێویستە، ئەوەیە کە ئەرکی هەدەپە و شۆڕشگێڕەکانی لە هەموو کاتێک قورسترە و ئەرکێک کە لە سەرێتی بە میلیونان و سەدان هەزار کوردەی لە کوردستان هەڵقەندراون و پەڕیوەی کەلێن و قوژبنی شارەکانی تورکیە کراون، بهێنێتەوە نێو بازنەی کوردایەتی و بە شیویەکی ڕیک و پێک ڕێکیان بخاتەوە. پێش هەموو شتێک ڕۆڵەکانی باکوری کوردستان دەبێ شانازی کورد بوونیان بۆ بگەڕێندرێتەوە کە دەیان ساڵە زیندان، کوشت و بڕین، سووتمان و وێرانی لێی زەوت کردوون. هەدەپە نابێ لە بیری بچێ، پێش ئەوە پارتێکی سەراسەری و چەپی تورکیە بێ، شۆڕشگێڕانی باکوری کوردستان و بەشی هەرە گەورەی کوردستانن. بە پێچەوانەی ئەوەی بەرێز سەلاحەدین دەمیرتاش لە قسەکانی دا بە بۆنەی سەرکەوتنی پارتەکەی پێشکێشی کردن کە هەدەپە تورکیە، تورکیە هەدەپەیە و پارت ڕاستەقینەی سەراسەری تورکیەن، ئەوان پێش هەموو ڕاستییەک شۆڕشگێڕان و پارتی کوردستانین. هەدەپە لە سەکۆی پارڵمانی تورکیە دەتوانێ لە ئاستێکی بەرزتر لەوە سیاسەت بکات کە تاکوو ئێستا بوویەتی. چوونی ٣١ ژن لە کۆی ٩٦ کورسی پارلمانی لە ریزی هەدەپە، ریز لە مافی کەمایەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ، هەوڵ دان بۆ ئاشتی لەو بایەخانەن ریشەیان لە مێژووی کورد و بایەخە مرۆییەکانی دایە، بەر لەوەی هەدەپە ئەرکی قورسی دێموکراسی لە تورکیەیەکی ئاڵۆز وە ئەستۆ بگرێ، ئەوەندە ئەرکەشی هەن کە ئازایانە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بۆیان تێبکۆشێ و ڕیشەی دەیان کێشەی قورسی کۆمەڵایەتی و کەلتوری کە بە درێژایی دەیان ساڵ دەوڵەتی تورکیە بە سەر کۆمەڵگەی کوردستان دای سەپاندوون و شانی کوردی داخزاندووە، بنبڕ بکات. لە یەک ڕستەدا، هەدەپە نابێ لە سۆنگەی دابین کردنی دێموکراسی بۆ کۆمەڵگەی ئاڵۆز و پڕ لە کێشەی تورکیە، ماڵەکەی خۆی و کوردستان لە بیر بکات. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، لەو ڕەوتە نوێیەدا، دەستی ڕێبەرانی نێوخۆ بە هێزتر و قرمەی چەک و ویزەی گوللەکان کەم دەنگتر و، هاوکات لە کاتی پێویست دا شەپۆلی دەنگ و ڕەنگی چەق و تەختایی شارەکانی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر بە هێز و دەریای شۆڕش و ڕانەوەستانی نێو شارەکان لە هەموو کاتێک زیاتر قووڵتر بکاتەوە.

لە ٧ی ژووئەن دا بەشێک لە خۆری کورد لە ژێر هەورە چڵکنەکان دا هاتە دەر.

**دریژەی:**

# ستراتێژی خۆڕاگری یان «نەرمە زەبری» ستراتێژیک؟

ماوەیەکی دیاری کراو لە مەودایێکی دیاری کراودا بۆی هەیە خۆی هەڵسوورێنێو نمایشتی هێزی خۆی بکات. لەبەر ئەوەی وزەو خۆڕاگرتنی جیهانیش ڕادەیەکی دیاری کراوی هەیە. هەربۆیە بەربەستی بۆ دروست دەکەن‌و ڕایدەگرن.

کۆماری ئیسلامی لە زاری شەمخانی‌یەوە باسی ئۆپۆزیسیونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات‌و بە «ئەوانەی وا بۆسە و کەمین بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنێن» ناویان دەبات. ئەوەی دیارە ئۆپۆزسیێونی کوردی ڕۆژهەڵات ڕۆڵەی ئاوو‌خاک‌و بنەماڵەکانی خۆیان‌و ڕیشەو ڕەگەزو خوێنیان هی وڵاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە‌و ئەگەربە زۆر دەرکرابێتن یان ڕێگەی بە جێهێشتنی زێدوخاک‌و نیشتمان‌و بنەماڵەی خۆیان گرتبێتە بەر، بە زەبروزەنگی ئەو دەوڵەتە فاشیستە مەجبوورکراون بڕۆن‌و ڕێگەی پارێزگاری لە بایەخە مرۆییەکان‌و کوردایەتی بگرنە بەر... هیچ پاساوێک بۆ داگیرکردنی کوردستان ڕەوا نیەو هیچ ویژدان‌و بیرو ئەقڵیەتێکی دروست ئەمە قەبووڵ ناکات خەڵکی بێگانە بە پلانگێڕی‌و خەیانەت‌و جبەخانەو فڕۆکەو تۆپ‌و تانک‌و هێزی چەکداری سەدان هەزار کەسی، خاک‌و داروبەردو ئاسمان‌و سامان‌و سروشت‌و مێژووی وڵاتێکی دیکە داگیربکات‌و بە سیاسەتی «پاڵەپەستۆ»‌و «ڕاوەدوونان» و «بوغزاندن‌و تاساندن»، خەڵکی ئەووڵاتە دەربەدەر بکات،پاشان لە شیعەکانی لوبنان‌و ... خەڵکی بەکرێگیراو بکرێت‌و پاسپۆرتیان بۆ دروست بکات‌و لە ئەڵمان‌و ئۆتریش‌و فەڕەنسا، سەرۆک‌و سەرکردەکانی ئەووڵاتە داگیرکراوە تێرۆر بکات‌و پاشان بە هەزاران هەزار دۆلارباج‌و «دەمبەستانە» بە خەڵکی کاربەدەستی ئەو دەوڵەتانە بدات تاکوو باسی ئەم تێرۆرانە نەدرکێندرێن!

شەمخانی بە ئەدبیاتی دارستان قسە دەکات‌و دەڵێت حزبە کوردیەکان لە کەمیندان. مرۆڤ پێکەنین دایدەگرێت کاتێ بیردەکاتەوە کۆماری ئیسلامی خۆی وەک دڕندەیەک دەبینێ وا بەرخێکی نازداری بە قەپاڵ گرتوەو هیچکوێ شک نابات بیخوات، لە بەر ئەوەی بە دزیەتی‌و بەدخوویی هاتوە لە مێگەلی خەڵکی داوەو لە گیانی خۆی دەترسێ نەکا کەسی لە خۆی بە هێزتر پەیدا بیت‌و بەرخەکە لە چنگی دەربێنێ. کەشی مالیخولیای هزری سیاسەتمەدارانی ئێران بەردەوام باسی «کەمین»‌و «پیلانگێڕی»‌و «لە ناکاوبەسەردادان»‌و ئەم چەمکە ڕەشبینانە دەکات، ئەوە لە کاتێک‌دایە خۆیان بە کەمیندانان‌و دروست کردنی کەندو کۆسپ بۆ هەموو جیهان دەیانەوێ ژیان ببەنە سەرو پارەی نەوت‌و مافیا جۆراوجۆرە کانیان لە بانکەکانی سویس‌و ... کەڵەکە بکەن و بیکەن بە خەڵاتی تێرۆریسمی دەوڵەتی.

لە کۆتایی‌دا با بگوترێ کوردستان مێژووی سەربەخۆی دیارو تۆمارکراوی خۆی هەیەو دەیان هۆکار بە نەزانکاری‌و خۆبە کەم زانینی هەندێ لایەنی کورد لە سەدەکانی پێشووداو دەستوەردانی یەک،دوو زلهێزی ئەورووپایی کلاسیک لە کاردا بوون تاکوو گەلی کورد لە سەربەخۆ بوون بێ بەش بکرێ. ئەوەندەش دیارە مێژووی کوردو فەرهەنگی نەتەوەیی کورد ئەوەندە ڕەسەن‌و تۆکمەیە هەتا کۆشش بکرێ بۆ وردکردن‌و بچووک کردنەوەی، زیاتر خۆدەگرێ‌و خۆی دەپارێزی. جا ئەگەروانەبوایە لە پاش ئەو هەموو کوشت‌وبڕ وتێرۆرانەی سەران‌و سەرکردەکانی حێزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حێزبی دێموکراتی کوردستان، ژەنەڕال شەمخانی بە خشکە و ناڕاستەوخۆ لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی‌دا بە هەموو ئێرانیەکانی ڕانەدەگەیاند حیزبەکانی کوردستان بە تەمای گەڕانەوەن بۆ زێدی خۆیان...

گەڕانەوەی حیزبەکان بۆ ناوخاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافی سروشتی‌و هەتاهەتایی ئەوانەو هیچ هێزێکی مادی‌و مەعنەوی بە هیچ پاساوێکەوە ناتوانێ ئەو مافە لە ئەندامان‌و لایەنگران‌و پێشمەرگەکانی سەربەو حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسیانە بگرێت‌و هەرهەنگاوێ لەو چەشنە، تێرۆریسمێکی ئاشکراو جینۆسایدێکی مەعنەوی‌و پاکتاوکردنی گرووپە کوردیەکانەو دەچێتە خانەی «جنایت جنگی» یان کەتن لە شەڕدا دژی‌مرۆڤایەتی.

تیمسارشەمخانی دان بە هەبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا دەنێت‌و وەک هێزێکی هێرشکار ناویان دەبات‌و ئەوەش پڕۆپاگەندەی سی وچەند ساڵەی ئەوان پووچەڵ دەکاتەوە وا دەیانگوت ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە ناوچووە و خەڵکی موسڵمانی کوردستان لە ئێراندا، لایەنگری ڕێژیمن ئەگەروایە کوشتنی ڕۆڵەکانی هەمان خەڵکی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چ واتایەکی هەیە؟

دیسان ڕاشکاوانە پێویستە بگوترێ: دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەخراوەو بە دانەخراوی دەمێنێتەوە، ژەنەڕاڵ شەمخانیش ئەم ڕاستیەی دووپات کردەوە!...

# سیاسەت و بەجیهانی بوون




ڕێبوار مەعروفزادە


ڕەنگە بەجیهانیبوون یان گلۆبالیزم بۆ بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی وەبیرهێنەرەوەی کتێبەکانی "کۆتایی مێژوو"ی فرانسیس فۆکویاما و "وێککەوتنی شارستانییەتەکان"ی ساموئێل هانتینگتۆن بێ. هەر دوو کتێب باسیان لە نەزمی نوێی جیهان دەکرد؛ فۆکویاما پێی وابوو کە پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت، لیبراڵ دێموکراسی هەموو جیهان دەتەنێتەوە. بەڵام هانتینگتۆن پێی وابوو لە جیهانی نوێدا کولتوور دەبێتە سەرچاوەی گرژی و شەڕ، کەوایە شارستانییەتە جیاوازەکان تووشی وێککەوتن و شەڕ لەگەڵ یەکتر دەبن. تێپەڕینی کات دەریخست، کە هەر دووکیان هەڵە بوون. بە تێپەڕینی نزیک لە 25 ساڵ لە دەرچوونی کتێبی "کۆتایی مێژوو" لە ساڵی 1992، ئێستاش چین و ڕووسیە خاوەنی سیستمێکی لیبراڵ دێموکراسی نین و تەنیا کاپیتالیزم (ئابووری ئازاد) یان قبووڵ کردووە. هەروەها بەردەوامی ڕژیمەکانی ئیسلامی وەک ئێران و عەرەبستان هەموو نیشانەی نادروستبوونی لێکدانەوەکانی فۆکویاما بوو. هانتینگتۆنیش کە لە ساڵی 1993 کتێبی "وێککەوتنی شارستانییەتەکان"ی بڵاو کردەوە، شەڕی نوێی جیهانی بە پێچەوانەی فۆکویاما، نەک وەکوو شەڕی ئایدیۆلۆژی و ئابوورییەکان، بەڵکوو وەک شەڕی شارستانییەتەکان پێناسە دەکرد. بەڵام بە پێچەوانەی ڕوانینی هانتینگتۆن زۆربەی ئەو شەڕانەی لە دەیەی 90 بەملاوە ڕووی دا، شەڕی نێوخۆیی بوون نەک شەڕی نێوان شارستانییەتەکان. لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت هەتا سەرەتای سەدەی بیستویەکەم، 116 شەڕ ڕووی دا کە 89 یان شەڕی نێوخۆیی و تەنیا 20 یان شەڕی نێودەوڵەتی بوون (Nye, 216). لەگەڵ ئەوەدا کە ڕوانگەی فۆکویاما و هانتینگتۆن بۆ پێناسەکردنی جیهانی نوێ ڕاست نەبوون، بەڵام لەوەدا ڕاست بوون کە ئێمە لە سەردەمێکی نوێ و جیهانێکی نوێ دا دەژین. ئەو جیهانە نوێیە لەسەر چ بنەمایەک بنیات نراوە؟ سیاسەت بە واتای پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان و کێشەی هەبوونی دەسەڵات و هێژمونی لە نەزمی نوێی جیهانیدا چۆنە؟ کوردایەتی لە سەردەمی نوێدا چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟

### بەجیهانیبوون و شۆڕشی زانیاری

جیهانی نوێ جیهانێکی لێکگرێدراوتر و پێکەوەبەستراوترە. لە جیهانی نوێدا پەیوەندی و پێکەوەبەستراویی نێوان دەوڵەتان، گرووپ و تاکەکان زۆر زیاتر بووە. بەجیهانیبوون تارادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژی بنیات نراوە. شۆڕشی زانیاری تێچووی پەیوەندی کەم کردۆتەوە و خێرایی پەیوەندیشی یەکجار زۆر کردووە. بۆ نموونە لە ساڵی 1993 تەنیا 50 سایت لە ئاستی جیهاندا هەبوون، کە تا کۆتایی ساڵی 2010، ژمارەی سایتەکان گەیشتە 255 ملیۆن سایت (Nye, 298). لە ساڵی 1930 تێچووی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی کورت 250 دۆلار بوو کە ئێستا ئەو تێچوویە بۆ زۆر کەمتر لە یەک دۆلار دابەزیوە (Nye,298). تەنانەت ئێستا بە کەڵکوەرگرتن لە فەیس بووک و سکایپ و ... نرخی پەیوەندی گرتن تا ئاستی خۆڕایی دابەزیوە. لە ساڵی 1991 نزیک 1% حەشیمەتی جیهان دەستی بە ئینترنێت ڕادەگەیشت، ئێستا نزیک 40% حەشیمەتی جیهان، واتە زیاتر لە 3 میلیارد کەس دەستی بە ئینترنێت ڕادەگا. لە ساڵی 2004، کە مارک زاکێربێرگ تۆڕی فەیس بووکی دروست کرد، نزیک یەک میلیۆن کەس بوون بە بەکارهێنەری فەیس بووک. لە ساڵی 2004 تا 2013، بەکارهێنەرانی فەیس بووک لە یەک میلیۆن کەسەوە بۆ زیاتر لە یەک میلیارد کەس بەرز بۆتەوە.

### بە جیهانیبوون و پێکەوەبەستراویی

ئەو پەیوەندی و لێکگرێدراوییە بەرفراوانە گۆڕانی بەسەر بازرگانی، شەڕ، تەندروستی، پەروەردە، سیاسەت و ... هتد هێناوە. بە واتایەکی دیکە بەجیهانیبوونی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازیی، سیاسی و ... هتد هەیە. بەجیهانیبوون وایکردووە ڕاگواستنی کاڵا زۆر ئاسانتر و هەرزانتر بێ و بەمشێوەیە بازاڕی ئاڵوگۆڕی کاڵا تا ڕادەیەکی زۆر ببێتە بازاڕێکی جیهانی. ئەو ئاڵوگۆڕی شتومەکە لە ڕابردووشدا هەبوو بەڵام لە چەند دەیەی دواییدا خێرایی و بەرفراوانییەکی بێ وێنەی بەخۆیەوە گرتووە. کۆمپانیاگەلێک دروست بووە کە خاوەنەکانیان خەڵکی چەند وڵاتی جیان و لە چەندین وڵات نوێنەرایەتیان هەیە. ئەمڕۆکە نزیک بە نیوەی شتومەک بە دەست کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان بەرهەم دێ. بۆ نموونە جێنراڵ ئێلێکتریک مۆتۆر (General Electric Motor) کە کۆمپانیایەکی ئەمریکییە و هەر بە تەنیا سەرمایەکەی لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان زیاترە، زیاتر لە نیوەی کارمەندانی، واتە نزیک 300 هەزار کارمەندی لە دەرەوەی ئەمریکان (Economist). زۆرێک لەو کۆمپانیانە سەرمایە تەرخان دەکەن تا یاسا و سیاسەتی وڵاتان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بگۆڕن. پەیوەندی ئابووری نێوان وڵاتانیش یەکجار بەرفراوانتر بووە. زۆرێک لەو پەیوەندییە ئابوورییانە لە نێوان وڵاتاندا بەستراوە، پەیوەندییەکی ناهاوسەنگە، بەو واتایە کە بەستراوەیی وڵاتێک بە وڵاتەکەی دیکە زۆرترە. لە دۆخی بوونی پەیوەندی ئابووری ناهاوسەنگ، وڵاتی باڵادەست پەیوەندی ئابووری وەک چەکێک بەکار دێنی و بە دانانی گەمارۆی ئابووری، وڵاتەکەی دیکە ناچار دەکا سیاسەتەکەی بگۆڕی.

بۆ نموونە ئەگەر پەیوەندی ئابووری هەرێمی کوردستان لە 1991 تا 2015 لەگەڵ تورکیە و ئێران لەبەرچاو بگرین، دەبینین کە ئێستا بەستراوەیی ئابووری هەرێمی کوردستان بەو دوو وڵاتە یەکجار زۆرە. لەگەڵ پەیوەندی بەرفراوانتریش بەستراوەیی زیاتر بەرهەم دێ. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی تورکیە یا ئێران نرخی سووتەمەنی گران بکا، نرخی ڕاگواستنی شتومەک دەچێتە سەرێ و زیانی ئابووری گەورە وەبەر هەرێمی کوردستان دەکەوێ. لە دۆخی بوونی پەیوەندی ئابووری ناهاوسەنگ، وڵاتی باڵادەست پەیوەندی ئابووری وەک چەکێک بەکار دێنێ و بە دانانی گەمارۆی ئابووری وڵاتەکەی دیکە ناچار دەکا سیاسەتەکەی بگۆڕێ.



### شەڕ لەسەردەمی بەجیهانیبوون

هەروەها لە بواری سەربازیدا لە سەردەمی بەجیهانیبوون، شەڕی ناوهاوسەنگ دەبێتە یەکێک لە بەرچاوترین جۆرەکانی شەڕ. شەڕی ناهاوسەنگ بە شەڕێک دەکوترێ کە تێیدا لایەنێکی لاواز و بچووک لەبەرامبەر لایەنێکی گەورەدا شەڕ دەکا. تێرۆریزم بەرچاوترین جۆری شەڕی ناهاوسەنگ لە سەردەمی بەجیهانیبوون دایە. توانای سەربازی ئەلقاعیدە لە توانای سەربازە ئەمریکا زۆر بچووکترە، بەڵام بەم حاڵەش ئەلقاعیدە توانی و دەتوانی هەڕەشە بۆ ئەمریکا دروست بکا. ئێستا هەزاران کەس لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان پەیوەستی داعش بوون، کە لە دوو دەیە لەمەوبەر بە هیچ شێوەیەک دەرەتانی دروستبوونی ڕێکخراوی وەک داعش بوونی نەبوو کە توانای ڕاکێشانی ئەو پۆتانسیەلە ئینسانییەی لەسەرانسەری جیهاندا هەبێ. بە واتایەکی دیکە تیرۆریستەکانیش کەڵک لە دەرفەتی ڕاگواستنی خێرا و تۆڕی پەیوەندی بەرفراوان و خێرا وەردەگرن.

بردنەوەی شەڕ لە سەردەمی بەجیهانیبوون زیاتر لەوەی بەرهەمی بوێری و گیانفیدایی سەربازەکان بێ، بەرهەمی هەبوونی چەکی پێشکەوتوو و زانیاری وردە. هێزی هاوپەیمانان تاکوو ئێستا زیاتر لە ڕێگەی بۆمبارانکردن ڕووبەڕووی داعش بۆتەوە؛ واتە کەڵکی لە فڕۆکەی شەڕکەری پێشکەوتوو، فڕۆکەوانی خوێندەوار و زانیاری وردی سیستمی ڕاداری و ماهوارە وەرگرتووە.

### دیپلۆماسی لەسەردەمی بەجیهانیبوون

سیاسەت لە سەردەمی بەجیهانیبوون زۆر ئاڵۆزتر بووە، چونکە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان زۆر بەرفراوانتر و ئاڵۆزترە و هەروەها کۆمەڵێک ئەکتەری نادەوڵەتی ڕۆڵ دەگێڕن. لە جیهانی ئێستا دیاریکردنی ئەوەی کە چ شتێک بابەتێکی نێوخۆیی و چ شتێک بابەتێکی نێودەوڵەتییە زۆر دژوارتر بووە. لە پێشوودا دەوڵەتان تاکە ئەکتەری سیاسەتی نێودەوڵەتی بوون، بەڵام



ئێستا گرووپەکانی نێو وڵاتێک هەر کام بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەوڵەت یا وڵاتێکی دیکە دەگرن. بۆ نموونە بەشێک لە ئەندامی کۆماریخوازی کۆنگرەی ئەمریکا نامەیەکیان ئاراستەی ئێران کرد و باسیان لەوە کرد ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمریکا لە دوای تەواوبوونی خولی سەرۆک کۆماری ئۆباما ئیعتباری نابێ. ئەوە لەحاڵێکدا دەوڵەتی ئەمریکا کە دەوڵەتێکی دێموکراتیکیشە بەو واتایە پشتەستوورە بە دەنگی خەڵکی ئەمریکا، دەبێ نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی ئەمریکا لەبەرامبەر وڵاتانی دیکە و خەڵکی دیکەدا بکا. یان بەشێک لە نوێنەرانی کۆنەپارێزی مەجلیسی ئێران لە دژی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و ئەمریکا لیدوانیاندا و هەڵوێستیان گرت. لە ڕابردوودا پەیوەندی نێوان وڵاتان تارادەیەکی زۆر هەمان پەیوەندی نێوان دەوڵەتان بوو، کە لە ڕێگەی باڵوێزخانەکان و دیپلۆماتەکان ئەنجام دەدرا. ئێستا لە هاووڵاتیەک ڕا بگرە هەتا گرووپێکی بچووک لە خەڵکی وڵاتێک، دەتوانن کاریگەرییان بەسەر دەوڵەتان و خەڵکێکی دیکەدا هەبێ.

### ئەمنییەت لە سەردەمی بەجیهانیبوون

زۆرێک لە چەمکەکانی ڕابردوو گۆڕانی جیدیان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە لە ڕابردوودا کە باس لە تەناهی دەکرا زۆرتر مەبەست ڕۆڵی سوپا و پۆلیس لە دابینکردنی ئەمنییەتی فیزیکی و گیانی خەڵک بوو. سوپا دەبوا هاووڵاتیانی لەبەرامبەر هێرشی دەرەکی وڵاتێکی دیکە پاراستبا و پۆلیسیش دەبوا گیانی هاووڵاتیانی لە بەرامبەر چەتە و مرۆڤکوژەکان لە نێو سنووری نەتەوەییەکان پاراستبا. هەر بۆیە لە یادەوەری خەڵکدا شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی شەڕێکی خراپ بوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەو شەڕانەدا کوژران. بەڵام کەمتر خەڵک دەزانن کە لە ساڵی 1918، نزیک 18 میلیۆن کەس، واتە زۆر زیاتر لە ژمارەی قوربانیانی شەڕی یەکەمی جیهانی، بە هۆی نەخۆشییەکی ئانفلانزا گیانیان لەدەست دا. ڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەمنییەت لە ڕابردوودا ڕوانینێکی نەتەوەیی بوو، نەک ڕوانینێکی جیهانی و مرۆیی. ئێستا دەوڵەتان ناچارن لە بواری تەندروستی و پزیشکی هاوکاری یەکتر بکەن، تا پێش بە بڵاوبوونەوەی هێندێک ڤایرۆس بگرن. لە ساڵی 1980 بەملاوە کە ڤایرۆسی ئایدز (HIV) پێناسە کرا، زیاتر لە 20 میلیۆن کەس بە هۆی تووشبوون بە ئایدز گیانیان لە دەست داوە و 40 میلیۆن کەسیش گیرۆدەی ئەو ڤایرۆسە بوون (Nye). بەو پێیە پێناسەی ئەمنییەت لەسەردەمی بەجیهانیبوون پێناسەیەکی زۆر ئاڵۆزتر و جیهانیتری بەخۆیەوە گرتووە.

### ئاکام گیری

بەجیهانیبوون ئاماژەیە بە پەیوەندی و لێکگرێدراوی بێ وێنەی دەوڵەتان، خەڵک، کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە یەکتر. لەگەڵ پەیوەندی بەرفراوانیش چەشنێک لە پێکەوەبەستراوەیی و ئاڵۆزی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان دروست بووە. دوکتور سەریح القلم لە وتارەکەی "سیاستمەدار کیست؟"دا دەڵێ: گرینگترین تایبەتمەندیی سیاسەتمەدارێک ئاگادار بوون لە باروودۆخی وڵات و ئاگاداربوون لە هەلومەرجی نێودەوڵەتییە. بە وتەی سەریح القلم، سیاسەتمەدار لە سەردەمی بەجیهانیبوون دەبێ لە چەند زمانی نێودەوڵەتی شارەزایی هەبێ. ئەگەر سیاسەتمەدارێک لە سەردەمی بەجیهانیبوون لە فەزای نوێی سیاسەتی جیهانی تێنەگا، ناتوانی پارێزگاری لە بەرژەوەندی گرووپەکەشی لە جیهانێکی زۆر ئاڵۆزتر بکا و بەرەوپێشی بەرێ. سیاسەتمەدارێکی ساویلکە بە هەر بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی بی بی سی، ئەلجەزیرە و ... هەڵدەخەڵەتێ و تووشی چەشنێک لە کەفوکوڵ و کاڵفامی سیاسی دەبێ.

### سەرچاوەکان


Sources:

Nye, Joseph S, David Welch, and Joseph S Nye. 2014. Understanding Global Conflict and Cooperation : an Introduction to Theory and History.

The Economist Online. "Biggest Transnational Companies" from the link:

http://www.economist.com/blogs/graphicdetail/2012/07/focus-1

Internet Users from www.internetlivestate.come

Facebook: 10years of social networking in numbers from the link:

http://www.theguardian.com/news/datablog/2014/feb/04/facebook-in-numbers-statistics

سیاستمدار کیست؟ به قلم دکتر محمود سریع القلم

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٥٨

٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٤

٢١ی ژوئەنی ٢٠١٥

# وەکوو سروەی بەیانانی بەهاری..



عەلی لەیلاخ

ئەگەر بمانهەوێت سەرنجێک بدەین بە ڕەوتی ئەدەب وفەرهەنگی کوردی لە و بەشەی کوردستان واتە رۆژهەڵات.بە تایبەتی لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، بێگومان دەیەی 70ی هەتاویی هەڵکشانێک دەبینین کە وەکوو بزاڤێک زۆربەی شاروگوندەکانی رۆژهەڵات دەگرێتەوە ،چ لە بەشداریی بەرچاو و هاتنە مەیدانی بەرەیەکی نوێ لە قەڵەم بەدەستان ونووسەران،چ لە رێژەی بەشداری وپێشوازی خەڵک لە فێرگەکانی خوێندن ونووسین بە زمانی زگماکی. گرینگیدان بە زمان و ئەدەبی نەتەوەیی کە زیاتر وەکوو مەتەرێزێک بۆ بەربەرەکانی و پەرچەکردا نیشاندانێکە بەرانبەر بە سیاسەتی دەیان وبگرە سەدان ساڵەی دەسەڵاتی باڵا لە ئێران بە نیسبەت کوردەکان. هەرلەم روانگەوە ئەنجومەن ورێکخراوە مەدەنییەکان خەباتێکی نەرم وپڕ دەسکەوت وەرێ دەخەن و دەتوانن بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کاریگەرییان هەبێ و کە ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

بە گوتار بوونی ناسیونالیزمی کوردی لە ئێران و بەرجەستەبوونی ویست وداوا نەتەوەییەکان لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران ئەگەرچی لە سەرەتاکان لاواز ببوو هەروەها دوای هەرەس هێنانی دانوستانی لایەنە سیاسییەکانی کورد لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی وهەڵگیرسانی شەڕی نەخوازراو،بەرەبەرە دوای کپ بوونی دەنگی چەکی حەقخوازانە دیالۆگی شاخ وخەباتی رەوا،لە رەوتی گەشەی فەرهەنگ نەتەوەکەی هەمیشە لە مەیداندا بوو لەوەی دڵنیا بوون کە کێڵگەی خزمەت بە کلتوور وفەرهەنگ هەرچەند ماندوو بوونی هەیە، بەڵام خەرمانی بە پیت وبەرەکەتیشی دەبێ.لێرەدا بەپێویستی دەزانم بە وئەدەب وچالاکیی مافخوازانەی ناو شاردەبینین. کە وەک ئاماژەمان پێدا دەیەی 70بە رێنسانێک لەمەبارەوە ناودێر کراوە.

بە لێوردبوونەوەیەکی سادەش دەردەکەوێ کە بەستێن وزەمینەی ئەم شۆرشە نەپساوەو پرخزمەتە فەرهەنگییە،لەکۆتایی دەهەی 50و سەرەتاکانی دەهەی هەستیاری 60دا دەبینینەوە. داری نەتەوەخوازی کورد لە رۆژهەڵات ئەگەرچی لە خاکی خوێنرەنگی خەباتی دەیان ساڵەی گەلی کورد رەگ وریشەی داکوتاوە بەڵام بە هەڵکردنی شنەی "سروە"ی قەراخی گۆلی ورمێ کە بە هیمەت و زەحمەتی کەسانێک وەکوو"مامۆستا هێمن وکاک ئەحمەدی قازی"و دەیان کەسی دیکە لە بەوپەرێ لەمپەر و گیروگرفتەوە گیانێکی تازەو نوێ دەبەخشن بەجەستەی هیلاک و هەڵپڕووکاوی کۆمەڵگەی کوردستانی لە ئێران. رەنگە گەشەونەشەی چاپەمەنی کوردی هۆکارگەلێکی دیکەشی هەبێت لە دەیەی70کاندا،بەڵام بە جورعەتەوە دەتوانین بڵێن:ئەم دەسکەوتە بەشێکی زۆری هی ماندوویی وخەمخۆری ئەوقەڵەمە دەروەستانەیە کە لەژێرچاوەدێری سانسۆری رەشی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وبێ ئینسافی هێندێک لایەنی کوردی! ( کە لە کاتی خۆی تانەو توانچی نابەجێیان دەخستە پاڵ ئەوکەسانە) خەمسارد ودڵسارد نەبوون لە ناوەندی چاپەمەنی سەلاحەددین ئەیوبی" و بە دەرکردنی گۆڤاری رەنگین ونەخشینی "سروە" ،درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا، کە هەم کتێبخانەی کوردییان پێڕازاندوە هەم دەیان قەڵەم بەدەستی خاوەن بیروهزری نەتەوەییان بارهێنا.. چونکە کەسانێک وەکوو ئەحمەدی قازی کە بۆ خۆی بە نیسبەت نیشانەی وەفا،ئاورێک لە سەربردەی ئەو قەڵەم بەدەستە کۆچ کردووە بدەینەوە:

ئەحمەدی قازی کەسایەتێکی فرە رەهەند و ناسراوی کورد لە دایکبووی ساڵی 1315ی هەتاوی دوای ئەوەی کە لەسەر داوای پێشەوا قازی موحەمەد ماڵیان لە گوندی "قازیاوا" دەچێتە شاری مەهابادو باوکی مەحکمەی شار وە ئەستۆدەگرێت خوێندنی سەرەتایی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار دەسپێدەکات وهەتا لە ساڵی 1337ی هەتاوی لیسانسی زمان وئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکۆی تاران وەردەگرێ. ماوەی نزیک بە چوار ساڵ دەبێتە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگی شاری بۆکان وهەروەها مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە. ئەحمەدی قازی لە ساڵی ١٣٤١بە هۆی ئەندام بوونی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێوەندیی لە گەڵ شۆرشی ئەیلوولی باشوور لە مامۆستایەتی وەلا دەخرێ وماوەی چوارساڵ دەخرێتە زیندانەوە،هەر لە زیندان یەکەم بەرهەمی خۆی "شب بی پایان"کە رۆمانێکی ئینگلیزیە دەکات فارسی و دوای کۆچی مامۆستا هێمن بۆ ماوەی 22ساڵ لە گۆڤاری "سروە"کار دەکات.

ئەوەی کە لە ژیانی ئەم نووسەرە شۆرشگێرە جێگای سەرنجە ،هێمن وتەنی: هەتاکوو دواپشوو رێبواری رێگەی عێشق وئازادی بوو"لە هەر رێگایەکەوە توانیویەتی خزمەتی بە گەل ونیشتمان کردوە چ ئەوکات کە راوێژکارێکی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدا هەتا کێشەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران لە لوولەی تفەنگەوە بگوازێتەوە بۆ سەر میزی دیالۆگ و وتووێژ چ ئەوکات کە تێدەگات دەسەڵاتی توتالیتەری کۆماری ئیسلامی دان بە مافی گەلان لە ئێران "ناهێنێ وبەڵام لە هەوڵی سەرخستن وبەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی دڵسارد نابێ بەڵکوو لە رێگەی چاپ ووەشانی کوردیەوە ئەو خزمەتە بەپیزە دەکات کە ئێستا ئاکام ودەرنجامەکانی دەبینین.چ وەکوو تاک کە خاوەنی دەیان بەرهەمی نووسین و وەرگێرانە. هەروەها مامۆستایەکی هەڵسوور بوو لە قوتابخانەی "سروە".

رەنگە جێگای نووسەرانێکی خەمخۆروپسپۆر وەکوو کاک ئەحمەدقازی وکاک ئەحمەد شەریفی ومارف ئاغایی و... سەرجەم رچەشکێن و رێگەخۆشکەرەکانی ئەلفوبێی کوردی بە بە تاڵی نەمێنێتەوە بەڵام جێپەنجەوکاریگەرییان بەسەر ئەدەبی کوردی وهەستی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەڵات بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. یادوناویان بە ناز ونیاز.

ئەم کەڵە نووسەرە لە ماوەی ژیانی ئەدەبی خۆیدا چەندین شاکاری ئەدەبی جیهان وەکوو "دۆن کیشۆت" و"گێل گەمێش"ی وەرگێراوەتەوە بۆ سەر زمانی کوردی و دەیان بەرهەمی دیکەی بە یادگار بە جێهێشتووە



بەرهەمی کوردی:باقەبێن، رێنووسی زمانی کوردی بە دوو زمان،کۆکردنەوەی دیوانی سەیفولقۆزات،وەرگیرانی دیوانی سەیروسەمەرە،کتک(پشیلە)ومشک.

ئاسەواری فارسی؛نسل اژدها،کوهسار حقیقت،دوقلوهای عجیب، عصرغول ها، صدام وبحران خلیج، ژانی گەل(وەرگێرانێک لە کوردیەوە بۆ فارسی)،خلاصه تاریخ کردستان و...هتد

ئەم نووسەرە خۆشناووناسراوە لە رێکەوتی١٧ی جۆزەردان بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد،شایانی باسە چەند رۆژدوای ئەم کۆستە لە رۆژی٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٤هەتاوی رۆژنامەنووس ومێژوونناسی بەخزمەتی دیکەی کورد، هاوکاری لە مێژینەی بڵاوکراوە کوردییەکان"سروە"،"مەهاباد"،ئاوێنە"... کاک ئەحمەدی شەریفی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.کە لە دەستدانی ئەم دوو نووسەرورۆژنامەوانە لە ماوەیەکی کەم و بەدوای یەکدا خەسارێکی گەورەیە لە بزاڤی چاپەمەنی کوردی،هیواخوازین بە هیمەتی قوتابییانیان ئەو کەلێنە پڕ بکرێتەوە.

......................

**ژێدەر:ماڵپەری کوردستانی نوێ، پێشەکی دیوانی مارف ئاغایی.**



ژوانگەی خۆر

# دەقی درێژ و دەقی کورت!



ئەرسەلان چەڵەبی

بەردەوام لە چەند دەهەی ڕابردوو تا دەگاتە ئێستا دەقە ئەدەبییەکانی هەموو جیهان بەرەو کورتبوونەوە دەچێ و زۆر بە کەمی چاومان بە دەقی درێژ دەکەوێ لە ناو هەموو بەشەکانی ئەدەبیات دا، واتە خوێنەری سەردەم و ژیانی ئێستای کۆمەڵگاکان دەرفەت و هەلی ساڵانی ڕابردووی بۆ مرۆڤی خوێنەر نەهێشتۆتەوە کە رۆمانێکی درێژی وەک رۆمانە کلاسیکەکانی پێشوو بخوێنێتەوە، هەر لەو سۆنگەیەوە زۆربەی دەقەکانی رۆژی وڵاتانی جیهان بەرەو کورتبوونەوە دەڕوا و دیارە ئەدەبیاتی کوردیش لەو باسە بێبەری نییە بەڵام ئەو راستییە زۆر بە کەمی لە ناو مێشکی بەشێکی بەرچاو لە نووسەرانی کورد رەنگی داوەتەوە. هەر بۆیە لە ئێستا دا بەردەوام دەقی درێژ و بێ ئاکام بڵاو دەبێتەوە.

کاتێک شاعیرێک دەست دەکا بە نووسینی شێعرێکی درێژ، یان زۆر جاریش یەک کتێب خاوەنی یەک شێعری درێژ دەبێ و بڵاو دەبێتەوە بە دڵنیاییەوە کاری ئەو شاعیرە ئەستەمتر و هەستیارتر دەکاتەوە، واتە یەکدەست بوون و یەکپارچەیی شێعر گرینگترین تەوەرەی شێعرێکی درێژە. واتە چ لە باری مانایی و چ لە باری فۆڕمی و وێنە و...هتد، دەبێ ئەو شێعرە تەواو یەکدەست و یەکپارچە بێ و لە سەرەتا تا کۆتایی شێعر دەبێ هێڵێکی مانایی و فیکری سەرجەم شێعرەکە بە یەکەوە گرێ بدا. «هونەر لە ئاکامدا بە مانای یەکپارچەییە، گەڕان بە شوێن نەزمە،» بە دڵنیاییەوە گەیشتن بەو یەکپارچەییە سەررێژ لە چێژە، یانی ئەوەی کە بە ڕەچاو گرتنی یەکیەتی و پەیوەندی و جێگای تایبەت و بەرچاوی هەر وشەیەک لە شوێنی خۆی خوێنەر دەگەیەنێتە شێعرێکی یەکپارچە و سەرکەوتوو. لە شێعرێکی درێژی سەرکەوتوو و یەکپارچە دا هیچ شتێک زۆر یان کەم نییە، هەر بەش لە شێعرێکدا پەیوەندی بەو جێگایەوەیە کە لێی جێگیر بووە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانین جێگاکەی بگۆڕین، واتە لە شێعرێکی درێژ و سەرکەتوو دا ناتوانین جێگای دێڕێک لە گەڵ دێرێکی کە یان وشەیەک لە گەڵ وشەیەکی کە بگۆڕین، چۆن بە دڵنیاییەوە شێعرەکە لە باری ماناییەوە تێک دەچێ و ناحەز دەبێ و ئەو کاریگەرییەی نامێنێ. لە ڕاستیدا لە شێعرێکی درێژی تەواو سەرکەوتوو و شاعیرانە دا کە رۆحی شێعری تێدا بەدی دەکرێ هەست دەکەین کە هەڵبژاردنی وشەکان بە شێوازێکی تەواو شاعیرانە و شارەزایانە کراوە.

هەر کەس بە وردی و بە پێی توانا و دەرفەت شێعری وڵاتانی جیهانی خوێندبێتەوە بە دڵنیاییەوە شێعری کەڵە شاعیرانێکی وەکوو: ئۆکتاو یۆپاز، گاوین بێنتاک، تی ئێس ئێلیوت و بە تایبەت نزیکتر لە خۆمان وەکوو شیرکۆ بێکەس و سوارە ئیلخانیزادە...، کەوتۆتە بەر چاو و خوێندوویەتەوە. کاتێک کە شێعری «بەردی هەتاو»ی «ئۆکتاو یوپاز» یان شێعری «ئیکوور»ی «گاوین بێنتاک» دەخوێنییەوە تەواو ئەو یەکپارچەیی مانایی و فۆڕمییە بەر چاو دەکەوێ و تۆی خوێنەر ناتوانی ئاڵ و گۆڕی بە وشە یان دێڕێک بکەی لەو شێعرەدا، واتە سەرجەم شێعرەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی خاوەنی مانا و وێنە و فۆڕمێکی تایبەتە و شاعیر بە شێوەیەکی تەواو شاعیرانە و وردبینانە دەوری لە سەر گێراوە. یان کاتێک کە شێعری «دەربەندی پەپوولە»ی شێرکۆ بێکەس یان «خەوە بەردینەی» سوارە ئیلخانیزادە دەخوێنییەوە بە هەمان شێوە لە گەڵ یەکپارچەییەکی تەواو شاعیرانە بەرەوڕوو دەبییەوە و لە سەرەتا تا کۆتایی شێعرەکە خوێنەر سەرقاڵی یەک مانا و هزر و گێڕانەوە دەکا کە لە شێعرەکەی دا بوونی هەیە. واتە خوێنەر بە باشی بە شوێن ڕووداوەکان و گێڕانەوەی شاعیر دا دەڕوا و تووشی پچڕ پچڕ بوون لە شێعرەکە دا نابێ.

.............................................................................

.........................................................

.......................................

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:658 june 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com





لە خاکی من سەدان مەنسووری حەلاج
لەسەر حەق و ئەنەلحەق،،چوونە سەردار
سەدان کیژ و کوڕی ئەو نیشتمانە
لە پێناو حەق،،بە ناحەق ،،چوونە سەردار
لە خاکی من ،،سەدان مەنسووری حەلاج
لە عەرشی حەق تەعالا ،ڕادەوستن
بە ئێسک و گۆشت و پێست و گیان و ڕوحیان
لە خوێن سەدێکی والا هەڵدەبەستن
لە خاکی من سەدان مەنسووری حەلاج
لە ژێربالی فریشتەی شوومی مەرگا
خەلاتی سوور وکفنی ئارەزۆکان
دەکەن بەو نەقشی لەوحەی جلک و بەرگا
لە خاکی من سەدان مەنسووری حەلاج
بەرامبەر مردنیش ئازا و بوێرن
بە قەترە قەترە خوێنی پاکی خۆیان
نەمام و خەڵفی ئازادی دەدێرن

**خاڵە قازی**

**کوردستان**

## بەیاننامەی ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی کورد لە پێوەندیی لەگەڵ ئێعدام کردنی مەنسوور ئاڕوەند

ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان: ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانی مەهاباد بە بۆنەی ئێعدام کرانی مەنسووری ئاروەند زیندانیی سیاسیی کورد بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە دەقی بەیاننامەکە بەم جۆرەیە:

چی ئەکەی ئەو کاتەی کە مردن سەربازی دەوڵەت بێ و تویش
لە کێو، درەختی قەڵەم بی ؟
چی ئەکەی ئەو وەقتەی کە شانۆت.
پەنگەر بێت، گوێگرت تفەنگ بێت؟!
(شێرکۆ بێکەس )

مێژووی وڵاتەکەمان تێکەڵ بووە لەگەڵ پەتوسێدارەو گوللەو خوێن، ئێمە رۆڵەکانی ئەو کولتورەین کە بە خوێنی ئازیزترین رولەکانی وڵاتەکەمان نەخشێندراوە. زیاتر لە یەک سەدەیە خەونەکانمان، ئاوات و خولیاکانمان بە چەکمەی رەشی داگیرکەران و دیکتاتورکانەوە دەناڵێنن.

ئێمە بە دەنگی قیژەو دەنگی دایکە دڵسوتاوەکانی نیشتمانمان پەروەردە بووین، تینویەتیمان هەر بە ئەو دەنکە فرمێسکانە شکاوە کە لە چاوی دایکان و باوکانی گیانبەختووەکانمان رژاوەتە خوارێ. کەی ئەترسین لە پەتی رەزیوی سێدارە، کێ ئەتوانێت پەت بخاتە گەردەنی باوەرمان، کوا مەنسوورەکان پاک ئەبنەوە لە دلی ئێمە و نیشتمان، قۆر بە سەر ئەو دۆژمنەی هیوایی پەتی سێدارەیە

چەند رۆژێکە هەواڵی لە سێدارەدانی هاورێ ئازیز و خۆڕاگرمان مەنسوور ئاروەند دڵی هاونیشتمانانمانی بۆ جاری هەزارەمین هەژاندووە بەڵام هاورێ مەنسوور تەنیا جەستەی لە لامان نەماوە، لەمەو بەدواوە خەونەکانمان هەر هەمان خەونە کە مەنسووری دەیبینی، ئەوینەکانمان هەر هەمان ئەوینە کە مەنسوور ئەوینداری بوو، باوەرەکانمان هەر هەمان باوەرەو. روحی مەنسوور ئێستاکە تێکەڵ بوو لەگەڵ رۆحمان و لە ئەمرۆ بە دواوە ئێمە هەموومان مەسنوورین.

لە کۆتاییدا سەری رێز دادەنوێنین بۆ هاورێ سەربەرزمان و بلێن دوبارە دەکەینەوە لەگەڵ باورە پیرۆزەکانی و هاوخەمی خۆمان دەردەبرین لەگەڵ بنەماڵەی بەرێزی.

یادی بەرز و پڕ رێرەو بێت
٢٧ جۆزەردان ٢٧١٥ کوردی
**زیندانیانی سیاسی کوردی زیندانی مەهاباد**
**مۆحسن رەمەزانی، ئەحمەد خاوەندی، ئەسکەندەر بەردەریزە، عەلیرزا رەسووڵی، عەبدولرەحمان رمەزانی، فارۆق سامانی، هاورێ غەزاڵی، خێزر رەسوڵ مروەت، جەماڵ قادرنێژاد، سەید حۆسەین پورمۆستەفا ئەقدەم، یەحیا فەرهانی، یونێس رەسوڵعولیا، واحێد سەیەدە، یوسێف ئابخەرابات، سیامەند کراوە، ئێدریس عەزیزپوور، عۆمەر مۆنەزەمیراد، چالاک کوردە، هێمن حۆسەینزادە، عەبدوڵرەحمان مەعروفی**

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ئەحمەدی قازی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە، ١٩ ی جۆزەردان بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیو ئەدەبیو ئیداریی شاری کۆیەو عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەدو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، یادو بیرەوەریی مامۆستا ئەحمەد قازی بەرز ڕاگیراو ڕێز لە خزمەتو تێکۆشانە سیاسیو ئەدەبییەکەی ئەو گەورە پیاوەی کورد نرا.

لە سەرەتای ئەو کۆڕیادەدا پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی مەرگی کاک ئەحمەدی قازی، لەلایەن سەرگوڵ شابازی، بەڕێوەبەری کۆڕیادەکە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ژیانو خزمەتەکانی کاک ئەحمەد قازی بۆ بەشداران دوا، کە دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لاپەڕی ٤ دایە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا پەیامی کۆمەڵێک لە حیزبو ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان بەو بۆنەیە خوێندرانەوە.

کۆڕیادی ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریو خزمەتو تێکۆشانی مامۆستا ئەحمەد قازی بە خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن مامۆستا غەریب پشدەری کۆتایی پێهات.

بەر لە ماڵاوایی

## تەنیا سەرپۆشە سپییەکەت بەسە بۆ هێمای خۆڕاگری!



**کوێستان فتوحی**

دڕندەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەگەر هەر ورەی دایکێکی وەک وەک دایکی مەنسووری ئاروەند بتوانێ تەحەمولی بکا...

بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی جۆزەردان، مەنسوور ئاروەند، زیندانیی سیاسیی ناسراو و ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەندیخانەی میاندواو ئێعدام کرا و پاش ئەوەی هەواڵ بە بنەماڵەکەی دەدرێ، داوای جەنازەی کوڕەکەیان لە لە ڕێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی دەکەنەوە. بەڵام وەک هەموو جارەکانی دیکە کە جەنازەی زیندانییە سیاسییە ئێعدامکراوەکان بە بنەماڵەکانیان نادرێتەوە و تەنانەت گلکۆکەشیان بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، دایە خەدیجە دایکی شەهید مەنسووری ئاروەند کە هەر ئەو چاوەڕوانییەش لە دایکێکی نیشتمانپەروەری کورد دەکرێ گوتبووی: **« لێگەڕێن، ئەگەر تەرمی مەنسووریشم نەدەنەوە، گرینگ ئەوەیە بە سەربەرزی لە ئامێزی خاکی نیشتمانەکەیدا ئارامی گرتووە، ئەو نیشتمانەی مەنسوور بۆ ئەو ژیا و بۆ ئەو بەسەربەرزی مرد...»**

ئەگەر لەم دێرەی دایکی مەنسووری شەهید ورد بینەوە، دوو پەیامی گرنگی تێدایە، پەیامێک پڕ لە غروور و وەرەی بەرز بۆ رۆڵەکانی کوردە دەڵێ، ئێوە کە لە ڕێی نیشتمان و نەتەوەکاتان دا خەبات دەکەن و گیان دەبەخشن، گەورەترین شانازین بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەتان، ئێوە سەربەرزن و نیشتمان بە شانازییەوە لە ئامێزتان دەگرێ. بۆ ڕێژیمی دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامییش ئەو پەیامەی تێدایە کە: دوژمنی دڵرەش خەیاڵت خاوە! بەم سیاسەتە دژی ئینسانییەت، ئێمەی نیشتمانپەروەر ورەمان ناڕووخێ! ئێوە کە بناغەی دەسەڵاتەکەتان لەسەر سڕینەوە و سەرکوتی موخالیفانتان داناوە، دڵنیا بن ئەگەر مەنسوورێکمان لێ دەستێنن، دەیان ڕۆڵەی وەک مەنسووری ئازادیخواز ڕێگاکەی بێ ڕێبوار نایەڵنەوە و ئاڵای دەستی مەنسوورە شەهیدەکان بە شەکاوەیی ڕادەگرن!

کۆماری ئیسلامی ئەگەر ڕاستییەکانی دیتبایە دەبوو لە پەیامی دایکی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی تێبگەیشتایە، بەڵام بەداخەوە هەرگیز تێناگا. مێژووی ٣٦ ساڵەی دەسەڵاتەکەتەکەشیان ئەوەیان پێ دەڵێ، کە هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتەکەتانەوە ویستتان بە گیانی ڕۆڵەئازادیخوازەکانی ئێران و کوردستان دیواری دیکتاتۆرییەتیان قایمتر بکەن، بەڵام کەی دڵنیا دەبن لەوەی کە هەتا دایکی وەک دایکی مەنسوور و فەرزادەکان هەبن، کوردستان و ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد هەر بە شکاوەیی دەمێنێتەوە و ئێوەش بەئاسوودەیی لەسەر حوکم و دەسەڵات نابن!

مەنسوورەکان دایکی وەک دایە خەدیجەیان هەیە بۆیە بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە لە نێو زیندانەکانیشدا دەست لە خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری نەتەوەکەیان هەڵ ناگرن. مەنسوور و فەرزاد و فەرهاد و شیرینەکان دایکی وەک دایە خەدیجە و دایە سەڵتەنەیان هەیە بۆیە بە شانازییەوە بەرەوپەرتی سێدارە دەڕۆن. ئەو هەستی هاودەردییەی ئەمڕۆ لە لایەن دایکانی تێکۆشەرانی نێو زیندانەکان و ڕۆلە گیانفیداکانی کوردستان لەگەڵ دایکی مەنسسوری ئاروەند جارێکی دیکە ئەوە بە هەموو لایەک دەسەلمێنێتەوە، کوردستان سەر نەوی ناکات بۆ ئازادیکوژان، هەروەک دایکانی شەهید کە بۆ هاودەردی چووبوونە سەردانی بنەماڵە سەربەرزەکەی مەنسووری ئاروەند، دروشمیان دەدا شەهید نامرێ، شەهید نامرێ! ئێمەش دەڵێین هەتا ئێوەی خۆڕاگر و بەورە هەبن کوردستان هەر بەسەربەرزی و خۆڕاگری دەمێنێتەوە!

خۆڕاگری و گیانفیدایی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ورەی بەرزی دایک و خوشک و هاوسەرە بەجەرگەکانیان ئەگەر هی کورد نەبوونایە بە هەزاران ڕۆمانی لەخۆ دەگرت. بەڵام بەداخەوە زۆرکەس و لایەن زۆر سادە بەلای وتەکانی ئەم دایکانەدا تێدەپەڕن، لە حالێک دا هەر ئازادیخوازێکی کورد و هەر حیزبێکی سیاسیی کورد دەبێ وشە بە وشەیان بکاتە چرای ڕێگای تێکۆشانی خۆیان.

کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە سێ دەیەیە جگەلەوەی زیندانیانی سیاسی و ئازادیخوازن پۆل پۆل لەناو دەبا، نە جەنازەیان دەداتەوە دەست بنەماڵەکانیان، نە ڕێگە دەدا ڕێورەسمی پرسەیان بۆ دابنرێ و تەنانەت ئاسەوارێک لە گلکۆیان دیار نیە. ئەمە دەردێکی بەئازارە و مەگەر تواناییەکی لەرادەبەرت هەبێ بتوانی لەگەڵ ئەم دەردە رابێی یان تەحەمولی بکەی هەروەک بەخۆشییەوە ئەم توانییە لە بنەماڵەی شەهیدەکانمان‌دا هەیە.

چ شتێک دەتوانێ سێبووری بە دڵی ئەم دایکانە بدا؟

دایکی مەنسوور و هەموو شەهیدانی کوردستان یەکریزی و یەکهەڵوێستی هێزو لایەنە خەباتکارەکانی کوردستانیان دەوێ لە ئاست دوژمنێکی بێبەری لەهەرچەشنە بەهایەکی مرۆیی و بێ‌پرنسیپی وەک کۆماری ئیسلامی‌دا.

سڵاو لە شەهیدان و بنەماڵە و بە تایبەتی دایکە سەربەرزەکانیان.